

# لە جەنگێکی بەرفراواندا بارزانی شەڕەکانی بردەوە



**هیمن هەورامی***

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

باشووری کوردستان لە جەنگێکی بەردەوامدایە بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی. ستراتیژیی بەرەو دەوڵەت بردنی کوردستان و پیادەکردنی ئەو مافە سروشتییە بە شێوازیکی ئاشتییانەی دوور لە توندوتیژی، ئامانجە Objective نەك خەون Dream . وتەیەکی ئینگلیزی هەیە: To Win the War، you Should not lose the Battles واتە بۆ ئەوەی جەنگ ببەیتەوە، دەبێت شەڕەکان نەدۆڕێنی.

**● قۆناغە هاوتەریبەکان**

ئەگەر جەنگ، سیاسەت بێت بە ئامرازێکی دیکە، کەواتە میللەتی ئێمە بەردەوام لە جەنگێکدایە بۆ ئەوەی مافی سروشتی دروستکردنی دەوڵەتی خۆی بەدەست بهێنێت. ئەم جەنگەش لە کۆمەڵێك شەڕی بەردەوام پێکهاتووە و بەرەکانی جیاوازن. سەرخستنی راپەڕینی پیرۆزی گەلی کوردستان لە ئاداری ١٩٩١ و دەستپێکردنی پرۆسەی نیشتمانسازی Nation Building و هەنگاو بە هەنگاو سەرخستنی قۆناغەکانی پرۆسەی گواستنەوە بەرەو دیموکراسیەت Transition In To Democracy و چوونە ناو پرۆسەی چەسپاندن و بەهێزترکردنی پێکهاتە و دامەزراوەکانی دیموکراسییەکانی کوردستان Consolidating Democracy پرۆسەیەکی بەردەوامە. هەموو ئەم قۆناغانەش هاوتەریب لەگەڵ بەردەوامیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانیدایە، چونکە رزگارکردنی بست بە بستی باشووری کوردستان و چەسپاندنی دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی هەرێمی کوردستان و راگەیاندن و پاراستن و وەرگرتنی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە کیانی سەربەخۆی باشووری کوردستان، ئینجا کۆتایی بەو قۆناغە دەهێنێت. لێرەوەیە کە کەیسی هەرێمی کوردستان، وەك کەیسێکی ناوازە لە ناو زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لێی دەڕواندرێت، چونکە تاکە شوێنی دنیایە، لە یەك کاتدا لە سێ پرۆسەی هاوتەریبدا بێت (نیشتمانسازی Nation Building، - گواستنەوەو بەرەو دەیموکراسیەت و چەسپاندنی دامەزراوەو کەلتوور و میکانیزمەکانی دیموکراسی – خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی). سیاسەتی سەرۆك بارزانی، وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەم گەلە، لە سەر بنەمای (مانەوەی کوردستان و پەرەپێدان و پێشخستنی Survival and Development و بەرەو بەدیهێنانی مافی چارەنووس بووە. بە وردبوونەوەیەکی ورد لە پانۆرامای لێدوان و هەڵوێست و پراکتیکی سیاسی و دیپلۆماسی سەرۆك بارزانی، دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە سەرۆك بارزانی بۆ بردنەوەی جەنگە گەورەکە، پێویستی بە بردنەوەی شەڕە جیاجیاکان و بەرە جیاجیاکان بووە.

**● گەورەترین هەڕەشە**

لە دوای ئەنفال و کیمیابارانەوە، شەڕی تیرۆریستانی داعش، گەورەترین مەترسی بووە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و هەڕەشەیەکی گەورەش بووە لە سەر مانەوەو گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان. جارێ زووە قسە لەسەر ئەوە بکرێ کە کێ و چۆن داعشی هاندا لە ئۆگۆستی ٢٠١٤ پەلاماری کوردستان بدات، بەڵام وەڵامی ئەوەی کە بۆچی پەلاماری کوردستانیدا زۆر ئاسانە. کۆنتێکست و کاتی پەلامارەکانی داعش بۆ کوردستان رێك لەو کاتانەدا بوو کە سەرۆك بارزانی پرۆسەی سازدانی ریفراندۆمی بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووسی کوردستانی بردە پەرلەمان و داوای دامەرزاندنی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کرد. هەموو ئەوانەی کە نایانەوێت کورد بەو مافەی خۆی بگات، سوودمەندی پەلامارەکانی داعش بوون بۆ سەر کوردستان. پێیانوابوو کورد تووشی شەڕێکی زۆر زۆر درێژخایەن دەکەن، تووشی شەڕی داچۆڕینی تواناکان و هەڵتەکاندنی دەکەن War Of Attrition، تەرکیز و توانای بۆ پیادەکردنی ئەو ئامانجەی لاواز دەکەن، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە بندەستی کورد دەردەهێننەوەو قووڵایی ستراتیژیی باشووری کوردستان کەم دەکەنەوە!

**● ئیرادەی پۆڵایین**

بەڵام حیساباتی ئەوان بۆ ئیرادەی پۆڵایینی سەرۆك بارزانی و رۆحی بەرگریی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و توانای دیپلۆماسیی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان، راست دەرنەچوو، سەرۆك بارزانی بە حوکمی پێگەی کاریزماتیکی خۆی، وەك درێژەپێدەری رابەرایەتی بارزانی نەمر بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لەم شەڕەشدا سەرکەوتووانە لێی هاتەدەرەوە. ئەگەر بە تەنها شەڕی تیرۆریستانی داعش بە نموونە وەربگرین، لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو، واتە لەمانگی ٢٠١٤/٦ تا ئەمرۆ ٢٠١٤/١٢/٢٩ سەرکەوتنەکانی بارزانی لە بەرە جیاجیاکانی شەڕەکانی جەنگە گەورەکەدا دیار و بەرچاون.

**● سێ ستراتیژ**

لە سەرەتای پەلامارەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سەرۆك بارزانی توانی بە ورەیەکی پۆڵایینی گەورەوە شانبەشانی هەموو هێزە سیاسییە تیکۆشەرەکانی گەلەکەمان و پێشمەرگە قارەمانەکان ستراتیژێکی سێ خاڵی جەوهەری دابڕێژێت و وردە وردە دەست بە جێبەجێکردنیان بکات:

● ستراتیژی وەستاندنی پێشڕەوییەکانی داعش.

● ستراتیژی دەرکردنی داعش لەو شوێنانەی کوردستان کە داگیریان کردبوون.

**سەرۆک بارزانی بە حوکمی پێگەی کاریزماتیکی خۆی، وەک درێژەپێدەری رابەرایەتی بارزانی نەمر بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لەم شەڕەشدا سەرکەوتووانە لێی هاتەدەرەوە**

**ئەوانەی باسیان لە جیاکردنەوەی شنگال و خانەقین و کەرکووک لە باشووری کوردستان دەکرد، بە بیانووی ئیدارەی خۆسەری بۆ ئەو ناوچانە، خەنجەریان لە پشتی ئەو یەکریزییە نەتەوەییە دا کە پاش چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی و رێککەوتنی لایەنەکانی رۆژئاوا لە دهۆک هاتەئارا**

**لە ٣١-١-٢٠١٤ بڕیاربوو سەرۆک بارزانی لە کۆشکی سپی ئۆباما ببینێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە تا ئەو کات بەڵێنەکەی ئەمریکا نەچووبووە سەر و پارتی و یەکێتی لەو لیستە رەشە دەرنەهێنابوو، بۆیە سەرۆک بارزانی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا هەڵوەشاندەوە**



**ئێستا کورد لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژووی خۆیدا، لە جەنگی بەرەو سەربەخۆیی زیاتر شەڕەکانی بردۆتەوە و بەردەوامیی ئەم یەکریزی و سەرکەوتنانەش مسۆگەری بردنەوەی جەنگە گەورەکەیە**

● پشـــتیوانیکردن لەهەر هێز و لایەك کە شـــەڕی داعش بکات و سوپاســـکردنی هەر لایەك لە شـــەڕی داعشـــدا هاوکاری کوردستان بکات.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو ســێ ستراتیژە، ســـەرۆك بارزانی وەك بەشـــێك لە هێزی ســـتراتیژیی نەتەوە، پێگە و توانا و ڕەهەنـــدە دیپلۆماســـییەکانی بەکارهێنا و بەرهەمی ئەو سیاسەتە دروســـتەی دوورییەوە کە هەرێمی کوردستان لە سەری ڕۆیشـــتبوو. لە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر ئەمریکا و ئێران پێکەوە هاتنە ســـەر خەت و بە کردەوە بەشداربوون لە هاوکاری خەڵکی کوردستان لە ڕاوەستاندنی پێشڕەوییەکانی داعش. - ئێران بە ناردنی تەقەمەنی پێویســـت و ئەمریکا بە دابینکردنی هێزی ئاســـمانی- . پـــاش ئازادکردنەوەی زۆربەری هەرە زۆری ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ســـەرۆك بارزانی لە ســـەر چیای شـــنگال وەك ترۆپکی سەرکەوتنەکان موژدەی کۆتایی هێنان بە قۆناغی دووەمیشی ڕاگەیاند.

● **ترافیکی دیپلۆماسی**

ئەو ترافیکە سیاسی و دیپلۆماسیەی کە لەم ماوەیدا ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد، سەرکەوتنێکی دیکەو گەورەی ســـەرۆك بارزانی بوو لە بواری دیپلۆماســـی و قەناعەت پێهێنانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە خەڵکی کوردستان بە نوێنەرایەتی جیهانی ئازاد، ســـەربەرزانە شەڕی زلهێزترین ڕێکخراوی تیرۆریستیی نێودەوڵەتی دەکات. دروستبوونی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی کە لە ٦١ وڵات پێکهاتووە بۆ شەڕی تیرۆریستانی داعش و هەموویان هێزی پیشمەرگە بە گرینگترین هێز دادەنێن کە لە ســـەر زەوی تیرۆریستان تێکدەشـــکێنێ. هاتنی ســـەرۆك کۆماری فەرەنسا وەك یەکەم ســـەرۆك دەوڵەتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشـــی نێودەوڵەتی، شان بە شانی ئەو سەرۆك وەزیر و وەزیرانی دەرەوە و بەرپرسانی سەربازیی وڵاتان و پەیوەندی بەردەوامی کۆشکی سپی و ناردنی چەك و تەقەمەنی بۆ کوردستان و مەشقی سەربازی بە پێشمەرگە لە وڵاتان لە ســـەر چەکی مۆدێرن و هەڵبژاردنی ســـەرۆك بارزانی لە لایەن گۆڤاری TIME وەك کەســـایەتی ساڵی ٢٠١٤ لە سەر ئاستی هەموو دنیا، هەموو ئەمانە ئەو سەرکەوتنانەن کە بارزانی توانی سەرکردایەتییان بکات و بۆ گەلەکەمانی بەدەستبهێنێت.

● **بەدەمەوەچوونی ڕۆژئاوا**

لە سەر ئاستی نەتەوەیی، سەرکەوتنی بارزانی لە بەرەیەکی دیکەی شـــەڕ بەوەی باوەڕ بە هێزە نێودەوڵەتییەکان بهێنێت باشـــووری کوردستان چەك و تەقەمەنی بنێرێتە کۆبانێ و پاشان ســـەرکەوتوو بێت لەوەی باوەڕ بە ئەمریکا و تورکیا بهێنێت بۆ ڕەوانەکردنی پێشـــمەرگە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ هاوکاریی شـــەڕڤانەکان لە کۆبانێ و ئەو پێشـــوازییە میللییەی کە لە باکووری کوردســـتان لە پێشمەرگە کرا و ئەو دەنگدانەوەی ئەم پرۆسەیە لە سەر هەستی نەتەوەیی و یەکریزی نەتەوەیی هێنایەئارا، دیسان بۆ سەرۆك بارزانی سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە بوو.

● **ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا**

گرتنەبەری سیاســـەتی چانس پێدان بە پرۆسەی سیاسیی عێـــراق وەك دوایین چانس، بێ ئـــەوەی هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هەڵوێســـت و پێگەی کوردستان لە سەر فایلە



جیاجیاکان هەبێت و بە پێچەوانەوە بوونی گۆڕانێکی پۆزەتیڤ لە هەندێ لە کارەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق و یەکهەڵویستیی سەرجەم لایەنەکانی کوردستان بۆ ئەم پرسە و ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ٢-١٢-٢٠١٤، سەرکەوتنێکی دیکەی گەورە بوو.

## ● پارتی و یەکێتی و لیستی ڕەشی ئەمریکا

پاش ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١ ئەمریکا یاسای پاتریۆت ئاکتی دەرکرد و وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی دامەزراند و بە یاسای کۆچ و کۆچبەران و ڕێکارەکانی ڤیزادا چووەوە. وەزراەتی ئاسایشی ناوخۆ، لە ڕێگەی ڕێکخراوی START لە زانکۆی میریلاند، داتا بەیسێکیان دروستکردبوو بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانەی کە لە ١٩٧٠ تا ١١-٩-٢٠٠١ کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجامدابوو، لەگەڵ ئەو ئەفرادانەی کە بە تەنیا کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجامدابوو، هەروەها ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە لە وڵاتانی جیاجیا خەباتی چەکدارییان بەرامبەر بە حکومەتە خاوەن سەروەرییەکان کردبوو کە بە Tier3 ناسرا بوو. ٨٠٠ پارت و لایەن لە سەرتاسەری دنیا و لە عێراق پارتی و یەکێتی خرابوونە ئەو لیستە ڕەشەوە. لە ٣١-١-٢٠١٤ بڕیاربوو سەرۆك بارزانی لە کۆشکی سپی ئۆباما ببینێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە تا ئەو کات بەڵێنەکەی ئەمریکا نەچووبووە سەر و پارتی و یەکێتی لەو لیستە ڕەشە دەرنەهێنابوو، بۆیە سەرۆك بارزانی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا هەڵوەشاندەوە و بە ڕوونی بە ئیدارەی ئەمریکا وترا: تا ئەو بابەتە چارەسەر نەکەن و ئەو غەدرە گەورە لەم دوو هێزە کوردستانییە لانەدەن، سەرۆك بارزانی ناچێتەوە ئەمریکا. خۆشبەختانە لە دیسەمبەری ٢٠١٤ کۆنگریسی ئەمریکا لە ڕێگەی یاسایەکی تایبەت لە کۆی ئەو ٨٠٠ ڕێکخراوە، تەنها پارتی و یەکێتی لەو لیستە دەرهێنا، کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا کە ماندیلا دایمەزراند و بزووتنەوەی فەتحی فەلەستینی، هێشتا لە لیستەکەدان. ئەمەش سەرکەوتنێکی دیکە بوو بۆ پێگە و ناوبانگ و گرینگیی ڕۆڵی سەرۆك بارزانی.

## ● کێ خۆشحاڵە و کێ نیگەرانە؟

ئەم سەرکەوتنانە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و ئاشتیخواز و دیموکراتیکخواز خۆش دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی هێشتا بە کینەی سیاسی کار دەکەن و هەموو سەرکەوتنێکی کورد و بارزانی بە شکستی خۆیان دەزانن، وەك چۆن دوای پرۆسەی ئازادکردنی شنگال بینیمان، باڵە توندڕەوەکەی ناو پەکەکە و هەدەپە، دەمیرتاش و جومعە و قەرەسو و سینان جودی و ئەوانەی باسیان لە جیاکردنەوەی شنگال و خانەقین و کەرکووك لە باشووری کوردستان دەکرد، بە بیانووی ئیدارەی خۆسەری بۆ ئەو ناوچانە، خەنجەریان لە پشتی ئەو یەکڕیزییە نەتەوەییە دا کە پاش چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی و ڕێککەوتنی لایەنەکانی ڕۆژئاوا لە دهۆك هاتەئارا.


ئێستا کورد لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژووی خۆیدا، لە جەنگی بەرەو سەربەخۆیی زیاتر شەڕەکانی بردۆتەوە و بەردەوامیی ئەم یەکڕیزی و سەرکەوتنانەش مسۆگەری بردنەوەی جەنگە گەورەکەیە.

---

***ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**کاتی پەلامارەکانی داعش بۆ کوردستان ڕێک لەو کاتانەدا بوو کە سەرۆک بارزانی پرۆسەی سازدانی ریفراندۆمی بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووسی کوردستانی بردە پەرلەمان و داوای دامەرزاندنی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کرد**

# سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ئیعتباری عەسکەریی بۆ سوپا بەزیوەکەی سەردەمی مالیکی گەڕاندەوە



عەدنان حوسێن
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

بەر لە دووساڵ لە ستوونێکی رۆژنامەی خۆم (شناشیل) دا لە رۆژنامەی (المدى) پرسیارێکم کردبوو: لەبەرچی سەربازەکانمان لە دوزخورماتوو شەڕدەکەن؟

سەرچاوەی ئەم پرسیارەشم کە پڕ لە نارەزایی بوو، لەسەر کۆکردنەوەی ئەو هێزە سەربازییە بوو کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی پێشووی هێزی چەکدار بەبێ هیچ پاساوێك بە درێژایی دەیان کیلۆمەتر بڵاوی کردبوونەوە لە نزیك سنووری هەرێمی کوردستان و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یان لەو ناوچانەی کە چارەنووسیان دیاری نەکراوە بە هۆی جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کە دەبووایە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا حوکمەکانی ئەو ماددەیە بەکۆتاهاتبایە.

ئەو گردبوونەوەی هێزە کە لە کەناڵەکانی ئاسمانیدا دیمەنەکانی بۆ رای گشتی بڵاوکرانەوە و خۆیشم ئەو کاتە لە کاتی گەشتێکمدا لەسەر رێگەی بەغدا بەرەو هەولێر بەچاوی خۆم بینیم، دیاربوو مەبەست لێی خۆدەرخستنی هێز بوو و هیچ پەیوەندییەکی بە ئاسایشی نیشتمانییەوە نەبوو کە لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەو پاشماوەکانی رژێمی سەدامەوە هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام نمایشێکی زۆر دوور لە گۆڕەپانی راستەقینەی خۆی، چونکە لە هەردوو پارێزگای نەینەوا و ئەنبار رێکخراوی ئەلقاعیدە و پاشماوەکانی بەعس بنکەیان دروست دەکرد و شانەی نووستوویان پێکدەهێنا، تاکو خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە دوای ساڵ و نیوێك رووی دا.

لەو ستوونەدا بیرۆکەی ناردنی سەربازانی سوپای عێراقم بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە سەرکۆنەکرد، چونکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر شەڕ لە نێوان هەردوو لادا هەڵگیرسابایە بە فیتی یەکێك کە لە زۆنی سەوز لە بەغدا دانیشتووە، ئەو کاتە ئەنجامەکە لە بەرژەوەندیی سەربازانی عەرەبی عێراقیدا نەدەبوو، چونکە شەڕەکە دادپەروەرانە نییە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە لە رووی مانەوییەوە هاوکوف نییە لەبەر ئەوەی هیچ مەسەلەیەك لەئارادا نییە تا سەربازی عەرەبی شەڕی لەپێناودا بکات لەبەرامبەر مەسەلەیەکدا کە پێشمەرگە شەڕی لە پێناودا دەکات.

لە ستوونەکەدا نووسیبووم: کاتێ کورد شۆڕشیان دژی حکومەتەکانی عێراق بەرپاکرد، هیچ شتێکیان نەبوو، بێجگە لە شاخ و خانووی قوڕ، بەڵام هێزی پێشمەرگەیان پێکهێنا کە قوربانی و ئازایەتییان نواند لە پێناو دانانن بە نەتەوەکەیان، ئەو نیعمەتە کە بینا و پرۆژە و شەقامە پاکەکان و مۆڵ و ئاسایش گەواهی بۆ دەدەن، پاڵنەرێکی بەهێزە تاکو قوربانی بدەن.

پرسیارەکەم بەو پرسیارە کۆتایی پێهێنا کە کردبوومە ناو و نیشانی ستوونەکە، گوتم: بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: لەپێناو چی ئەو سەربازانەی حکومەتەکەمان بۆ سنوورەکانی کوردستان رەوانەی کردوون شەڕ و بەرگری دەکەن، کاتێکیش بینیمان لەگەڵ تانکەکانیان لەسەر رێگەی ئاقارەکانی دوزخورماتوو؟ ئایا بۆ دەریای قوڕ و لیتەی تێکەڵ بە زبڵ و خاشاکی سەرئاوکەوتوو و ئەو ئاوە پیسەیە کە لەکاتی بارانبارینیدا شارەکانمان دادەپۆشێت؟ یان بۆ بێ کارەباییە؟ یان بۆ گەندەڵیی دارایی و کارگێڕییە؟ یان بۆ بێکارییە؟ یان بۆ ئەو بەشە خۆراکە کەمەیە کە گوایە حکومەت منەتمان بەسەردا دەکات؟ یانیش بۆ خراپیی خزمەتگوزاریی گشتییە و بەتایبەتیش تەندروستی و خوێندن؟

ئەوەی ئەو کاتە دەربارەی سوپای عێراق نووسیبووم وەڵامی پرسیارێکی گەورە بوو کە لەوەتەی شەش مانگ بوو لە سەرتاسەری عێراق و دەرەوەدا دەکرا: چۆن ئەو سوپایە بەو شۆکییە و بەو شێوەیەی کە پێشتر شتی وا نەبووە، لەبەردەم تیرۆریستانی داعش و بەعس هەڵات، ئەوانەی کە پڕۆپاگەندەی فەرمیی بەغدا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە جرج وەسفیان بکات؟

ئەو سوپا تازەیەی کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دامەزرا سوپایەکی راستەقینە نەبوو، چونکە پێکهێنانی لەسەر پرەنسیب و بنەماکانی پیشەیی و نیشتمانییانە نەبوو کە سوپا و هێزی چەکداریی جیهانی لەسەر پێکهێندراوە، دامەزراندنیش لەو سوپایە تەنیا لەسەر بنەمای پشککاریی تایفەگەری نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای حزبی و عەشایری و شەخسی بوو، ئەو چینە سیاسییەی کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی گرتەدەست لەسەر بنەمای دەسەڵات ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی دەستکەوت هەڵسوکەوتی کرد، بۆیە هەموو تاکێك و حزبێك لەم چینەدا کاری کرد بۆ ئەوەی تا دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنێت، سوپاش یەکێك بوو لە (گەنجینە) کانی ئەم دەستکەوت و تاڵانەی ئەو چینە. هەموو حزبێك لە حزبە دەستڕۆیشتووەکانی نێو دەسەڵات و هەموو کەسێکی دەستڕۆیشتووی ئەو حزبانە هەوڵی دا تاکو کەسانی خۆیان و خزم و عەشیرەتەکانیان لە سوپادا کۆبکەنەوە، بۆیە پۆستی زۆر مەترسیداریان دایە ئەفسەری وا لە سوپا کە زۆربەیان بۆ رۆژێکیش ژیانی سەربازییان نەزانیوە و لە کۆلیژ، یان پەیمانگەیەکی سەربازی نەیانخوێندووە یاخود خولێکی پسپۆڕییان نەدیوە، هەروەها سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی پێشوو وەزیری پێشووی بەرگری هەوڵیان دا کەسانی لایەنگری خۆیان لە پۆست و پلەکان دابنێن، وێڕای ئەمەش، فاکتەرێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەم سوپایە هیچ بیروباوەڕێکی دیاریکراوی بۆ دیاری نەکرا کە لە سەری بڕوات و بەپێی پرەنسیبەکانی کاربکات، گوێڕایەڵیی شەخسی فاکتەری یەکلاکەرەوە بوو لە پێدانی پۆستەکانی سەرکردایەتی.

ئەمانە هەموویان بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی خزمخزمانێ و ناسیوێتی و گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی لە ریزەکانی سوپا و سەرجەم دەزگا ئەمنییەکاندا، هەروەها حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی تازە، رەوشێکی ترسناکیی هێزی چەکداری ئاشکراکرد کە بریتییە لە بوونی (فچائیین) واتا بندیوار، کە ئەو سەربازانەن کە لە یەکە سەربازییەکان دەوام ناکەن و ئەفسەرەکانیشیان بەشێك، یان هەموو مووچەکانیان بۆ خۆیان دەبەن، لەبەرامبەر دەوام نەکردنیاندا، تەنانەت هەندێکیان هەر بەیەکجاری بوونیان نەبوو، تەنیا ناوی ساختەیە لەسەر کاغەزی ئەفسەرانی گەندەڵدا.

بە دڵنیاییەوە سوپایەکی لەم شێوەیە ناتوانێت هیچ شەڕێك بکات، بۆیە بینیمان کە ئەو هێزانەی لە موسڵ و شوێنی دیکە جێگیر کرابوون، کاتێ هێرشی داعش روویدا، چەکەکانیان فڕێ دا و بێ ئەوەی تەنا تەقەیەکیش بکەن لە شوێنەکانیان هەڵهاتن.

لەبەرامبەردا پێشمەرگە لەدوای ساڵی ١٩٩١ وردە وردە لە پارتیزان و فیداکارانەوە بوونە سوپایەکی سیستماتیك، بڕوایان بە مەسەلەیەك هەیە کە لە زانستە سیاسییەکاندا دەچێتە خانەی پرسی رزگاریخوازیی نیشتمانی، یان نەتەوەیی، ئەم مەسەلەیە فاکتەری یەکێتیی و هێزە بۆیان، وێڕای ئەوەی کە پێشتریش بیروباوەڕیی سەربازییان هەبوو کە لەسەر ئەو بنەمایە مەشقیان کردووە و ئەرکەکانیان جێبەجێ کردووە.

مەسەلەی نیشتمانی، یان نەتەوەیی وبیرو باوەڕی سەربازیی هەردووکیان نهێنییەکن لەو سەرکەوتنە بەهادارانەی کە پێشمەرگە لەو شەڕەی ئێستایان دژ بە داعش بەدەستیان هێناوە، ئەوان لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا توانیان رووبەرێکی فراوان ئازادبکەن وێڕای ئەوەی کە چەك و کەرەستەی قورسیان نییە، کە لای داعش هەیە و لە سەربازگە و بنکە سەربازییەکانی هەردوو سوپای عێراق و سووریا دەستیان کەوتووە، نەبوونی ئەو چەکانەش بەهۆی سیاسەتی هەردوو کابینەی حکومەتی مالیکییەوە بوو کە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا نەدەکرد، وەك بەشێك لە هێزی چەکداری عێراق هەروەك لە دەستووردا هاتووە، بەڵکو دوا حکومەتی مالیکی بە ئەنقەست خەرجکردنی مووچەی پێشمەرگەی بۆ چەند مانگێك پێش هێرشی داعش و دواتریش راگرت.

ئەو شەڕەی کە ئێستا لەگەڵ داعش بەردەوامە یەکەم تاقیکردنەوەیە بۆ هێزی پێشمەرگە. بەڵێ هەندێ لایەنی نەرێنی هەبوو کە لەم تاقیکردنەوەیەدا ئاشکرابوو(کشانەوەی هەندێ لەو هێزانە بە بێ پاساو)، بەڵام باش بوو کە توانرا بەخێرایی ئەو کەموکورتییە چارەسەربکرێت، کە ئەمەش هاوکاربوو تاکو پێشڕەویی لە شەڕدا دژ بە داعش بەدی بێنێت، کە ئەمە لای سوپای عێراقی نییە، ئەو سوپایە پێویستی بە چارەسەرکردنی کەموکورتیی مەترسیداری بنیادنان هەیە کە پێوەی دەناڵێت.. پێویستە هەیکەلبەندی و رێکخستنی ئەم سوپایە جارێکی دیکە بگەڕێندرێتەوە، تاکو لە راونانی داعش و بەرگریکردن لە سەروەری و سەربەخۆیی وڵاتدا سەربکەوێت، گەڕاندنەوەی هەیکەلبەندی و رێکخستن مانای بنیادنانەوەی سوپایە لەسەر بنەمای پیشەیی و نیشتمانیدا، هەروەها دانانی بیروباوەڕێکی سەربازی بۆ ئەو سوپایە، تاکو مەسەلەیەکی هەبێت کە لە پێناویدا شەڕبکات، هەتا تووشی هەڵاتن و شکستی زیاتر نەبێت.

**بیرۆکەی ناردنی سەربازانی سوپای عێراقم بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە سەرکۆنەکرد، چونکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر شەڕ لە نێوان هەردوو لادا هەڵگیرسابایە، ئەنجامەکە لە بەرژەوەندیی سەربازانی عەرەبی عێراقیدا نەدەبوو**

**هەموو حزبێک لە حزبە دەستڕۆیشتووەکانی نێو دەسەڵات و هەموو کەسێکی دەستڕۆیشتووی ئەو حزبانە هەوڵیان دا تاکو کەسانی خۆیان و خزم و عەشیرەتەکانیان لە سوپادا کۆبکەنەوە**

**مەسەلەی نیشتمانی، یان نەتەوەیی و بیر و باوەڕی سەربازی هەردووکیان نهێنییەکن لەو سەرکەوتنە بەهادارانەی کە پێشمەرگە لەو شەڕەی ئێستایان دژ بە داعش بەدەستیان هێناوە**

# شەنگال رزگار کرا

## سەرۆک بارزانی بەڵێنی داوە دوای تیرۆریستان بکەوێت «لە هەر کوێیەک بن»


پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر

لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا داعش بە شێوەیەکی کتوپڕ و غافڵگیرانە هێرشی کردە سەر کوردستان، بە هەزارەها کوردی ئێزیدییان لە ناوچەی شنگال (سنجار) کوشت و تەنانەت پێشڕەوییان کرد و تا نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتری لە هەولێر نزیك بوونەوە، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە. لە کاتێکدا تورکیا کە ـ بڕیار بوو هاوپەیمانی نوێی کورد بێت- بە روونی رایگەیاند کە خۆی لەم شەڕە بە دوور دەگرێت. خۆشبەختانە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داعشی بە هەڕەشەیەکی وجودی داناو هەر زوو هات بە هانای هەرێمی کوردستانەوە و لە رێی هەڵمەتێکی بۆردومانکردن و دەستەبەرکردنی چەکی نوێیەوە بۆ پێشمەرگە هاریکاری کردن، بۆ ئەوەی لە دژی ئەو چەکە پێشکەوتووانەی داعش بەکاری بهێنن، کە لە موسڵدا دەستیان بەسەردا گرت بوو، ئێستاش لە دژی کورد بەکاری دەهێنن. هاوپەیمانەکانی دیکەی ناتۆ وەك بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا لە رێی هاوکاری کردنەوە کاردانەوەیان نواند، لە کاتێکدا پەکەکەش شەڕوانە قاڵبووەکانی جەنگی نارد بۆ بە هاناوەچوونی پێشمەرگە و هاوکار بوون لە کردنەوەی راڕەوێك بۆ رزگارکردنی ئەو ئێزیدییانەی کە گیریان خواردبوو.

دواتر لە ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤دا داعش هەوڵیدا دەست بەسەر کۆبانێدا بگرێت، کە یەکێکە لە شارە سەرەکیەکانی سێ کانتۆنە خۆبەڕێوبەرییە کوردییەکەی سووریا. جارێکی دیکە کورد لە شوێنەکانی دیکەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی پێشمەرگە-نەك ئەوانەی رووبەڕووی هێرشی راستەوخۆ بوونەوە- دەستیان خستە نێو دەستی یەکتری بۆ ئەوەی لە دواجاردا ئەم هێرشە دژوارانە لە دژی کۆبانێ تێکبشکێنن.جارێکی دیکە هەڵمەتی بۆردومانکردن لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام دراو ئەمەش بە هەماهەنگی بوو لەگەڵ کوردی سووریا بۆ بەرگریکردن لە کۆبانێ کە رۆڵی یارمەتیدەری هەبوو لە پاشەکشە پێکردنی داعش. جارێکی دیکە تورکیا رێگەیدا ترس و رقی دێرینی خۆی لە ئاست کورد زاڵ بێت بەسەر مەترسیی داعشداو هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند و کوردی بۆ چارەنووسی خۆیان جێهێشت. بە دڵنیاییەوە تورکیا لەم سستی نواندنەی پەشیمانی بۆ دەمێنێتەوە.

هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەکەکەی لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستیەکاندا داناوە، بەڵام ئەم بەرگە ناکات بە بەر پەیەدەدا کە لە کۆبانێ هاوکارییان بۆ دەنێرێت، ئەم کارەش بۆتە جێی رەخنەیەکی زۆری تورکیا. لەبەر ئەوەی پەیەدەو پەکەکە پێوەندییەکی نزیك پێکەوە گرێیان دەدات، ئەوا دەکرێت پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەیەدە بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە کە رەنگە ئەمریکا دان بەوەدا بنێت کە چیتر پەکەکە رێکخراوێکی تیرۆریستی نییە. ئەم کارەی ئەمریکا مایەی کارەسات دەبێت بۆ تورکیا و تەنانەت رەنگە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەندامێتییەکەی لە ناتۆدا، ئەمە لە کاتێکدا کە تورکیا رێگەی نەدا ئەمریکا بنکەی ئاسمانی ستراتیژی ئەنچەرلیك بەکار بهێنێت بۆ پشتیوانیکردنی شەڕی کورد لە کۆبانێ کە شەڕی مان و نەمانە. لەبەر ئەوەی تورکیا بڕیاریدا پشتیوانی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ نەکات لە پرسێکی گەورەی لەم چەشنە، ئەوا زۆر کەس پرسیار دەکەن: بۆچی تورکیا وەك ئەندامێتی ناتۆ بمێنێتەوە؟

**ئەگەرچی سەربەخۆیی کوردستان وەک دوا ئامانج دەمێنێتەوە، بەڵام دەبێت کورد بزانن کە ئەوان لە رەوشێکدان کە تواناکانیان سنووردارە و دەبێت بەردەوام بن لە ئەنجامدانی گەمەی ژیرانەی چاوڕێکردنی کات**



بۆ گوڵانی نووسیوە

ئێستا کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤داین، هەرێمی کوردستان چیای شنگالی گرتۆتەوە و، داعشی ناچار کرد بە خێرایی بەرەو سووریا پاشەکشە بکەن. سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی رایگەیاند: « ئەمە خەونێکە هاتۆتەدی کە لە بەردەم ئێوەدا قسە بکەم و، لێرەدا پیرۆزبایی خۆم بە خەڵکی کوردستان، بە ئێزیدییە ئازیزەکانمان، بگەیەنم.» پێشمەرگە ٢٧٠٠ کیلۆمەتری خاکی کوردی لە داعش بەدەستهێنایەوە.

مسرور بارزانی، راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: «لە سەرەتای شەڕەکەوە ئەمە گەورەترین سەرکەوتنە بەسەر دەوڵەتی ئیسلامیدا. ئێمە توانیمان راڕەوێك بکەینەوە بۆ ئەو خەڵکانەی لەسەر شاخەکە گیریان خواردووە کە دەتوانن بە سەلامەتی بێنە خوارەوە.» بارزانی زیاتر شەرحی کرد و گوتی: ٨٠٠٠ پێشمەرگە بەشدارییان کردووە. ئەگەرچی هێشتا هەندێ ئێزیدی لەسەر شاخی شنگال ماون، بەڵام پێشمەرگە توانیویەتی خواردن و ئاویان پێ بگەیەنێت و بەم زووانەش دەهێندرێنە خوارەوە.

جارێکی دیکە بە گورزی ئاسمانی پشتیوانی لە پێشمەرگە کرا، ئەو گورزە ئاسمانییانەی لەلایەن ئەو هاوپەیمانێتییەوە ئەنجام دەدرێت کە بارەگاکەی لە کوەیتە و لە لایەن ئەمریکا رێبەرایەتی دەکرێت و ژەنەراڵ جەیمس ئێل تێری سەرکردایەتی دەکات، فەرماندەیی ئەم هاوپەیمانێتیە رایگەیاند کە زیاتر لە ٥٠ گورزی ئاسمانی ئەنجام دراوە و بەهۆیەوە جبەخانە و بولدۆزەر و بورجەکانی پاسەوانی و ئۆتۆمبێلەکان و پردەکانی بە دەست داعشەکان تێکشکێندراون. لەوەش زیاتر، گورزە ئاسمانییەکان بەلای کەمەوە سێ سەرکردەی باڵای داعشیان کوشت، بەو پێیە زیانیان بە توانای فەرماندەیی داعش گەیاندووە. هەرچۆنێك بێت، لە شوێنەکانی دیکەی عێراق، هێزەکانی دژ بە داعش ئەدایەکی باشیان نەبوو. سەرەڕای بوونی ١٧٠٠ سەربازی ئەمریکی کە هەوڵ دەدەن مەشق بە هێزەکانی بەغدا بکەن، بەڵام لە پارێزگای ئەنبار خاکی زیاتریان لە دەستدا. هەروەها جارێکی دیکە بێجی، کە گەورەترین پاڵاوگەی نەوتە لە عێراقدا، لەلایەن داعشەوە داگیر کرایەوە، دوای ئەوەی رزگار کرابوو.

ئایا چ دەرسێك لەم سەرکەوتنانەی کوردەوە بەدەست دەهێندرێت؟ دەبێت هەرێمی کوردستان وریا بێت، داعش شەڕێکی دۆڕاندووە، نەك جەنگەکە. رەنگە ئەوەی پێی دەگوترێت « تۆڵەی بەعسییەکان» — لەبەر ئەوەی زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی نێو داعش لە عێراقدا کۆنەبەعسیەکانن- بەردەوام بێت. داعش وەك رکابەرێکی پێداگیر و سەرسەخت دەمێنێتەوە لە بەرامبەر کورددا. ئەو شکست و کێشانەی لەسەرەتادا داعش دووچاری کوردی کرد، وەك هۆشدارییەك وابوون بۆ کورد و بیری خستنەوە کە هێشتا ئەوان لە ناوچەیەکی مەترسیداردا دەژین. دەبێت هەرێمی کوردستان چاو کراوە بێت لە دژی دەستدرێژی نوێی داعش و هەروەها دەبێت پشتیوانی بەردەوامی ئەمریکا دەستەبەر بکات، ئەگەرچی سەربەخۆیی کوردستان وەك دوا ئامانج دەمێنێتەوە، بەڵام دەبێت کورد بزانن کە ئەوان لە رەوشێکدان کە تواناکانیان سنووردارە و دەبێت بەردەوام بن لە ئەنجامدانی گەمەی ژیرانەی چاوڕێکردنی کات.

**تورکیا رێگەیدا ترس و رقی دێرینی خۆی لە ئاست کورد زاڵ بێت بەسەر مەترسیی داعشداو هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند و کوردی بۆ چارەنووسی خۆیان جێهێشت. بە دڵنیاییەوە تورکیا لەم سستی نواندنەی پەشیمانی بۆ دەمێنێتەوە**



# یەکێتیی ئەوروپا و عێراق و کورد

د. شێرزاد نەجار

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی



## ١

ماوەی سێ یەکەیە عێراق پێگەیەکی بەرچاوی لە بایەخدانی دەوڵەتاندا وەرگرتووە (بە تایبەتیش دەوڵەتە گەورەکان)، ئەم بایەخدانەش دابەش بووە بۆ بایەخدانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و ئایینی.
ئەم بایەخدانەی هەتا ساڵی **٢٠٠٣**ەوە بایەخدانێکی بەهێز و جیدی بوو، بەڵام لەدوای ئەمەوە سەردەمێکی دیکەی ئاڵۆزکاوی و ناسەقامگیری و ململانێی مەزهەبگەرایی لە عێراق دەستی پێکردووە، بەڵام ئاڕاستەی کردەیی بایەخدانی ئەوروپا بەرەو هاوکاری عێراق لاوازە، هەروەك چۆن سەرۆکی لیژنەی کاروباری عێراقی (ئیما نیشهولزون) لە پەرلەمانی ئەوروپا جەختی لەسەر کردەوە، ئاماژەی بەوەکرد ئەوروپا بەهۆی ئەو ململانێ ناوخۆییەی هەیەتی سەبارەت بەو سیاسەتەی لە عێراق پێڕەو دەکرێت چەندین هەلی لەدەستداوە.
هەربۆیە ئەوروپا دەستی کردووە بە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەو تێیاندەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت رووبکاتە عێراق لە پێناوی بونیادنانی پێوەندیەکی بە هێزدا.
لە ناو ئەم بارودۆخەدا، یەکێتی ئەوروپا دەستیکردووە بە هەوڵدان بەرەو ئاڕاستەی بونیادنانی پێوەندییەکی بەهێز

لەگەڵ عێراقدا، ئـــەم هەوڵانەش بریتی دەبن لە هەوڵی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری.

لە ساڵی ٢٠٠٥ لە چوارچێوەی پشتگیری یەکێتی ئەوروپا بۆ پرۆژەی (ســـەروەریی یاسا لە عێراق) ١٤٠ قازی و لێکۆڵەرو بەرپرســـی پۆلیس مەشق و راهێنانێکی چڕیان پێکرا بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسا. هەروەها لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٨ رێککەوتنێك گرێدرا بەم ناونیشانە (نەوت و گاز لەبەرامبەر بونیادنەوەی عێراق و پشتگیریکردنی لـــە قەڵاچۆکردنی تیرۆریزمی جیهانیـــدا) هەروەها لە پێناوی (گواستنەوەی ئەزموونی ئەوروپی لە بونیادنانی دامەزراوەی دیموکراتی لە عێراقدا).لەمبارەوە سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای ئەوروپی (باروسو) لە نیسانی ٢٠٠٨ لە بەیانێکدا رایگەیاند: ئێمە سوورین لەسەر دامەزراندنی بناخەیەکـــی هاوچەرخ و بەردەوام بـــۆ هاوکاری عێراق و گەلەکـــەی. هەروەها دووبارە بونیادنانەوەی عێراقێکی ســـەقامگیر و خۆش گوزەران و دابینکردنی هەلی کار و بونیادنانـــی کۆمەڵگەیەکی مەدەنـــی (نە ئایینی نە سەربازی) لەسەر بنەمای ســـەروەری یاسا و رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ).

ئەم هەوڵانە دوای دانوســـتاندنێك کە ماوەی ٦ ســـاڵی خایاند، گەیشتنە رێککەوتنێکی سەرتاپگیری گرنگ ئەویش(رێککەوتنی هاوبەشـــی و هاریـــکاری لە نێوان یەکێتی ئەوروپاوعێراقدا)و لە١١ی مایسی ٢٠١٢ ئیمزای لەســـەر کراوەو لەلایەن پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاوە لە ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ پەســـەند کراوە و ماوەی ئەم رێککەوتننامەیە بە ٧ ساڵ دیاریی کراوەو دەتوانرێت تازەش بکرێتەوەو جەخت لەســـەر ئـــەم بوارانە دەکاتەوە (بازرگانـــی، وەبەرهێنـــان، پەرەپێدان، ئـــەم رێککەوتنە بەندێـــك لەخۆی دەگرێـــت کە پێوەندی بـــە گرێدانی کۆبوونەوەیەکی ساڵانە بۆ پێداچوونەوە بەو پێشکەوتنانەی لە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە وەدیهاتوون، بە تایبەتیش لەبوارەکانی دیموکراتی و ســـەروەریی یاساو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاســـیەکان و تیرۆردا).

هەروەها هەر لە چوارچێوەی ئەم رێککەوتنەدا ٣٣ پرۆژە لە بوارەکانی (وزە و تەندروستی و رۆشنبیری) بۆ عێراق دەکرێـــت، یەکێتی ئەوروپا بـــڕی ١٥٠ ملیۆن یۆرۆی پێشکەشـــی عێراق کردووە بۆ ئەو پرۆژانە و بەتایبەتیش بۆ بوارەکانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.

دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی دکتۆر حەیدەر عیبادی لە ٢٠١٤، زنجیرەیەك پێوەندی بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دەســـتی پێکرد، ئەم هەنگاوە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە رۆژی ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ دەســـتی پێکردو د.حەیدەر عەبادیش خۆی لە کۆنگرەکە بەشدار بوو، لە چوارچێوەی ئەم کۆبوونەوەیەدا عەبادی زنجیرەیەك دیداری کرد وەك کۆبوونەوەی لەگەڵ جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەروەها کۆبوونەوەی لەگەڵ خاتوو فیدریکا موگرینی بەرپرسی کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا، لەم کۆبوونەوەیەدا عەبادی داوای پشـــتگیری نێودەوڵەتی و ئەوروپی کرد بۆ ئەوەی لە بوارەکانی چەك و مەشق و راهێنانی ســـەربازی و گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ســـەر زیدی خۆیان و بونیادنانەوەی شـــوێنەکانیان، هاوکاری عێراق بکەن.

لە مـــاوەی ســـەردانەکەی عەبـــادی بۆ برۆکســـل و لـــە پەراوێزی ئـــەو ســـەردانەدا، دوو چالاکی گرنگ ئەنجامـــدران کە پێوەندیان بە عێـــراق و کوردە هەبوو و بریتـــی بوون لە: وەرشـــەیەکی کارکردن بۆ دیراســـەتی توندوتیژی لە عێراقدا، ئەوی دیکەشـــیان کۆبوونەوەی لیژنەی کاروباری عێراقی بوو لە پەرلەمانی ئەوروپادا.

١. وەرشـــەیەکی کارکردن بۆ دیراســـەتی توندوتیژی لە عێراقدا

ئەم وەرشـــەیە لە ژێـــر ئەم ناونیشـــانە کارەکانی خۆی ئەنجامدا(کۆبوونـــەوەی تـــۆڕی دیالۆگی کۆمەڵگەی مەدەنـــی: توندوتیژی چەکداری، تواناکان بۆ ئاشـــتی لە عێراقـــدا، هۆکارەکان، کارەکتـــەرەکان، کاریگەری و وەڵامدانەوەی یەکێتی ئەوروپا) ئەم وەرشـــەیە لە رۆژی ٣ی کانوونـــی یەکەمی ٢٠١٤ هۆڵەکانـــی کۆبوونەوە لە یەکێتی ئەوروپا بەڕێوەچوو و تا شـــەوێکی درەنگ لەماوەی چوار دانیشتندا درێژەی هەبوو، ئەوەی جێگەی بەبیرهێنانەوەیە، د.ســـاحێب عیســـا وەزیری پێشـــووی حکومەتی عێراق وەزیری پێشـــووی حکومەتی عێراق و د.شـــێرزاد نەجار راوێژکار لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، بە بانگهێشتی یەکێتی ئەوروپا وەك پســـپۆر و تایبەتمەند لە کاروباری عێراق و کوردستان بانگهێشت کرابوون.

لەم وەرشەیەدا ئەم پرسانە باسکران:

**دانیشتنی یەکەم و دووەم:**

● هۆکارەکانی توندوتیژی چەکداریی ئێستای عێراق.
● گرووپە بەشـــدارەکان و پشـــتگیرییان بۆ توندوتیژی چەکداریی لە عێراقدا.
● چەکدارکردنـــی گرووپـــەکان و ئامادەکردنیـــان بـــۆ توندوتیژی یان بۆ زامن کردنی ئاسایش
● هۆکارەکانی: هاندان، پێکهێنان، تەکتیك
● زۆربوونـــی مەزهەبگەرایی لە عێراق و کە هۆکارێکە بۆ توندوتیژی
● راماڵینی عێراق لەلایەن گرووپە چەکداری هەمەجۆرەوە لە ناویاندا داعش.
● ئایا عێراق وڵاتی شەڕی بەوەکالەتە؟

> **یەکێتی ئەوروپا دەستیکردووە بە هەوڵدان بەرەو ئاراستەی بونیادنانی پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ عێراقدا، ئەم هەوڵانەش بریتی دەبن لە هەوڵی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری**

> **دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی دکتۆر حەیدەر عەبادی لە ٢٠١٤، زنجیرەیەک پێوەندی بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دەستی پێکرد، ئەم هەنگاوە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر دەستی پێکرد**

● بوونی تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە دەستووری عێراق.

● فەشەلی حکومەت و بونیادنانی دەوڵەت وەك دوو هۆكار بۆ توندوتیژی.

● چاکسازی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

● چاکسازی لە ناو سوپای عێراق و زاڵبوون بەسەر مەزهەبگەرایدا.

● نایەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ کێشەیە بۆ حکومەتی تازەی عێراق.

● نەبوونی سەروەریی یاسا، وایکردووە گرووپە چەکدارەکان گەشە بکەن.

● کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی خۆی هەیەو دەبێت بیگێڕێت.

● دەبێت پشتگیری پرۆسەی دادپەروەری ئینتیقالی بکرێت.

● پانتایی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە لایەن حکومەت و گرووپە چەکدارەکان زیادی کردووە.

● باسکردنی سیناریۆکانی داهاتوو:

١. حکومەتی عێراق بە بەهێزی دەمێنێتەوە بەڵام لە هەمانکاتدا لاوازە.

٢. بوار بۆ هەموو لایەك هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی کار لە پێناوی ئاشتی بۆ عێراق بکەن.

٣. بڕوا نەبوون بە یەکپارچەیی عێراق ئەویش یەکێکە لە هۆکارەکانی توندوتیژی و ئەگەری ئەوە هەیە ئەم توندوتیژیە بە چەندین ساڵ درێژەی هەبێت.

٤. ئەگەر ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق بەردەوام بێت، لەوانەیە بگۆڕدرێت بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستای سوریا.

٥. ئەگەر بارودۆخەکە وەك خۆی مایەوە، ئەوا کەمینەکان ناچار دەبن کۆچ بکەن و عێراقیش گۆڕانکارییەکی دیموگرافی بەخۆیەوە دەبینێت.

٦. تێکشکانی ١٠ لەوانەیە دەیان ساڵ بخایەنێت.

٧. ئەگەر ئەمریکا پشتگیری هۆزەکانی عەرەبی سونە بکات و ئێرانیش گرووپە چەکدارەکانی شیعە، ئەوا لەوانەیە داعش لاواز بێت، بە ریشەکێش ناکرێت.

**دانیشتنی سێیەم**

توانا کان بۆ بونیادی ئاشتی و دەمکوتکردنی توندوتیژی

ئەم دانیشتنەیان تایبەت بوو بۆ هەڵسەنگاندنی توانا و دەستپێشخەرییەکان لە عێراقدا بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و پشتگیری کردنی پرۆسەی ئاشتیەکی دوور مەودا، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی هەوڵە نێودەوڵەتی و ئیقلیمەکان بۆ پرۆسەی ئاشتی ، لەمبارەوە ئەم بوارانە باسیان لێوەکرا:

● سنووردای توانای دامەزراوەکانی دەوڵەت لەسەر ئاست ناوەند و لۆکاڵ بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی، بۆ ئەمەش ئەم باسانە خرانە ڕوو:

١. هەر لەساڵی ٢٠٠٣ وە توانای سیستمە سیاسیەکە بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی لاواز بووە.

٢. سنوورداری تواناو لێهاتووی سوپای عێراق زۆر بە راشکاوی لەکاتی داگیرکردنی موسڵ بەدەرکەوت.

٣. لە ئێستادا پێویستیەکی زۆر بە بونیادی هێزێکی پۆلیسی تازە هەیە، لە ئێستا لەناو پۆلیسدا، ڕێژەی پۆلیسی بندیوار دەگاتە ٤٠٪-٦٠٪.

٤. هەتا ئەمرۆش، پەرلەمانی عێراق تەنیا ئەو پرسانەی خستۆتە بەرباس ئەوەی پێوەندارە بە بەرژەوەندی حزبە جیاوازەکان.

٥. زۆر گرنگە رۆڵ و توانای پۆلیسی لۆکاڵ لە ناوچە گەمارۆدراو و ناسەقامیگیرەکاندا فەرامۆش نەکرێت.

٦. زۆر پێویستە دەست بکرێت بە پرۆسەی مەشق و ئامادەکردن و بونیادنانی توانای دادوەرەکان و ئەندامانی پەرلەمان لەدەرەوەی وڵات(یەکێتی ئەوروپا ئەو کێشەیەی هەیە کە عێراق بەدواداچوون لەسەر ئەو خولانە ناکات کە بۆ دادوەرو پیاوانی ئاسایش دەکرێنەوە).

● پێویستی پشتگیری کردن لە کۆمەڵگە لۆکاڵەکان، ئەمانە باسکران:

١. مەسەلەیەکی گرنگە کۆمەڵگە لۆکالەکان لەوانەیە ببنە سەرچاوەی گرنگ بۆ زانیارییەکان.

٢. زۆر لە هاووڵاتیانی عێراق دڵخۆشن بەوەی کە حکومەتەکەیان دەبین بەدەست داعشەوە گرفتار بووە، بەڵام ئەوانەی هەڵاتوون و پەنایان بۆ شوێنی دیکە بردووە، لەوانەیە ببنە توخمێك بۆ بونیادی ئاشتی لە ئایندەدا.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق کارامەیەو توانای هەیە رۆڵێك لە پشتیوانیی ئاشتیدا بگێڕێت

١. کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی بەرچاو لەوەتەی ٢٠٠٣ وە پەرەی سەندووەو دەتوانێت رۆڵی بنەڕەتی لە پرۆسەی بنیادنانی ئاشتیدا بگێڕێت، هەروەها هەندێ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن کە بوونەتە پسپۆڕ لە مەسەلەکانی قەدەغەکردنی ململانێکان و بنیادنانی ئاشتیدا.

٢. ئەم ڕێکخراوانە لە عێراقدا بەشدارییان لە چالاکییە جیاوازەکاندا کردووە تایبەت بە مەسەلەکانی چاکسازیی سیستەمی سیاسی و کاریگەریی لە سیاسەتی حکومەتەکاندا.

٣. عێراق یاسایەکی باشی ڕێکخراوەکانی مەدەنی هەیەو بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەریی هەیە بۆ سەر کاری ئەو ڕێکخراوانە کە لەوەتەی ٥ ساڵە کاردەکەن بۆ دەرکردنی یاسایەکی تازە کە کارەکانیان ڕێکبخات، کە

**دانیشتنی دووەم تایبەت بوو بۆ هەڵسەنگاندنی توانا و دەستپێشخەرییەکان لە عێراقدا بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و پشتگیری کردنی پرۆسەی ئاشتیەکی دوور مەودا**

**لە ئێستادا پێویستیەکی زۆر بە بونیادی هێزێکی پۆلیسی تازە هەیە، لە ئێستا لەناو پۆلیسی عێراقدا، ڕێژەی پۆلیسی بندیوار دەگاتە ٤٠٪-٦٠٪**



**زۆر پێویستە دەست بکرێت بە پرۆسەی مەشق و ئامادەکردن و بونیادنانی توانای دادوەرەکان و ئەندامانی پەرلەمان لەدەرەوەی وڵات**

دەکرێ  ببێتە پێشکەوتووترین یاسا لە ناوچەکەدا.

٤. ئـــەم ڕێکخراوانـــە دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنـــی بگێڕن لە نزیککردنەوەی نێوان کۆمەڵگا لۆکاڵییە جیاوازەکاندا.

٥. ئەم ڕێکخراوانە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە مەســـەلەی بەرەنگاربوونەوەی کـــردەوە توندوتیژییـــەکان کە ئافرەتان ڕووبەڕوویـــان دەبنەوە و ئەویش لەڕێگـــەی دامەزراندنی مەڵبەندی تایبەت بە ئافرەتان.

٦. زۆربەی ئەم ڕێکخراوانـــە چالاکییەکانیان لە ڕێگەی هۆیەکانـــی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییـــەوە ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا هۆکارانە زیاتر بۆ هاندانی توندوتیژی بەکاردێت لەجیاتی بنیادنانی ئاشتی.

٧. لەگەڵ ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشدا،  بەڵام تا ئێستا ڕووبەڕووی هەڕەشەو و تۆقاندن دەبنەوە و ئێستا زۆر زەحمەتە ڕۆڵی جەوهەری لە بنیادنانی ئاشتیدا ببینن بەهۆی بەرزبوونەوەی شەپۆلی توندوتیژیی چەکدارانە.

٨. زۆر لەو چالاکوانانە لە ماوەی دە ســـاڵی ڕابردوودا لە ئەنجامی چالاکییەکانیان گیانیان لەدەستداوە.

٩. لەســـەر یەکێتیی ئەورووپا پێویســـتە پشتیوانیی بەهێز پێشـــکەش ئەو ڕێکخراوانە بکات بـــۆ زیادکردنی تواناو لێهاتوویيان لەجیاتی ئەوەی کە کۆمەکیان پێ بدرێت.

١٠. ئـــەو پاڵپشـــتییە ئەورووپییـــە  لە پێنـــاو ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك ناوبژیوانێك بێت بۆ هێورکردنەوەی توندوتیژی و چاودێریکردنی حکومەت.

١١. پاڵپشـــتیی ئەورووپـــی و نێودەوڵەتی پێویســـتە بۆ پـــرۆژە درێژخایەنـــەکان بێـــت لەگـــەڵ بەکارهێنانی ڕێوشـــوێنی لەبار بـــۆ بەدیهێنانیان،(پرۆژەکانیش وەکو: هاوسەنگیی جوگرافی، پشـــتیوانیی ئافرەت و لاوان و کەمایەتییەکان...)

١٢. ئەم ڕێکخراوانە لە عێراق پێویستیان بە کۆمەکی باش هەیە بۆ بنیادنانی بەهرەکانیان و زێدەکردنی تواناکانیان بۆ کارکردنێکی درێژخایەن.

١٣. پێویســـتە یەکێتیی ئەورووپا کاربکات بۆ قایلکردنی حکومـــەت تاکو گوێ لە ڕاوبۆچوونـــی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بگرێت.

پیاوانی ئایینی ڕۆڵی جەوهەری دەگێڕن

جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێتەوە:

١. لەئێستادا سەرکردە ئاینییەکان زیاتر کراوەن بۆ کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی  کە بەچاکی دەزانن  زەحمەت نییە بیـــروڕا لەگەڵ پیاوانی ئایینیدا ئاڵوگۆڕبکەن چونکە ژمارەیەك لەوانە پشـــتیوانیی لە پرۆسەی بنیادنانی ئاشتی دەکەن.

٢. یەکێـــك لە ئەرکـــە ئاسایـــییەکانی ڕێکخراوەکانی مەدەنی کارکردنە بۆ نزیککردنەوەی نێوان گرووپە ئاینییە جیاوازییەکاندا.

**دانیشتنی چوارەم**

بڕاردەکانی وەڵامدانەوە بە لای یەکێتی ئەورووپاوە

لەم دانیشتنەیاندا بە خستنەڕووی چالاکیەکانی ئێستای یەکێتی ئەورووپا دەستی پێکرد، کە لەم خاڵانەی خوارەوە چڕ دەکرێنەوە:

- جەخت کردنەوە لەســـەر وەڵامدانەوەی یەکێتی ئەورووپا کە بۆ خۆی ســـنووردارە، بەهۆی ئەوەی کە پێویســـتە چارەســـەرەکان بۆ کێشـــەکانی عیراق هەر لە ناو عیراق خۆیەوە دابنرێت.
- دەکرێت گەمەکارە لۆکاڵـــەکان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، وەك یەکەمیـــن هەنگاوێـــك، چونکـــە پێویســـتیان بە ســـووککردنەوە یان ڕاگرتنی شـــەڕە لەو جەنگانەی بە وەکالەت دەکرێن..



● بەرپرسیاریتی بونیادنانەوەی کۆمەڵگە دەکەوێتە ئەستۆی گەلی عیراق تا رووبەڕووی هۆکارەکانی توندوتیژیەکان ببنەوە(بۆ نموونە هۆکارەکانی گەندەڵی و تایەفەگەریتی..)

● دەکرێت یەکێتی ئەوروپا ئەزموونە ئەرێنی و نەرێنیەکانی خۆیان سەبارەت بە بەردەوامبوونی توندوتیژی درێژخایەن بخەنەکار، هاوکات لەگەڵ پرۆسەکانی ئاشتبوونەوەو سەرلەنوێ بونیادنانەوە هەڵبسورێن..

● سەبارەت بە بونیادنانەوەی دامودەزگاکان، یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت هاریکارو پشتگیری پێشکەش بکات، بەڵام توانای بنەڕەتی پێویستە لە ناو عیراق خۆیەوە بێت..

● پێویستە ئەوە بدرێ بە گوێی دراوسێکانی عیراقدا، کە بەردەوامبوونی توندوتیژی لە عیراقدا دەبێتە هەڕەشە بۆ ئەوانیش..

لە دانیشتنەکەدا پێشنیازەکانی تایبەتمەند بە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە توندوتیژی لە عیراقدا خراونەتە ڕوو کە لەم چەند خاڵەدا چڕ کراونەتەوە

● کارکردن لەسەر دانانی ستراتیژیەتێك بۆ ساڵی ٢٠١٥

● دوا ڕووداوەکانی ناو عیراق وەك زەنگی مەترسی و وەئاگاهێنانەوەی دروستکارانی بڕیار بوو لە ئەوروپادا

● زیاتر جەخت کردنەوەی یەکێتی ئەوروپا لەسەر داعش بوو کە ئەمەش لە بۆشاییەوە نەهاتبوو بەڵکو زۆر فاکتەری تر هاوکار بوون لە دەرخستنی داعش، لەوانە لاوازیی حکومەت و لاوازی بڕیاری سیاسی

● یەکێتی ئەوروپا جەخت ناکاتەوە لەسەر چارەسەری سەربازیی، بەڵکو هۆشیارە لەسەر ئەوەی کە هاووڵاتیان خۆشیان ڕێگەخۆشکارن بۆ دروست کردنی توندوتیژی، لەبەر ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارەدا دەکات

● لەبەرئەوەیە کە یەکێتی ئەوروپا کەوتە کارکردن لەسەر دانانی ستراتیژیەتێك سەبارەت بە چەکدارە بیانیەکان ئەوەش هەر لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٤ بە دواوە دەستی پێکردووە.

● یەکێتی ئەوروپا کاردەکات بۆ پتەوکردنی حکومەت و پەرەپێدانی کاردانەوە لە بەرانبەر داعشدا..

● یەکێتی ئەوروپا کار دەکات بۆ بەهێزکردنی
١. دامودەزگاکانی دادوەری
٢. فەرمانگەکانی پۆلیس
٣. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
٤. پێوەندییەکان لەگەڵ پیاوانی ئاینیی
٥. هۆیەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی
٦. نامەرکەزیەت

● یەکێتی ئەوروپا کاردەکات بۆ پشتگیری کردنی بزاڤەکانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانەکانیان کە دەکەونە ژێر هەڕەشەو تۆقاندنەوە.

● یەکێتی ئەوروپا کار دەکات بۆ هاندانی دامەزراندنی دەستەیەکی باڵای نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا تا شوێنی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ بگرێتەوە.

● سەبارەت بە بابەتەکانی دەستوور یەکێتی ئەوروپا کاردەکات بۆ هاندانی جێبەجێکردن و هەموارکردنەوەی دەستوور کە ڕاڤەو شرۆڤەی هەمەچەشنەو زۆر لە خۆ دەگرێت.


بەو شێوەیە ئەم دانیشتنە کۆتایی هات کە وەك وەرشەیەکی کارکردن بوو، ئێمەیش لە دارشتنەوەی داخوازیەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاومان هەبوو.

**لەگەڵ ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشدا، بەڵام تا ئێستا ڕووبەڕووی هەڕەشەو و تۆقاندن دەبنەوە و ئێستا زۆر زەحمەتە ڕۆڵی جەوهەری لە بنیادنانی ئاشتیدا ببینن**

# باشووری کوردستان
# لێکدانەوەی ڕەوشی ئێستا و ئەگەرەکان

**ئەمڕۆ دوو جۆر وەفاداری (ئینتیما) ڕامان دەکێشێت. بۆیە ئاستێک لە ریفۆرمی هزری نەتەوەیی و بەرجەستەکردنی واقیعی نەخشەی خاکەکەمان دەبێت بروا و پشتگیری بۆ پێناسەیەک بەدەست بهێنێت. کە خەڵک و خاک و دەسەڵات کۆبکاتەوە، بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئێستای پێشمەرگە و گرنگیی خۆ نمایشکردنی حکومەتی هەرێم وەک دەسەڵاتی دەستڕۆیشتووی قەڵەمڕەو و ئیدارەی هەموو باشووری کوردستان، پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانی، دەشێت لە ئەولەویاتی ئەرکی حکومەتی ئەمڕۆی کوردستان بێت.**

**بڕوانە ئەو دژکاری (contradiction)ەی لە ڕۆڵی ئێستای سەرۆکی هەرێمدا هەیە وەک فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هەرێم. لە ئێستادا بوونی هێزی سەربازیی جیاواز کەمۆرکی ئاشکرای حیزبیان پێوەبێت (بۆ وێنە هێزەکانی (٧٠) و (٨٠) ی سەر بە یەکێتی و پارتی)، جۆرێک شێواندن و چەواشەکردنی مانای پۆست و ئەرکی سەرۆکی هەرێمە وەک فەرماندەی گشتی. ئێمە خاوەنی پێکهاتەیەکی حوکمڕانین کە پێویست دەکات هەموو هێزی سەربازی و ئەمنی و پۆلیس ڕاستەوخۆ لەژێر ئیدارە و ڕکێفی حکومەتدا بن و وەک هێزی نیشتمانی وەفادارییان ڕاستەوخۆیان بۆ خەڵک و خاکی کوردستان بێت. ئەمڕۆ کە پێشمەرگە لە ئەرکی پیرۆزی بەرگریدایە و کۆمەڵگای جیهانی پێزان و پشتیوانە بۆ ئەو ڕۆڵەی، پێم وایە کاتێکی لەبار بێت بۆ چەسپاندنی ئەو پێناسە نیشتمانییە.**



د. شەفیق قەزاز
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، Noam Chomsky دەڵێت: «خەڵکی کورستانی عێراق دەرفەتێکی مێژوویی چارەنووسسازی بۆ هەڵکەوتووە، بۆیە دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە کار بۆ بەردەوامبوون و پەرەپێدانی ئەو هەلە بکەن... پێش هەموو شتێك دەبێت ناومالّی خۆیان ڕێکبخەن و کێشەکانی ناوخۆیان چارەسەر بکەن. ئەگەر لەناوخۆدا تەبا نەبن، چاوەڕێی هیچ پاڵپشتێکی دەرەکی نەکەن». جێی سەرنجە کە لەمیانی قسەکانیدا، چۆمسکی پێ دادەگرێت و دەڵێت: «مەبەستم لەچارەسەری کێشەکان نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین و دیاردەی گەندەڵی و دزینی موڵکی گشتییە».

جا بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان «بەئاگا» بن و کاری پێویست لە پێناو قۆزتنەوەی ئەو هەلەدا بکەن، پێم وایە دەبێت ئاشنا بن بەو فاکتەر و ڕووداوانەی ئەو هەلەیان لێ ڕەخساوە.

کورد ماوەیەکە خەریکە زیاتر بە هۆشیاری و وردتر لە پێشوو، ڕوانگەی خۆی وەك نەتەوەیەك لەمافی چارەنووس گەڵاڵە بکات. دەشێت بەئەزموون لەوەش تێگەیشتبێت کەلەکاتی چارەنووسسازدا دەبێت بڕیار بەدەست خۆی بێت. هاوکات لەگەڵ ئەم جۆری بیرکردنەوەیە، ئەو دەرفەتەیە کە ڕەوشی ئەمڕۆی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە فەراهەمی کردووە و بواری ئەوەی پێ ئەدات کە لە بژاردەیەك زیاتری هەبێت و بە زیاتر لە ئاڕاستەیەك سیاسەت و ستراتیژی خۆی بگێڕێت. ئەمڕۆ هەردوو سیستمی حوکمڕانیی هەرێم و ناوەند بە قۆناغێکدا تێدەپەڕن کە تایبەتمەندی و کێشەی خۆیان هەیە و بڕوا ناکەم هیچ لایەکیان بۆ ئێستا گرەوی گەورە و گران لەسەر چارەنووسی ئەوی تریان بکات. بۆیە بەلای منەوە باشترین خەسڵەتی ئەو ڕێککەوتنەی ئەم دواییەی نێوان هەرێم و بەغدا، تایبەتمەندیە «کاتی» یەکەیەتی.

زۆرینەی سەرکردە عێراقیەکان لە شێوەی بیرکردنەوەیاندا خوازیار و چاوەڕوانن کە لە ئاستێکی نزمی پێگە و

توانای کوردیدا مامەڵە لەگەڵ داواکانی کورد بکەن تا بواری فشارخستنە سەر و سازشکردن بەسەرکردەکانیان پسەپێنن.

جا ئەگەر پاشخانێك لە بیرکردنەوەی تەسك و کرداری نەیارانەی پێشتر هاوشانی ئەم قەناعەتە رابگرین، هەست بە بوونی هەڵوێست و سیاسەتێکی سەخت دەکەین بەرامبەر بە کوردی باشووری کوردستان کە هەرەشەیەکی بەردەوام لەسەر ئەزموون و پێکهاتەی حوکمڕانیی هەرێم دروست دەکات.

پاش زیاتر لە بیست ساڵ ئەزموونی حوکمڕانی، کابینەی هەشتی «بنکەفراوان» وەك حوکمڕانی ئەمڕۆی هەرێم رووبەڕووی داوای گۆڕانکاری و چاکسازی دەبێتەوە. دوور لەو ستایشەی حیزبەکان خۆیان پێوەی خەریکن وەك خەسڵەتی ئەم «بنکەفراوان»یە، کابینەی هەشت دەکرێت لە ئیرادەی زیندووی هەموو لایەنەکانیدا بۆ هەڵمەتێکی یەکدەستی لە پرۆسەیەکی حوکمڕانیی دروست و چاکسازیدا (کەتا ئێستا بەدی ناکرێت) ئەو تایبەتمەندییەی حکومەتەکە بسەلمێنین. خۆ ئەگەر حکومەت توانا نەبێت لە بەدەستهێنانی ئەم ئەرکە، خەڵك چیتر دەربەستی ئەگەری راگرتنی تەبایی و پێکەوەژیانی لایەنەکانی ئەو حکومەتە نابن. بەمانایەکی تر، هەر هێزێکی سیاسیی بەشدار لەو حکومەتەدا، هەروەك چۆن دەرگای پرسی چاکسازیی کردەوە بۆ مەبەستی هەڵبژاردن، دەشێت ئێستاش لای خۆیەوە و لە سنووری ئەو دەسەڵاتەدا کە خەباتی زۆری بۆ کرد و پێی درا، ئەرکی خزمەتگوزاریی خۆی ئەنجام بدات. دەمەوێت بڵێم کە خەڵك، وەك خاوەنی حکومەتێك کە تێیدا دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی جاران، پێکەوە هاتوونە مەیدان بۆ خزمەتی گەل و خاك، چیتر پاساوی بێبنەما وەك بۆ نەبوون، یان کەمیی کارەبا، لەدەستدانی حەوت مانگ لە ئیدارەی رەوا لە سلێمانی، مشتومڕی بێهوودە بۆ هێشتنەوەی رێککەوتنی ستراتیژی، شکستی سەربازی لە شنگال، بەردەوامبوونی ئاسەواری شێوێنەواری دوو ئیدارەیی، ناسەروەریی یاسا، هتد، قبووڵ ناکەن. خۆ ئەگەر هاتوو، لایەنێکی ورەبەرز و لەخۆبووردوو لەو حیزبە دەسەڵاتدارانە کۆسپ و گرفتی خرایە بەر، دەتوانێت لە نێو ئەو حکومەتە بەرین و بنکەفراوانەدا بەرگری لە هەڵوێستی خۆی بکات، یان شەکوای حاڵی خۆی بۆ خەڵك ئاشکرا بکات. خۆ ئەگەر هەر زۆریشی بۆهات، دەکرێت وازبهێنێت و بکشێتەوە. ئەم سیناریۆیە چەند بۆ هێزەکانی پێشووی ئۆپۆزیسیۆن شیاوە، ئەوەندەش بۆ پارتی و یەکێتی واردە.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو دوو هێزە سیاسیەی کە تا رابووردوویەکی نزیك تاکە دوو حیزبی خاوەن دەسەڵات بوون لە هەرێمدا، دەبێت ئەمڕۆ هەستیار بن بەو راستیەی کە کاتێك خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەو دەرفەتە بوون کە ئەمڕۆ بۆیان رەخساوە، بەهەمان شێوە چاوەڕوانن کەئەو دوو حیزبە بەشێوەبیرێکی نوێ دەست بەکاربن. بۆ ئەنجامدانی کارێکی شایستە بەو دەرفەتە، دەسەڵاتی حوکمڕانی ئەمڕۆ، بەتایبەتی دوو حیزبی خاوەن ئەزموونی دەسەڵات، دەبێت دەستبەرداری ئەو ستایلە حوکمڕانیە تاکڕەو و سەپێنراوەی پێشووبن، بەتایبەتی چونکە ئەو گۆڕانەی لەخودی پێکهاتەی حکومەتدا هاتووە، رێگە نادات بەجەختکردن و بەردەوامبوونی ئەو ستایلی کارە. لەلایەکی ترەوە ئاکامی بەردەوامبوون لەسەر ئەو ستایڵ و شێوەی بیرکردنەوەیە، ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی تەحەداکانی ئەمڕۆ لاواز و بێبەرهەم دەکات.

لەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی پرسەکاندا، بابەتگەلێك لە رووداو و ئەگەری بەرەنگاربوونەوە هەیە کەدەشێت بۆ بیرکردنەوە لە سیاسەت و ستراتیژی ئێستا و ئایندەمان جێگەی تێڕامان و لێکدانەوەی دەسەڵاتی کوردی بن.

ئەنجامێکی ناڕاستەوخۆ و نامەبەست (unintended)ی شەڕی داعش کە بە ئەرکی پیرۆز بەڵام سەختی پێشمەرگە بەدەستهاتووە، گەڕانەوە و تا ئێستا پاراستنی ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستانە. ئەمە دەستکەوتێکە کە پێشتر دەستووری هەمیشەیی و حکومەتی عێراق و کورد خۆی خەمسارد بوون لە بەجێهێنانی. ئێستاش پاراستنی ئەم دەستکەوتە تەنها بەوە نابێت کە ناو بە ناو بانگەشەی ئەوە بکەین کە «مادەی ١٤٠ یەکلابووەتەوە». راستە ئێستا پێشمەرگە و ئیدارەی هەرێم ئەو ئەرکی پاراستنەیان لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام هەڕەشە و زیادەڕۆیی بەردەوام هەیە لەسەر ئەو ناوچانە لەشێوەی راستکردنەوەی «بەڵگە»ی یاسایی و جیۆگرافی و ئیداری بە رووی هەرێمدا و لەلایەکی ترەوە دەستدرێژیی میلیشیای جۆراوجۆر بەناوی هاوکاریی سەربازی و بەرەنگاربوونەوەی هێزی تێرۆریستانەوە. سەربارەی ئەمە، کێشەی کەرکووك و ناوچەکانی تر بابەتێکە کە موخابن هەموو لایەنەکان کۆك نین لەسەر شێوەی مامەڵەکردنی. دەسەڵاتی کوردی دەبێت زیاتر یەکدەنگ و پێداگر بێت لەسەر پاراستن و یەکگرتنەوەی ئەو ناوچانە لەگەڵ حوکمڕانیی هەرێم.

شاردراوە نیە کە ئیدارەی هەرێمی کوردستان ماوەیەکە دووچاری چەند قەیرانێکی دارایی، ئابووری، خواستی بژێوی و کەمدەرامەتیی خەڵك، هتد، هاتووە. لەپاڵ

**بەبۆچوونی گەلێک لە چاودێران رێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا زیاتر شێوەی ئاگربەستێکی پێوەدیارە وەک لەوەی فریادرەس و چارەسەرکەری کێشەکان بێت**

**پەرلەمان پێویستە پەسەندکردنی دەستوورێک بۆ کوردستان بکاتە دەسپێکی کارەکانی. کارکردن بە دەستوور، جیاواز لە بایەخە کارگوزاریەکەی، لەخۆیدا ئەرکێکی گرنک و بەشێکی بەرچاوی پرۆسەی چاکسازیە**

**حکومەتی هەرێم وەک دەسەڵاتی دەستوورێشتووی فەڵەمرەو و ئیدارەی هەموو باشووری کوردستان، پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانی، دەشێت لە ئەولەویاتی ئەرکی حکومەتی ئەمرۆی کوردستان بێت**

**لە ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق و ناوچەکەدا، کوردستان حاڵەتێک لە دەسەڵات و حوکمڕانیی دیفاکتۆ دەژی. جا چەند توانای ئاشکرا و شاردراوەی خەڵک و دەسەڵاتی هەرێم ڕێگە بدەن و هاوکاربن، کورد دەبێت لە ئاسۆیەکی نەتەوەیی کوردیدا بیر بکاتەوە و پلان دابنێت**

ئەمەشدا حکومەتی هەرێم بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، جۆرێك پابەندبوونی هاتۆتە سەر کە بەجێهێنانیان بەستراوە بە ئومێدی سەرگرتن و سەرکەوتنی نەخشەیەکی ئابووری و بەرنامەیەکی دارایی خودی حکومەتی هەرێم و نیازی پاك و ڕاستگۆیی ناوەندە سیاسی و حکومیەکانی عێراق و دراوسێ. لێرەدایە کە ئەرکی ڕاگرتنی باڵانسێك نێوان وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك لەناوخۆ و ئیلتزامکردن بە بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ بەغدا، توانا و دەگەری حکومەتی هەرێم دەخاتە سەنگی مەحەك. ئەمە هەمووی لەکاتێکدا پاراستنی خەڵك و خاکی باشووری کوردستان لە شەڕی داعش و فەراهەمکردنی ژینگەی لەباری سەربازی بۆ پێشمەرگە و یارمەتیی مرۆیی بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارە، ئەرکی ڕۆژانەی حکومەتە.

ئەم بارودۆخە ئاستێکی بەرز لەخۆبووردوویی، پشتگوێخستنی بەرژەوەندی حیزبی و کەسی، دەستهەڵگرتن لە پاوانخوازیی ناوچەیی و هاندانی هەستی پێکەوە ژیانێکی سیاسیی ئارام و بەرهەمهێن لە هێزە سیاسیەکان، بەتایبەتی بەشداربووانی حکومەت، داوا دەکات. بۆ ڕەوشی ئەمڕۆی کورد و ناوچەکە بەگشتی ئەم داوایە بژاردەیەك نیە کە دەسەڵاتدارانی حوکمڕانیی هەرێم بیانەوێت ڕەچاوی بکەن، یاخود هەوسکارانە و بە بیانووی لاواز فەرامۆشی بکەن. ئەدای ئەمڕۆی دەسەڵاتی کوردی دەبێت بە شێوازێك بنوێنێت کە جەماوەری خەڵکی هەرێم بڕوای پێ بکات و لە دەوری کۆ ببێتەوە. هەربەم جۆری خەبات و شێوەی کارکردنە دەتوانین لە کۆتایی ماوەی ئەو بەڵێن و پابەندبوونانەی لە ئەستۆن، بیر لە داڕشتنی چارەنووسێکی زیاتر گەشەکردوو بکەنەوە. لەسەرنجدان لەو کەشوهەوایەی ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدای تێدا ئەنجامدراوە، جێگەی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم، هەروەك چۆن ئومێدەوارە ئەو ڕێککەوتنە سازان و دەستکەوتی زیاتری بەدوادا بێت، بیری لە ئەگەری سەرنەگرتنی دواڕۆژیش نەکردبێتەوە.

ئەمڕۆ دروشمی هەرە گەشاوەی پێوەندیی نێوان کورد و ئەمریکا، ڕۆڵی پێشمەرگەیە لەشەڕی داعشدا. گرنگیی پێکهاتنی جۆرێك هاوپەیمانی لەم بووارەدا هەر ئەوە نییە کە لایەنەکەی تری دەوڵەتی ئەمریکایە. لە ڕێگەی ئیتیلافێکی فرە دەوڵەتیەوە دژ بە تیرۆر، کورد زیاتر ئاشنا و تێکەڵ بووە بە ژمارەیەك لایەنانی نێودەوڵەتی کە بۆ ئایندەی پرسی کورد دەشێت کەرەستەیەکی بایەخدار بێت. جیاواز لەو یارمەتیە سەربازیەی ئەو لایەنانە فەراهەمی دەکەن بۆ پێشمەرگە، بەشداریی کورد لەو ئیتیلافە دەوڵەتیە، بواری بەستنی پێوەندیی جیاواز و گۆڕینەوەی زانیاری و هاوکاری نێوان دەرەخسێنێت. بەڵام لە ڕووی مەبەستی سەرەکیی خودی ئیتیلافەکەوە، نابێت لەبیرمان بچێت کە هەتا ئەگەر ئەو پێوەندیە لە ئاستی هاوپەیمانێتیشدا بێت، تەنها لە چوارچێوە و سنوورێکی سەربازیی دیاریکراودایە و دەشێت بە سەرکەوتن بەسەر مەترسی و هەڕەشەی داعشدا، کۆتایی بێت. بەڵام دیسان لێرەدا لەوانەیە ئەگەری بەردەوامبوونی شێوازێکی تر لە پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی ئەو ئیتیلافە، جیاواز لە ئەمریکا، هەبێت، ئەمەش پەیوەستە بەرادەی سەلیقەی سیاسیی دەسەڵات و ئاستی لێهاتوویی دیپلۆماسیی کوردیەوە.

**ڕەوشی سیاسیی لەرزۆکی عێراق هەتا ئەمڕۆ زەمانەتی خۆڕاگری و مانەوەی نیە وەک دەوڵەت. ئاخۆ ساتێک دێت کە ئەمریکا سەبارەت بەسیاسەتی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق، بیر لە جۆرێک دوورکەوتنەوە لەو سیاسەت و ستراتیژە بکاتەوە؟**

چاودێرانی ئاشنا بە عێراق و کێشەی کورد دەڵێن ئەگەر کورد شوێن مەسەلەیەکی نەتەوەیی و ستراتیژی کەوتبێت، ئەوا ئەمریکا لەو بووارەدا بە کەڵکی نایەت. چونکە وەك Michael Gunther باس دەکات «ئەمریکا دەربارەی کورد وەك نەتەوە، ستراتیژی نییە».

ڕەهەندێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی هەندێك جار پشتگیریە لە دەوڵەتانی دامەزراوی تەقلیدی، جیاواز لە جۆری بەڕێوەچوون و پێناسەی ڕژێمەکەی و ئەمەش بە مەرجێك کە دژ بەبەرژەوەندی ئەمریکا نەبن. لەحاڵەتی عێراقدا، بەتایبەتی نزیك کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ساڵی ٢٠١١، ئەم پرینسیپە بووە پێویستیەکی سیاسەتی ئەمریکا بە دەسەڵاتێکی حوکمڕان لە عێراق کە ئەو وڵاتە لە هەڵدێری لێکترازان بگێڕێتەوە. ئەوە بوو سەرەتا ئەم خواستە بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێکی پاشە کشەی هێزەکان ڕەنگی دایەوە، ئەمڕۆش هەمان خواست پێویست دەبینرێت بۆ بەڕێکردنێکی سەرکەوتووانەی شەڕی دژ بە تیرۆر.

نەبوونی سیاسەت یاخود ستراتیژێکی داڕێژراوی ئەمریکی سەبارەت بە کورد ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی. دەوڵەتان، بەتایبەتی دەوڵەتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا لە ئاستی جیهان و سنووری پێوەندی نێودەوڵەتیدا، زیاتر مەیلی مامەڵەی لەگەڵ ناوەندی دەوڵەتانی تر هەیە، نەك لەگەڵ پەراوێزی ئەو دەوڵەتە وەك هەرێمێك. بەڵام ئەوەتا کاتێك ڕەوشێك یاخود جۆرێکی سیاسەت پێویست بکات کە لەگەڵ گروپی کەم نەتەوایەتی یاخود پەراوێزی دەوڵەت ئەو مامەڵەیە بکرێت، پێوەندیەکە شێوازێکی ژێر- بە- ژێر، واتا نهێنی وەردەگرێت. بۆ وێنە پێوەندیی کورد- شای ئێران- ئەمریکا لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا. هۆکاری دووهەم، وەك نووسەرێکی کورد دەڵێت: «ئەمریکا دژ بە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی جیۆپۆلیتیك یان سەردەمی

خاك «. بەڵام ئەوەتا کێشەی کورد و بەشێوەیەکی دیار لە باشووری کوردستان، کێشەی خاکە. واتا لە روانگەی ئەم «واقیع»ـەوە دژایەتیەك دەبینرێت لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکا و خواستی کورد. لەوانەیە هەر دەرهاویشتەی ئەم چەمکەی سیاسەتی ئەمریکا بێت کە هەموو ئیدارەیەکی ئەمریکی پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراقی لامەبەستە و لە ئەنجامی ئەمەش سروشتییە کە کورد ناکەوێتە بەرەی ئەو هێزانەی بەرگری لە یەکێتیی خاکی عێراق دەکەن.

لەڕەوشی ئێستادا، فاکتەری شەڕی کورد و ئەمریکا بەرامبەر داعش دوالیزمێکی دروست کردووە کە لەلایەکەوە «هاوپەیمانی»یەکی سەربازی هەیە نێوان پێشمەرگەی کوردستان و ئەو ئیتیلافە فرە دەوڵەتیەی کە ئەمریکا سەرۆکایەتیی دەکات. لە هەمان کاتدا هیچ هێمایەك نییە کە ئەو هەڵوێست و سیاسەتەی سەرەوەی ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. تەنانەت ئەو بڕیارە شپرزەیەی کە لە کۆبوونەوەی رۆژی ٨/ ٩/ ٢٠١٤ لە پارەگای بزووتنەوەی گۆڕان و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمریکا و UN درا و ئەو فشارەی خرایە سەر کورد بۆ بەشداربوون لە حکومەتی عەبادیدا، سەلمێنەر و سەپێنەری ئەو سیاسەت و هەڵوێستەیە.

سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی ئەزموونێکی تاڵ و بێبەرهەمی لەگەڵ ئەمریکا بەسەر برد. کەوابوو پرسیار لە هەڵوێستی ئەمڕۆی ئەمریکا و جۆری پێوەندیی لەگەڵ هەرێم و حکومەتی عێراق، گەلێك بۆچوون و لێکدانەوە دەورووژێنێت، لەوانە بەرەنگاربوونەوەی داعش وەك قۆناغێکی نوێی شەڕی دژ بە تیرۆر، رەوشی نێوان هەرێم و بەغدا و هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر رێککەوتنی ئەم دواییەی نێوانیان و لە هەمان کاتدا دەرفەتی بیرکردنەوە لە ئەلتێرنەتیڤی جۆراو جۆر بۆ ئێستا و دوارۆژی ئەو پێوەندیانە. بۆ وێنە، راستە هەتا ئەمڕۆ ئیدارەکانی یەك لە دوایەکی ئەمریکی راسپاردەکانی راپۆرتەکەی ISG (بەیکەر- هاملتۆن) یان وەك بەشێك لە سیاسەتی دەوڵەت رەچاو نەکردووە، بەڵام ئەوەش راستە کە تا ئێستا هیچ ئاماژەیەك نیە کە ئیدارەی ئۆباما، یان هەر ئیدارەیەکی پاشتر، ئەو راسپاردانەی بە یەکجاری وەلا خستبێت، یاخود بیریان لێ نەکاتەوە. بەهەمان پێوەر رەوشی سیاسیی لەرزۆکی عێراق هەتا ئەمڕۆ زەمانەتی خۆڕاگری و مانەوەی نییە وەك دەوڵەت. ئاخۆ ساتێك دێت کە ئەمریکا سەبارەت بەسیاسەتی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق، بیر لە جۆرێك دوورکەوتنەوە لەو سیاسەت و ستراتیژە بکاتەوە؟

لە رەوشی ئەمڕۆی عێراق و ناوچەکەدا، کوردستان حاڵەتێك لە دەسەڵات و حوکمڕانیی دیفاکتۆ دەژی. جا چەند توانای ئاشکرا و شاردراوەی خەڵك و دەسەڵاتی هەرێم رێگە بدەن و هاوکاربن، کورد دەبێت لە ئاسۆیەکی نەتەوەیی کوردیدا بیر بکاتەوە و پلان دابنێت. لەهەمان کاتدا سنووردانی خواست و ئاواتەکانی و کۆسپی سیاسی و دەستووریی زۆریشی لەپێشە و ناچارە زۆرجار لەگەڵ گەمار و ژینگەی نا-کورد و هەندێك جاریش ناکۆك مامەڵە بکات. لەم روانگەیەوە لەوانەیە شەڕی پێناسەمان گوڕوتینی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. بەواتایەکی تر، ئەمڕۆ دوو جۆر وەفاداری (ئینتیما) رامان دەکێشێت. بۆیە ئاستێك لە ریفۆرمی هزری نەتەوەیی و بەرجەستەکردنی واقیعی نەخشەی خاکەکەمان دەبێت بڕوا و پشتگیری بۆ پێناسەیەك بەدەست بهێنێت. کە خەڵك و خاك و دەسەڵات کۆبکاتەوە، بۆ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئێستای پێشمەرگە و گرنگیی خۆ نمایشکردنی حکومەتی هەرێم وەك دەسەڵاتی دەستڕۆیشتووی قەڵەمڕەو و ئیدارەی هەموو باشووری کوردستان، پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە وەك هێزێکی نیشتمانی، دەشێت لە ئەولەویاتی ئەرکی حکومەتی ئەمڕۆی کوردستان بێت. بڕوانە ئەو دژکاری (contradiction)ـەی لە رۆڵی ئێستای سەرۆکی هەرێمدا هەیە وەك فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هەرێم. لە ئێستادا بوونی هێزی سەربازیی جیاواز کەمۆرکی ئاشکرای حیزبیان پێوەبێت (بۆ وێنە هێزەکانی (٧٠) و (٨٠) ی سەر بە یەکێتی و پارتی)، جۆرێك شێواندن و چەواشەکردنی مانای پۆست و ئەرکی سەرۆکی هەرێمە وەك فەرماندەی گشتی. ئێمە خاوەنی پێکهاتەیەکی حوکمڕانین کە پێویست دەکات هەموو هێزی سەربازی و ئەمنی و پۆلیس راستەوخۆ لەژێر ئیدارە و رکێفی حکومەتدا بن و وەك هێزی نیشتمانی وەفاداریی راستەوخۆیان بۆ خەڵك و خاکی کوردستان بێت. ئەمڕۆ کە پێشمەرگە لە ئەرکی پیرۆزی بەرگریدایە و کۆمەڵگای جیهانی پێزان و پشتیوانە بۆ ئەو رۆڵەی، پێم وایە کاتێکی لەبار بێت بۆ چەسپاندنی ئەو پێناسە نیشتمانیە.

هەرێمی کوردستان دەبوو لەسەرەتای دروستبوونیەوە وەك حکومەت، خاوەنی دەستووری خۆی بوایە. لەو بڕوایەوە کە بوونی دەستوور سیستمی حوکم دەخاتە ئاستێکی بەرزی رەوایی دەستووری و ئەدایەکی کاریگەرتری دەزگاکانی، پەرلەمان پێویستە پەسەندکردنی دەستوورێك بۆ کوردستان بکاتە دەسپێکی کارەکانی. کارکردن بە دەستوور، جیاواز لە بایەخە کارگوزاریەکەی، لەخۆیدا ئەرکێکی گرنك و بەشێکی بەرچاوی پڕۆسەی

**لە رێگەی ئیتیلافێکی فرە دەوڵەتیەوە دژ بە تێرۆر، کورد زیاتر ئاشنا و تێکەڵ بووە بە ژمارەیەک لایەنانی نێودەوڵەتی کە بۆ ئایندەی پرسی کورد دەشێت کەرەستەیەکی بایەخدار بێت**

**ئەم بارودۆخە ئاستێکی بەرز لەخۆبووردوویی، پشتگوێخستنی بەرژەوەندی حیزبی و کەسی، دەستهەڵگرتن لە پاوانخوازیی ناوچەیی و هاندانی هەستی پێکەوە ژیانێکی سیاسیی ئارام و بەرهەمهێن لە هێزە سیاسیەکان، بەتایبەتی بەشداربووانی حکومەت، داوا دەکات**

**کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی تر بابەتێکە کە موخابن هەموو لایەنەکان کۆک نین لەسەر شێوەی مامەڵەکردنی. دەسەڵاتی کوردی دەبێت زیاتر یەکدەنگ و پێداگر بێت لەسەر پاراستن و یەکگرتنەوەی ئەو ناوچانە لەگەڵ حوکمڕانیی هەرێم**

چاکسازیە.

کورد تا ئەمڕۆ گەرەنتیی هەرە تۆکمەی بۆ وەڵامدانەوە و جێبەجێکردنی خواستەکانی، دەستووری هەمیشەیی عێراقە. کەوابوو پەرلەمانێکی جەربەزە و لێهاتووی هەرێم دەبێت چاودێر و پاسەوانی بوێری ئەو دەستوورەش بێت و ڕێگربێت لەوەی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند بخرێتە بازنەی گفتوگۆی سیاسیی بێسوودەوە، بەڵکو بکرێتە ئەولەویاتی کاری حکومەتی ناوەند و بەجۆرێکی سیستماتیکی کاریان لەسەر بکرێت.

لەسەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەکرا بە دەرفەتێکی هەڵکەوتوو بۆ کورد و هەروەها ئەو کەماسی و ئاریشە و کۆسپانەی ڕێگرن لە ئەدای خەڵکی کورد وەك نەتەوە و حکومەتەکەی وەك نموونەی سیستمێکی حوکمڕانیی ئێستا. لایەنانی ئاشنا و پێوەندیار بەپرسی کوردەوە، هەریەك لەروانگە و مەبەستی جیاوازی خۆیەوە، ڕەوشی ئەمڕۆی باشووری کوردستان و ئەدای دەسەڵاتەکەی وەك حوکمڕانی دەکەنە پێوەر بۆ ئاستی خۆڕاگریی کورد و هەروەها ئەزموونی چەند ساڵەی وەك ستانداردێك دەبینن کە ئاخۆ کوردی ئەم بەشەی کوردستان چەندی لەباردایە وەك ئەکتەرێکی سیاسیی ناوچەکە، وەك دەسەڵاتێکی حوکمڕانیی دروست، وەك هێزێکی پێشبین و توانا لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و ئاڕاستەکردنی



ستراتیژی خۆی و لەمانەش زیاتر، لەتوانای قۆزتنەوەی هەلومەرجی لەبار.
بەبۆچوونـــی گەلێك لە چاودێـــران ڕێككەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا زیاتر شـێوەی ئاگربەستێكی پێوەدیارە وەك لەوەی فریادرەس و چارەســەركەری كێشەكان بێت. وەك دەرخەری گرفت و ئاســتی تەنگاویی هەردوولا، بوارێكی رەخســاندووە كە تێیدا ئەكتەرەكان بەئاستێك خۆیان براوە ببینـــن. هەروەها دەرفەتێكە بۆ راییكردنی ئەركـــی حوكمڕانی لە ســایەی كاتێكـــی دیاركراودا. دوا ئاڕاســتە و كاریگەریی ئـــەم ڕێككەوتنە لەرادەی ئامادەباشـــی هەردوو لادا دەردەكەوێت لە ماوەی ئەو ساڵەی بۆی دەسنیشانكراوە.
بەلای منەوە، روخسارێكی
ئەم باســـە
ئە و ە

دەسەلمێنێت كە كورد وەك توخمێكی گرنگی نەتەوەیی ناوچەكـــە ناكرێـــت لەلایـــەن ئەكتەرانـــی دەوروبەر و نێودەوڵەتیەوە، هەتا ئەگەر هەستیار و لایەنگریش نەبن بەپرسەكەی، بوون و ئاواتەكانی وەك نەتەوەیەك فەرامۆش بكەن. هەڵبـــەت دواجار دەگەڕێتەوە بۆ كورد خۆی كە چۆن لەناوخۆدا وەك نەتەوە و لە ئاســـتی دەرەكیدا وەك ئەكتەرێكی لێهاتوو، مامەڵە دەكات.



**ئەحمەد حاجی ڕەشید**
**بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# بودجەی ئەمساڵی عێراق زیاتر لە ٢٣ ترلیۆن دینار کورت دەهێنێت

## بۆ ٢٠١٥ پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق زیاتر لە ١٥ ترلیۆن دینارە



**دوای ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و پێشمەرگە، پڕۆژەیاسای بودجە بۆ ساڵی ٢٠١٥ جیاواز لە ساڵەکانی دیکە بە ڕێککەوتن لە ناو ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پەسەند و ڕەوانەی پەرلەمان کرا، ئەوجا لەبەر ئەوەی پڕۆژەیاسای بودجە بە ڕێککەوتن بووە، ئەوا چاوەڕێ دەکرێت کە ئەمساڵ زووتر تێبپەڕێندرێت. بۆ قسەکردن لەسەر وردەکاریی پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵی عێراق، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پەرلەمانتار ئەحمەد حاجی ڕەشید بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕێکخست و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵ لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە چ شێوەیەك بووەو چ زانیارییەکتان لەو بارەیەوە هەیە؟**

- خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق کراوە و لە پڕۆژەکەدا پۆلێنکردنەکەی بەم شێوەیە بوو: خەرجییە گشتییەکان ١٢٣ ترلیۆن دینار و کەسرێکە، لەم بڕە پارەیە ئەوەی داهات بێت بریتییە لە ٩٩ ترلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینار، کەواتە لە ئەنجامی لێدەرکردنی داهاتەکان لە خەرجییەکان، ئەوەی تری کە دەمێنێتەوە پێی دەوترێت کورتهێنان، واتە ٢٣ ترلیۆن و ٢٠٠ ملیار دینار کورتهێنانمان هەیە، ئەو داهاتانەی تری کە باسمان کرد واتە ٩٩ ترلیۆن و ٨٠٠ملیارەکە بریتییە لە داهاتە نەوتییەکان کە بڕی هەشتاو چوار ترلیۆن داهاتی نەوتیمان هەیە، واتە بە ڕێژەی ٩٠٪ی بەرەو ژوور داهاتەکانی عێراق داهاتی نەوتین، دواتر داهاتی ترمان هەیە کە بریتین لە باجی داهات و گومرگ و داهاتی ڕسووماتی مامەڵەکردنەکان و داهاتی پێدانی موڵك و فرۆشتنی موڵك و داهاتی هەمەجۆری دیکە.

*** پڕۆژەیاسای بودجەکە چەند بەشی دیکەی لەگەڵە؟**

- ئەم پڕۆژە یاسایە سێ بەشە، بەشێکیان پێی دەگوترێت سەروەریی کە هەر لە ناو ئەم ١٢٣ ترلیۆنەدایە، بودجەی سەروەری ٢٥ بڕگە لە خۆی دەگرێت، گرنگترین بڕگەیان بریتییە لە بەرگری کە نزیکەی ١٤ ترلیۆن دیناری پێویستە، کە بەرزترین ڕێژەیە و دەشکرێت هەموو بودجەیەك ناوزەد بکرێت واتە بەچیدا دەناسرێتەوە بەوەی کە زۆرتیرن پارە بۆ چ سێکتەرێك خەرج بکرێت پێی دەوترێت بودجەی ئەو شتە بە ناوی سێکتەرەکەوە، کەواتە دەتوانین لەم ڕووەوە بە بودجەی عێراق بڵێین بودجەیەکی (دیفاعیە)، بەرگریکردنە کە بودجەیەکە لە کاتێکدایە کە عێراق ڕووبەڕووی هێرشێکی زۆر ناڕەوای تیرۆریستی بۆتەوە، لەبەرئەوە زۆرترین پارە لە بودجەکەدا بۆ بوارەکانی بەرگری تەرخان کراوە، پاش ئەم سێکتەرە وزە دێت کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دووەمین گرفت لە عێراقدا هەمانبێت بریتیە لە گرفتی وزەو بە تایبەتیش کارەبا، لە پاش ئەمانیش سێکتەرەکانی دیکەن کە هەر یەکەیان بە ڕێژەیەکی تایبەت هاتوون، ئەو بودجەی کە ٢٥ سێکتەرەکە لە خۆی

دەگرێت، چەند بەرز ببێتەوە بە زیانی کورد تەواو دەبێت، چونکە لە بودجە گشتیەکە ئەم ڕێژەی ٢٥ سێکتەرەی لێ دەردەکرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت بودجەی حاکیمە، ئەویشش چەند بڕگەیەك لەخۆ دەگرێت کە یەکەمیان کۆبوونی خۆراکە، لەم بوارەیاندا ١٧٪ی پیتاکی خۆراك بۆ کوردستان خەرج دەکرێت، دوای ئەوەیش دەرمان ئینجا وزەی کارەبا ئینجا دەستەی ململانێی موڵکایەتییە، دواتریش دەستەی حەج و عەمرەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە پترۆدۆلاری لێ دەردەکەن کە لە سالانی پێشوودا پێنج دۆلار دانرابوو بۆ هەر بەرمیلێك نەوت بۆ هەر پارێزگایەك کە نەوتی لێ دەردەهێنرێت، یان تێیدا پاڵاوتە دەکرێت یان بۆ هەر ١٥٠مەتر سێ جایەك غاز کە لە هەر شوێنێك هەنارده دەکرێت، ئەمساڵ لە بڕیاری یەکەمدا ئەم پترۆدۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك نەوت بووە بە یەك دۆلار، دیارە نوێنەرانی پارێزگای بەسرە گلەییان هەبوو لەو ڕێژەی یەك دۆلارەکە، چونکە زۆرترین نەوت کە لە عێراقەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، لە بەسرە دەردەهێندرێت و هەنارده دەکرێت، لەبەرئەوە یەك دۆلارەکەیان بۆ کردن بە دوو دۆلار، جگە لەوەش چەند نەوت دەردەهێنن، لەبری ئەوەش خزمەتگوزاری بۆ ئەو شارە دابین بکەن، پاش ئەوەش پەرەپێدانی پترۆدۆلاری لێ دەردەچێت، پاشتر پەرەپێدانی هەرێمەکان دێت کە پێی دەگوترێت پەرەپێدانی پارێزگاکان کە بڕی ٣,٥ ترلیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئەم بڕە بە پێی ژمارەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەك دابەش دەکرێت بەسەر دانیشتوواندا، بۆ نموونە هەرێمیان بە نزیکەی چوار ملیۆن و ئەوەندە کەس حیساب کردووە، کەواتە بڕی نزیکەی ٤٤٠ ملیار دیناریان بۆ دابین کردووە، پارێزگای سلێمانی بڕی ١٧٦ ملیار و پارێزگای هەولێر بڕی ١٥٩ ملیارو پارێزگای دهۆك ١٠٨ ملیاریان بۆ دابین کردووە.

*** ئەی بۆ پارێزگای هەڵەبجە چەند تەرخانکراوە؟**

- پارێزگای هەڵەبجە پشکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، چونکە ئەو بڕیارەی کە دراوە بۆ بە پارێزگابوونی هەڵەبجە بڕیارەکە لە پەرلەمانی کوردستان دراوە و تا ئێستا ئەو بڕیارە لە پەرلەمانی عێراقدا نییە، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان کاتێ لێرە ئەم بودجەیەی خۆی مەزەندە دەکاتەوەو تەسدیقی دەکاتەوە تەنیا بێت پشکی پارێزگاکان لە سێ پارێزگاوە بکاتە چوار پارێزگا و پشکەکەی جیا بکاتەوە، تا بە شێوەیەکی سروشتی ئەو چاوەڕوانییەی خەڵکی هەڵەبجە لە حکومەتی هەرێمیان هەیە، جێبەجێ دەبێت، ئەو بڕەی کە لە خەرجییەکان دەمێنێتەوە پاش ئەوەی سەروەری و حاکیمەوە و پەرەپێدانی هەرێمەکان و پترۆدۆلارمان لێ دەرکرد، ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە ١٧٪ی بودجەکە بەر کورد دەکەوێت کە بریتییە لە بڕی١٥ ترلیۆن و ٤٤٠ ملیار دینار.

*** جیاوازی پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵ لە گەڵ ساڵەکانی پێشوو چییە؟**

- لە بودجەی ئەمساڵدا، پرسی پێشمەرگەمان هەیە کە یەکێکە لەو خاڵانەی کە زۆر گرنگە بۆ ئێمە، بێگومان بودجەکانی پێشوو کۆمەڵێك سزای تێدا بوو بەرانبەر هەرێمی کوردستان، پاش ئەوەی لەم دواییەدا کۆمەڵێك دانوستاندنی لەسەر کراوە، نەماون، یەکێك لەو دانوستاندنانەی کە کراوە ئەوەیە چەندێك نەوت هەنارده بکرێت، ڕێککەوتنەکە بەو شێوەیە بووە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوك لە بۆڕییەکانی کوردستانەوە ڕۆژانە هەنارده بکرێت، پارەکەشی دەچێتە سەر حیسابی دی ئێف ئای، ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە هەرێمی کوردستان خۆی بەم ڕێژەوە پێوەی پابەند کردووە. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە حکومەتی ناوەند بڕی ئەو پازدە ترلیۆن و چوار سەد ملیار دینارە دەبێت بنێرێت بۆ حکومەتی هەرێم، ئینجا مانگانە دەینێرێت و پارەکە دابەشدەکرێت سەر دوازدە مانگ و هەر مانگێك ترلیۆنێك و دوو سەدو پەنجا ملیارێکی بەردەکەوێت، هەر کاتێك حکومەتی ناوەند پارەکەی نەنارد، هەرێمی کوردستانیش نەوتەکەی نانێرێت و داهاتەکەی بەیان ناکات، خۆ ئەگەر هەرێمیش نەوتەکەی نەنارد حکومەتی ناوەند پارەکەی هەرێم رادەگرێت، ئەمە یەکێکە لەو بڕگانەی هەردوولا بە تەوافوق گەیشتونەتە ئەم دەرئەنجامە.

*** هەموو جار باسی بوونی برگەی سزادان دەکەن لە بودجەکانی پێشوودا، ئایا چی لاچووە و چی جێگەی گرتۆتەوە؟**

- لە پڕۆژەیاساکانی پێشوودا لە مادەی نۆ بڕگەی چوار و پێنج هەروەها لە مادەی دە بڕگەی یەك و دوو هەروەها لە مادەی یازدە بە تەواوی بڕگەکانی هەروەها لە مادەی بیست و سێش بێگومان هندێك لەو ماددانە لابراون، یان چاککراو،ن وەك بابەتی پێشمەرگە، هەندێکیشیان ماوەکەیان گۆڕدراوە، یەکێك لەو گرفتانەی کە ئێستا وەك بەندێکی سزایی لادەدرێت، ئەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٧بە دواوە پارەی پێشمەرگە نەنێردراوە، بەڵام ئێستا چارەسەرێکی گونجاویان بۆ دۆزیوەتەوە ئەویش لە پارەی وەزارەتی بەرگری کە سیادییە لە بەشی هێزە پیادەکان هەرچەندی بۆ تەرخان کرابێت، بە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پارە تەرخان دەکرێت بۆ هێزی پێشمەرگە و مانگانەش دەبێ بنێردرێت، لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیشەوە بە پێچەوانەی سالانی رابردوو بە هۆی ئەو ڕێککەوتنە تەوافوقیە سیاسی و ئابوورییەی ئەم دواییەی نێوان هەردوولا ڕەنگدەداتەوە بۆ ناو ئەنجومەنی نوێنەرانیش، چونکە هەر ئەو وەزیرانە نوێنەرانی ئەو حزبانەن کە لە ناو پەرلەماندان، بۆ نموونە وەزیرەکەی من کە رازی بووە واتە کۆمەڵی ئیسلامی هیچ سەرنج و تێبینییەکی نەبووە، بە هەمان شێوە وەزیرانی دیکەی کورد و شیعەکان و نوێنەرانی سوننەکانیش ئەگەر سەرنجێکی سادەش هەبوویێت، وەزیرە بەڕێزەکان بە ئێمەیان وت دەتوانن پێشکەشمانی بکەن.

*** لە قسەکانت وادەردەکەوێت لە ئێستادا هیچ سەرنجێکتان نەبێت، یان هەتانە و بە فەرمی بە وەزیرەکانی دەدەن؟**

- بێگومان ئێمە دوو سەرنجمان هەیە، یەکەمیان بە فەرمی، یان بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ پرسی مادەی ١٤٠ لە پڕۆژەیاساکەدا پارە تەرخان نەکراوە، خاڵی دووەم لە پڕۆژە یاساکانی سالانی رابردوو نووسراوە لە کۆی خەرجییەکان، هەرێمی کوردستان ١٧٪ی بەردەکەوێت، ئەمساڵ نووسراوە لە کۆی خەرجییە فیعلییەکان، ئەم وشەی فیعلیەکان وەك کۆت و بەندێکە و

**پارێزگای هەڵەبجە پشکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، چونکە ئەو بڕیارەی کە دراوە بۆ بە پارێزگابوونی هەڵەبجە لە پەرلەمانی کوردستان دراوە و تا ئێستا ئەو بڕیارە لە پەرلەمانی عێراقدا نییە**

**دانانی باج لەسەر کارتی مۆبایل، ڕەنگە فشارێک دەخاتە سەر هاووڵاتیان، بەڵام عێراق سەرچاوەی تری داهاتی نییە، بۆیە لێرەوە دەستی پێکردووە**

**بە فەرمی، یان بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ پرسی مادەی ١٤٠ لە پڕۆژەیاساکەدا پارە تەرخان نەکراوە**



زوهێر ئەلجەزائیری

نووسەر و راگەیاندکاری عێراقی بۆ گوڵان:

# رزگارکردنی شنگال لەلایەن پێشمەرگەوە دەستپێکی رزگارکردنی سەرجەم ناوچە داگیرکراوەکانە

**سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش و رزگاکردنی شنگال، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عێراقی و جیهانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، هەموو لایەکیش ئەم سەرکەوتنە بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش دەزانن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە دوای ئەم لووتشکانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە، چیدیکە داعش ئەو ئەفسانەیە نییە کە جیهان سەیری دەکرد. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم سەرکەوتنانە ئەم وتوێژەمان لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووسی عێراقی زوهێر ئەلجەزائیری ئەنجامدا و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

لەوانەیە بەوجۆرەش بخوێندرێتەوە عێراق چەند خەرجی هەبێت، لێی دەربکرێت و ئەوجا رێژەی ١٧٪مان بەردەکەوێت، ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەمە هەیە لەبەر ئەوەی دەزگای جێبەجێکاری حکومەتی عێراق رێك نییە و هەروەها بابەتی ئەمنییەتی شارەکانی ناوەند و باشووری عێراق تەواو نییە و ئەمە وا دەکات بێنە و بەردە بکەن بە پرۆژەیاساکانەوە لە کاتێکدا ئەمە گرفتی ئێمە نییە، ئەوان ناتوانن پرۆژە جێبەجێ بکەن، ئەمرۆ چەند ئەندامێکی فراکسیۆنەکان دەیانگوت لەوێدا زەرەریان لێداوین کە پێویستە بە تەوافوقی سیاسی لەو خاڵانەدا چارەسەر بدۆزینەوە کە بە هەماهەنگی هەموومانەوە دەکرێت تا بتوانین جێبەجێیان بکەین، ئەگەر پێمان کرا باشە، ئەگەر نا ئیتر کۆتایی دنیا نایەت، چونکە سیاسەتکردن بۆ خۆی هونەری گریمانە و ئەگەرەکانە.

*** ئایا تاچەند هەستدەکرێت بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵ هەماهەنگی لەنێوان لیستەکانی ناو پەرلەمان هەبێت و ئەم پرسە دوانەکەوێت؟**

- سەبارەت بەوەی لیستی شیعیەکان و سوننەکان بە هەردوولایانەوە و ئێمەش وەك لایەنی کوردستانی، هەروەها لە لیژنەی داراییش هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەم پرۆژەیە بە کەمترین ماوە تێپەڕێندرێت، چونکە خەڵکی عێراق لە چاوەڕوانیدان و ساڵێك و چەند مانگێکە کە ماوەیەکی زەمەنییە پرۆژەیاسا نییە، لەبەرئەوە هەموو عێراقییەکان چاویان لە هەوڵ و هیمەتی ئێمەی پەرلەمانتارانە، کە پێویستە بە کەمترین ماوە و کەمترین کەموکوڕییەوە بودجەکە تێپەڕێنین.

*** باشە ئێوە وەك پەرلەمانتاران لە کاتی گفتوگۆکان چۆن چارەسەر بۆ کورتهێنانی بودجە دەدۆزنەوە؟**

-دەبێت سەرچاوەی دابینکردنی داهاتی دیکە دابین بکەین، بۆ نموونە دانانی باج لەسەر کارتی مۆبایل، رەنگە ئەمە فشارێکە و دەکەوێتە سەر هاووڵاتیان، بەڵام عێراق سەرچاوەی تری داهاتی نییە، بۆیە لێرەوە دەستی پێکردووە، نامەوێ ببمە پارێزەری حکومەت و بڵێم ١٠٠٪ کارەکەی باشە و ناشمەوێ وەك رکابەری حکومەت مامەڵە بکەم، ئێمە دوو گرووپین کاری یەکتر تەواو دەکەین، بۆیە من کاتی خۆی پێشنیازی ئەوەم کرد کە ئەم باجە بکەوێتە سەر کۆمپانیاکان، بەڵام پێویستی بە تەشریعی یاسای نوێیە کە لە حاڵەتی ئێستا زەحمەتە بکرێت، لەبەرئەوە ئەم باجدانە کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان دەبێت، بەڵام رێژەکەی رێژەییە بۆ نموونە ئەگەر دوو کارت لە مانگێکدا بەکار بهێنی، باجەکەی چوار هەزار دینار دەکات، بەڵام کەسێك کە زیاتر لە پێنج کارت بەکار بهێنێ زیاتر لە دەهەزار دینار دەکات، زیاتر خەڵکانی دەوڵەمەند و خاوەن بزنس زیاتر کارت بەکار دەهێنن، لەبەر ئەوە کاریگەری لەسەر خەڵکی داهاتدار زیاترە وەك لەسەر خەڵکانی داهات کەم، چونکە هەندێ باج و فەرزکردنی لەم کاتەدا بەسەر هاووڵاتیان لەگەڵ بژێوییاندا ناگونجێت، هەندێ باج زیادکراوە رەنگە ببنە هۆی نیگەرانیی خەڵکی، بەڵام لە دنیادا باجەکان بەشێکە لە سیاسەتی دارایی وڵات بۆ رێکخستنی زۆر کاروباری تری ژیانی خەڵکی.

**لە پارەی وەزارەتی بەرگری کە سیادییە لە بەشی هێزە پیادەکان هەرچەندی بۆ تەرخان کرابێت، بە رێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پارە تەرخان دەکرێت بۆ هێزی پێشمەرگە و مانگانەش دەبێ بنێردرێت**

**عێراق رووبەڕووی هێرشێکی زۆر ناڕەوای تیرۆریستی بۆتەوە، لەبەرئەوە زۆرترین پارە لە بودجەکەدا بۆ بوارەکانی بەرگری تەرخان کراوە**

**بڕی هەشتاو چوار ترلیۆن داهاتی نەوتیمان هەیە، واتە بە رێژەی ٩٠٪ی بەرەو ژوور داهاتەکانی عێراق داهاتی نەوتین**

*** ئەگەر بکرێ ڕای خۆت دەرببڕیت دەربارەی ئەو شەڕەی لەم دواییەدا ڕوویدا کاتێ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانییان چیای شنگال و بەشێکی شاری شنگال بگرنەوە کە ئەو چیایە وەکو خەونێکی لێهاتبوو و هەموو جیهان باسیان لێوە دەکرد کە چۆن دەکرێ ڕزگاربکرێت؟**

- چیای شنگال دەڕوانێتە سەر ڕووبەرێکی زۆری ناوچەکە، واتا شوێنێکی ستراتیژییە و ڕزگارکردنی ئەم چیایە و دەوربەری دەستپێکیشە بۆ ڕزگارکردنی سەرجەم ناوچەکە و لێدانی داعش لە ناوچەکانی دیکە، بۆیە گرتنەوەی شنگال کە داعش سەرەتا وەك شوێنێکی ستراتیژیی داگیری کرد و خەڵکەکەی دووچاری مەینەتی و ئاوارەیی کرد و ئاڵای ڕەشی خۆی لێ چەقاند بۆ کورد و خەڵکەکە و تەنانەت بۆ هەموو ناوچەکە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە من ئومێد دەکەم کە بۆ گرتنەوەی شوێنەکانی دیکە هەماهەنگی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق هەبێت، تاکو کەمتر زیانی گیانی هەبێت و بە کەمترین کاتیش سەرکەوتن مسۆگەر بکرێت، لە ئێستاشدا خۆبەخشین و قوربانیدان لای پێشمەرگە لە ئاستێکی بەرزدایە و چاکتر ڕیزەکانیان ڕێکدەخەن، هاوکات لە باشووریش هێزەکانی عێراق خەریکی خۆڕێکخستنەوەن، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە پێشمەرگە سەرکەوتنێکی بەرچاویان لەم ماوەیەدا بەدیهێناوە. دەتوانم بڵێم کە سێیەکی سەرکەوتن بەدەست هاتووە، بەڵام موسڵ خاڵێکی زەحمەتە، چونکە شوێنێکە باوەشی کردۆتەوە بۆ ئەو کەسانەی چوونەتە ناو داعشەوە، بۆیە پێویستی بە چارەسەری سیاسی هەیە، دڵنیاکردنەوەی سوننەش لە ناوچەکە زیاتر بەوە دەکرێت کە خودی خەڵکەکەی ئەم شارە بەشداری بکەن و دژ بە داعش بەرگریی بکەن.

*** بەرگریی هاوبەش و هەماهەنگی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە تا چەند لە تێکشکانی تیرۆریستانی داعش کاریگەری دەبێت؟**

- ئەگەر هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراق بە یەکەوە و بە گیانی تەبایی شەڕی دژی داعش بکەن، من پێموایە شوێنەواری ئەرێنی بەجێ دێڵێت، هەروەها تەبایی نێوان کورد و عەرەب بەهێزتر دەبێت، چونکە شەڕی هاوبەش بارودۆخی سیاسی هێمن دەکاتەوە، هاوکات پێویستی بە دانایی سەرکردە سیاسییەکان هەیە، بۆیە من پێموایە گەیشتوونەتە چارەسەریی سیاسی لەجیاتی گرژی و ئاڵۆزی، پاشان هەر لایەك لەو دوو لایەنە پێویستییان بە لایەنەکەی دیکە هەیە، چونکە مەترسییەکە بۆ سەر سەرتاپای عێراق زیادی کردووە، هەتا ئەگەر داعش لەناوبچێت، بەڵام ڕەنگە کاری تێکدەرانە بکات کە زیان بە هەردوولا بگەیەنێت، بۆیە پێویستمان بە هاوکاریی سیاسی و سەربازی و هەواڵگریی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییەی کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان و لە خودی ناوەند و سەرجەم عێراق دەکات، چونکە بینیمان کە داعش هەوڵی زۆری داوە و تا ڕادەیەکیش توانیویەتی کاروانی پەرەپێدانی هەردوولا پەك بخات لەو شوێنانەی کە دەستی پێیان گەیشتووە، بۆیە من پێموایە قۆناغی داهاتوو سەختتر دەبێ لەوەی ڕابردوو، چونکە مەترسییەکە زیاتر دەبێت، بەڵام دانایی سیاسیی هەردوولا زۆر پێویستە بەتایبەتیش چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوانیان لە پرسی نەوت بە دروشمی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی داعش نەك هەر بۆ سەرعێراق بەڵکو بۆ سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لە ئێستادا تیرۆریستانی داعش بە هۆی هێرشە سەرکەوتووەکانی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە شکست و پاشەکشێدان، بەڵام مەترسی زیاتریش لەوەدایە کە ئەوان بە پەرش و بڵاوییەوە کردەوە سەربازییەکانیان ئەنجام بدەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر پەکخستنی هەوڵی پەرەپێدان واتا خەرجکردنی سامانێکی دارایی زۆر بۆ ئەم هێزانە کە دەبینین لە بواری بەرگرییەوە پارەیەکی زۆر بۆ ئەم لایەنە تەرخان دەکرێت، بەڵام هێرشەکانی ئەم دواییە وای کرد کە وورەی داعش زۆر دابەزێت کە کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر زیاتر هەماهەنگی لە نێوان سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی داعش.

*** ئێستا ئێمە وا دەچینە نێو ساڵی تازەوە، کەچی حکومەتەکەی عەبادی تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی جددی و کاریگەرانەی هەڵنەهێناوە بەرەو یەکخستن و پێکهێنانی هێزێکی سیستماتیکی سەربازی لە وڵاتدا، هۆی ئەمە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- هەنگاونان لەم بوارەدا زۆر زەحمەتە، هەڵوەشاندنەوەی سوپایەك و پێکهێنانەوەی سوپایەکی دیکە ڕەنگە چەندین ساڵی پێویست بێت، سەختترین شت بۆ هەموو دەوڵەتێك ئەوەیە کە سوپایەکی نیشتمانی و یەکگرتووی خاوەن بیروباوەڕ دروست بکرێت، بەداخەوە ئەوەی کە ئێستا لە بواری سەربازیی عێراق دەکرێت بریتییە لە چاکسازی و کەمکردنەوەی گەندەڵی لەنێو سوپادا، نەك بنیادنانی هێزی سەربازی کە بەتەواوی بڕوای بە نیشتمان هەبێت، نەك هێنانی میلیشیای چەکداری و بخرێتە نێو سوپاوە بە ناوی پێکهێنانی سوپاوە، بۆیە پێویستە بواری دیکە بە عەبادی بدەین و نەختێك ئارام بگرین تا بتوانێت ئەم کارە بکات، بەڵام نەك هەر یەکلاکەرەوە بێت لە هەنگاوەکانیدا بەڵکو وردتر و وریاتر بێت، چونکە ئێمە لە بەرامبەر مەترسییەکی گەورەی شەڕداین، بنیادنانەوەی سوپا لە کاتی ئاشتیدا زۆر زەحمەتە، چ جای ئەگەر لە کاتێکی وەکو ئێستادا بێت کە شەڕی نەگریسی داعش یەخەی پێگرتووین کە دەبێ پێیویستیمان بە ئارامی و وریایی و بەرپرسیارێتیی نیشتمانی هەبێت.

**ئەوەی کە ئێستا لە بواری سەربازیی عێراق دەکرێت بریتییە لە چاکسازی و کەمکردنەوەی گەندەڵی لەنێو سوپادا، نەک بنیادنانی هێزی سەربازی کە بەتەواوی بڕوای بە نیشتمان هەبێت**

**تیرۆریستانی داعش بە هۆی هێرشە سەرکەوتووەکانی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە شکست و پاشەکشێدان، بەڵام مەترسی زیاتریش لەوەدایە کە ئەوان بە پەرش و بڵاوییەوە کردەوە سەربازییەکانیان ئەنجام بدەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر پەکخستنی هەوڵی پەرەپێدان**




# پێشنیارێک بۆ نوێکردنەوەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)

عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

دیارە یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت)، زۆربەی زۆری - ئەگەر نەڵێم هەموو- مێژوونوسانی کۆن و نوێ، دان بەوەدا دەنێن کە ئەوەی بۆ یەکەمین جار ئەم یادەی داهێنابێت و ئەم یادەی کردبێتەوە بە شێوازێکی شایان بە خاوەنی یادەکە، بریتی بوون لە کورد و هەولێر و (سوڵتان موزەفەر) .

ئێستا بۆمان هەیە بپرسین: بۆچی سوڵتان موزەفەر بیری لە داهێنانی ئەم یادکردنەوەیە کردۆتەوە؟

دیارە کە هەموو مەسەلەیەك هۆکارێکی هەیە لە زەمانی خۆیدا، دیارە پێش زەمانی سوڵتان موزەفەر، خەڵکی بەچەند سەدەیەك نزیك بوون لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بۆیە پێویستی بەوە نەکردووە پێغەمبەر (د. خ) بە بیری خەڵك بهێندرێتەوە، بەڵام لەسەردەمی سوڵتان موزەفەر کە سەردەمی هێرشی خاچ هەڵگرەکان بووە و، دەوڵەتی ئەییووبی بە بەردەوامی بەشێکی زۆری تەمەنی لەم شەڕەدا بووە، سەرئەنجام بۆ ئەوەی لەم سەردەمەدا و بە تێپەربوونی کات خەڵك یادی پێغەمبەر(د. خ) و سیفەتەکانی لەبیر نەچێتەوە و یادەکە بەبیرخۆی بهێنێتەوە، پێویستی بەوە کردووە کە ئەم یادە لەو سەردەمەدا دابهێنێت.

بۆ ئەم سەردەمەی ئێمەش وەك بەشێك لە زانایان دەڵێن، ئەگەر لەو سەردەمەدا ئەم یادە پێویست بووبێت، ئەوا لەسەردەمی عەولەمە و گڵۆباڵیزەیشن و تێکەڵبوونی هەموو ناسنامەکاندا زۆر پێویسترە، ئێستا ئێمە ئەم یادە بیری خۆمان بێنینەوە و ناسنامەی ئەو پێغەمبەرە مەزنە (د. خ) زیاتر بە خەڵك ئاشنا بکەین.

ئەم یادە لە ئەمڕۆی کوردستاندا شێوازێکی کلاسیکی و چەندبارەبووەی لەخۆ گرتووە، کە پێویستییەکی زۆری



بەنوێکردنــەوە و هاوچەرخکردنی هەیە، بە مەبەســتی پێشــاندانی رووی زانســتی و هاوچەرخانەی ئەم یادە لە کوردســتان بەگشــتی و لە هەولێری لانکەی یەکەم جــاری یادەکەشــدا بەتایبەتــی، بۆ ئەمـــەش لیژنەی ئەوقــاف و کاروباری ئایینیی لەپەرلەمانی کوردســتان، بــە هەماهەنگیی لەگەڵ یەکێتــی زانایانی ئایینیی و وەزارەتــی ئەوقــاف و کاروباری ئایینــی دەتوانن چەند هەنگاوێك بنێن لە ڕێگەی:

یەکەم: دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا بە ناوی (دەستەی باڵای یادی مەولوود)، کەپێکبێت لە:

وەزارەتی ئەوقاف — سەرۆك

نوێنەری وەزارەتی تەندروستی — ئەندام

نوێنەری وەزارەتی شارەوانی - ئەندام

نوێنەری دەستەی ژینگە - ئەندام

دووەم: وەزارەتی ئەوقاف بەرپرسە لە:

١. ســازکردنی ئاهەنگێکی ســاڵانەی نێودەوڵەتیی بۆ یــادی مەولوود لــە هەولێــر، وەك بەردەوامیی پێدانێك بەکارەکانی ســوڵتان موزەفەری فەرمانڕەوای داهێنەری یادی مەولوود.

٢. بانگهێشتکردنی زانایانی شارەزاو تیپە جیهانییەکانی مەدائیح و ستایشــکردنی پێغەمبــەر (درووودی خوای لەســەر) بۆ هەرێمی کوردستان و سازکردنی هەفتەیەکی رۆشــنبیریی بە هاوکاریی یەکێتــی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان.

٣. پێداچوونەوە بە تیپەکانــی خوێندنەوەی مەولوود، لە رێگەی تۆمارکردن و مۆڵەتپێدانیان، بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١. هەر تیپێکی مەولوودخوێن لە(٣) کەس کەمتر نەبێت و، لە(٥)کەسیش زیاتر نەبێت.

٢. هــەر تیپێك ناوێکــی گونجاوی تایبــەت بەخۆی هەبێت.

٣. ئەندامانــی تیپ پابەند بن بە بنەما ئایینییەکانەوە، لەنێــو کۆمەڵگــەدا خاوەنــی کەســایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی شیاو بن.

٤. دیارکردنی ماوەی خوێندنەوەی مەولوود و بڕی پارەی وەرگیراو.

٥. هەڵســەنگاندنی شــەرعیی ئەو هۆنراوانەی دەکرێنە سروودی ئایینیی لە رووی وشە و ماناوە.

٦. لادانــی ئەو ئاوازانەی کەپێشــتر تایبــەت بوون بە هونەرمەندانی بواری گۆرانی و ئەو ئاوازانەی کە پێشتر لە بواری دیکەدا بەکارهێنراون.

٧. پەسەندکردن و خەڵاتکردنی دانەرانی هۆنراوە و ئاوازی نوێ و شایان بەپێگەی یادەکە.

٨. هانــدان و پشــتگیریکردنی ئەو تیپــە ئایینییانە بۆ خۆڕێکخســتن و کۆبوونەوە لە ژێر چەتری کۆمەڵەیەکدا بــە نێوی (کۆمەڵەی مەولوودخوێنانی کوردســتان)، بە مەبەستی پاراستنی پێگەی کارەکەیان و دوورخستنەوەی کەسانی هەلپەرست و پارە پەیداکار بە نێوی مەولوودەوە.

ســێیەم: وەزارەتی شــارەوانیی و تەندروستی و ژینگە بەرپرسن لە:

١. چاودێریکردنــی جۆری ئــەو خواردەمەنییانەی کە دەخرێنە بازاڕ بۆ یادی مەولوود.

٢. ڕێگرتن لە بەکارهێنانی فلیکس و نایلۆن وەك لافیتە و، پابەندکردنی هاووڵاتیان بە نووســین لەسەر لافیتەی کارتۆنیی، یان پەڕۆ بەمەبەستی پاراستنی ژینگە.

٣. تەرخانکردنی شوێنی شیاو بۆ هەڵواسینی پۆستەر و لافیتەکان.

٤. پابەندبــوون بە کۆکردنــەوەو هەڵگرتنەوەی لافیتە و پۆســتەرەکان لەلایەن دانەرانیەوە بەمەبەستی رێزگرتن لە نووسینەکان و پاراستنیان لەتێکچوون.

چوارەم: لەسەر ئاســتی هەر پارێزگایەکی هەرێمیشدا، لیژنەیەکی ڕاپەڕاندن لە دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ هەمان مەبەست پێکبهێندرێت.

لێرەوە دەڵێم کە وەزارەتی ئەوقاف کاتێك کە ئەم دەستەیەی دروســتکرد یەکێك لــە کارەکانی بریتــی دەبێت لەوەی کــە پێداچوونەوە بــکات بە هەموو تیپەکانی ئێســتای

مەولوودخوێندنەوەدا و ژمارەی ئەندامانی تیپەکەو ناوی تیپ دیاریکراو بێت و جیابکرێتەوە لە تیپێکی دیکە، وەکو چۆن وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەت دەدات بە تیپە هونەرییەکانی خۆی و ناونووسیان دەکات، با ئەمانیش تۆمارێکیان هەبێت لە وەزارەتی ئەوقاف بە مەبەستی رێکخستنی کارو چالاکییەکانیان.

لە رووی ئاوازیشەوە، ئاوازدانەران لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی دنیا و قیامەتیدان کاتێك ئاوازی نوێیان نەبێت بۆ شیعرە بەرزەکانی مەولوودنامە.

لە رووی کەسێتی مەولوودخوێنانیشەوە، پێویستە ئەندامانی ئەم تیپانە کەسانێك بن پابەند بن بە بنەما ئایینییەکان لە نێو کۆمەڵگەدا و، خاوەنی کەسایەتی بن و، پێگەی کۆمەڵایەتی شیاویشیان لەو بوارەدا هەبێت.

هەروەها ماوەی خوێندنەوەی مەولوود دەبێت بە سەعات دیارکراو بێت، چونکە نابێت خەڵك بێزار بکرێت بەدەنگی بەرز و بە بڵندگۆ و هەروەها دەبێت بڕگەکانی دیار بێت، بڕی پارەی وەرگیراویش دیار بێت، هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندنی شەرعییانە هەبێت بۆ ئەو هۆنراوانەی کە دەکرێن بە سروودی ئایینی و لەمەولووددا دەگوترێن، با شیعرەکانی مەولەوی و بێسارانی و بێخود و خانی و مەلای جزیری و ئەوانی دی بخوێندرێنەوە، کەم کەس بەقەدەر کورد شیعری لەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هۆنیوەتەوە، بۆ نموونە کتێبێك هەیە بە ناوی (پێغەمبەر لە دڵی شاعیرانی کورددا) ئەوەندەیان شیعری جوان گوتووە، بەشی چەندین جار دەکات.

وەزارەتی ئەوقاف دەتوانێت خەڵات تەرخان بکات بۆ دانەری هۆنراوە و ئاوازی نوێ، هەروەها پێویستە (کۆمەڵەی مەولوودخوێنانی کوردستان) پێکبهێندرێت، هەروەك (کۆمەڵەی قورئانخوێنانی کوردستان)مان هەیە بە مەبەستی پاراستی پێگەیان و، بەمەبستی پاراستنی سومعەت و ناوبانگیانیان و، دوورخستنەوەی کەسانی هەلپەرست و پارە پەیداکار.

بێمەوە سەر پرۆژەی نوێکردنەوەی مەولوود، زۆر گرنگە نوێنەری تەندروستی لەو دەستەیەدا هەبێت، بۆ چاودێریکردنی جۆری ئەو خواردەمەنییانەی لەو رۆژە دەخرێنە بازاڕ، ئاخر بەناوی مەولوودەوە هەندێك جار خواردنی ئێکسپایەر دەخرێتە بازاڕەوە!!

ئایا رەوایە لە یادی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)دا خواردنی ئێکسپایەر بکرێتە خێر؟ ئاخر تۆ دەڵێی پێغەمبەر (سید المرسلین) و (فەخری کائینات)ە، کەواتە دەبێت تۆ باشترین جۆری خواردن بخەیتە بازاڕەوە، لەبەر ئەوەشە دەبێت تەندروستی ئاگای لەو خواردنانە بێت بۆ ئەوەی خەڵك تووشی نەخۆشی نەکات، بۆیە تەندروستی زۆر رۆڵی هەیە لەو خواردەمەنی و ئەو شتانەی کە ئەو رۆژە دەخرێنە بازاڕەوە.

هەبوونی نوێنەری ژینگەش لە دەستەکەدا زۆر گرنگە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فێرمان دەکات کە کاتێك لەخۆشەویستی ئەودا یادەکە دەکەینەوە، نابێت ژینگە پیس بکەین، چونکە ئەو خۆی داوای لێکردووین کە جیاوازی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ پێغەمبەرانی دیکەدا چەند شتێکە یەکێکیان بریتییە لەوەی کە دەفەرموێت (وجعلت لي الارض مسجدا وطهورا) ئەم زەوییە خۆی مزگەوتە و خاکەکەیشی تەیەمومی پێ دەکەین و، ناکرێت لەو یادەدا هەرکەس چوکلێتێکی خوارد کاغەزەکەی فڕێبداتە سەر زەوی. ناشکرێت ئەم هەموو لافیتانە بنووسرێن لەسەر فلیکس و نایلۆن کە پاشی سەدانساڵیش شی نابنەوە، دوای ئەو یادەش بەکارناهێندرێن و فڕێ دەدرێن و دەکەونە سەر ئەرز، لێرەدا ژینگە دەتوانێ بڵێت دەبێت نووسینی لافیتەکان لەسەر کارتۆن، یان لەسەر کاغەز، یان لەسەر پەڕۆ بێت وەکو جاران، بۆ ئەوەی ژینگە بپارێزرێت. هەروەها شوێنی تایبەت بەم پۆستەرانەش دیار بکرێت، چونکە ناکرێت دیوارەکانی شار بشێوێنین، ئەی دوای ئەوەی مەولوود تەواو دەبێت، کێ ئەم لافیتانە کۆ دەکاتەوە؟ چۆن کۆدەکرێتەوە؟ بە چ شێوازێك کۆدەکرێتەوە؟ چۆن هەڵدەگیرێن و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟ ئەمە مەسەلەیەکە وردەکاریی زیاتری دەوێت، کە لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەکیش دەتواندرێت دەستەیەکی راپەڕاندن هەبێت کە ئەم کارە ئەنجام بدات، واتە ئەمە بیرۆکەیەکە بۆ ئەوەی یادکردنەوەکە نوێ بکەینەوە و مەولوود بە چ شێوازێك بکرێ و بڕگەکانی چی بن؟

پڕۆژەی پێکهێنانی (دەستەی باڵای یادی مەولوود) وا دەکات کە (یەکێتی زانایان) رۆڵی چاودێری لە رەهەندە ئایینییەکانی یادەکەدا ببێت و (وەزارەتی ئەوقاف)یش لایەنی جێبەجێکار دەبێت لە رەهەندە کردەییەکاندا و (لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی پەرلەمان)یش رۆڵی چاودێری لە پڕۆسەی یادکردنەوەکەدا دەبێت.

هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی کە یادی مەولوود رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت و، ساڵانە لە ژێر چاودێری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکرێت و، تیپە بەناوبانگەکانی مەولوود لە سەرتاسەری جیهانەوە بانگهێشت بکرێن و، هەفتەیەکی رۆشنبیریی ئایینیی جیهانیی تێدا ساز بکرێت، بە ئامادەبوونی هزرمەندانی جیهان و کۆڕبەندێکی ئەدەبیی بۆ شیعر و پەخشان لەخۆ بگرێت، بۆ بەرزڕاگرتنی پێگەی خاوەنی یادەکە (محەمەد دروودی خوای لەسەر).

# جینۆسایدی درەختێک

ئەمساڵ مامۆستا قادر گۆزێ بیرەوەرییەکانی خۆی لە دووتوێی کتێبێکی قەشەنگدا بە ناونیشانی: «من و شەقڵاوە» لە هەولێر بڵاوکردەوە. ڕەنگە جوانترین ڕستە لە بیرەوەرییەکاندا ڕستەیەکی بەرایی کتێبەکە بێ کە تێیدا وتوویەتی: «من کە ئێستا خەریکی تەواوکردنی ئەو پەرتووکەم، تەمەنم گەیشتۆتە دەوروبەری ٩٠ ساڵ و پیری زۆر شتی لەبیر بردوومەتەوە»، بەڵام کاتێك خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەکا، هەست دەکا نووسەر هیچی لە بیر نەچۆتەوە و کتێبەکە بۆ فۆلکلۆرناسان و کۆمەڵناسان وەك گەنجینە وایە.

یەکێ لە سەرنجڕاکێشترین بابەتەکانی بیرەوەرییەکان باسێکە سەبارەت بە درەختێك بەناوی (هەورس) کە درەختێکی هەمیشە سەوزە و لە سنەوبەر دەچێ. مامۆستا گۆزێ پێیوایە هەورس درەختێکی پیرۆزی زەردەشتییەکان بووە و لەسەردەمی عەباسییەکاندا دەوڵەت، لە گەرمەی هەوڵەکانی بۆ ریشەکێشکردنی سمبولە کەلتوورییەکانی ئایینی زەردەشتی، دەستی بە برینەوەی کردووە و لەناوی بردووە، بەڵام ئەو لەو بڕوایەدایە کە ئەم درەختە، سەرەڕای توندوتۆڵیی هەڵمەتەکە، لەناو نەبراوە. خۆی لەوە دڵنیایە کە لانیکەم لە ژیانیدا لە دوو شوێن دیویەتی. جارێك لە گوندی کاوانیان لە بناری چیای سۆرك و جارێکی دی لەکاتی پێشمەرگایەتیدا لە ساڵانی شەستەکان لە گوندی بیرێژ لە نزیك کۆرێ. مامۆستا گۆزێ نایشارێتەوە کە ئەو یەکەم کەس نییە ئەم بابەتە دەورووژێنێ و لەم سەروبەندەدا باس لەوە دەکا کە مامۆستا جەلال مەلا حەسەن لە ساڵی ١٩٨٢ بە دوای ئەم درەختەدا گەڕاوە و ئەو زانیاریی پێویستی پێ داوە.

بەپێی زانیارییەکان، هەورس درەختێکی پیرۆزی زەردەشتییەکان بووە و هۆی پیرۆزییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زەردەشت بەدەستی خۆی چاندوویەتی. ئەمەش بەهایەکی پیرۆزی بە درەختەکە بەخشیوە. بەڵام لێرە مەسەلەکە مەسەلەی پیرۆزیی درەختەکە تێدەپەڕێنێ و بە ڕێچکەیەکدا دەڕوا کە بابەتەکە دەروازەیەکی فراوان بە ڕووی لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا دەکاتەوە، کە ڕەنگە بکاتە ڕادەی پێویستیی هەموارکردنەوەی هەندێ زانیاری کە تا ئێستا وەك زانیاریی بەڵگەنەویست و لەگومان بەدەر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. لە مەسەلەی درەختەکەدا ئەو سەرچاوانەی کە بیرەوەرییەکان پشتیان پێ بەستوون، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەڵمەتی لەناوبردنی درەختەکە لەسەردەمی خەلیفە موتەوەکل تینی سەندووە و دەوڵەت بە شێوەیەکی لێبڕاوانە کەوتۆتە لەناوبردنی درەختەکە. ئەوەی ئەم زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە، ئەوەیە کە موتەوەکلی دەیەم خەلیفەی عەباسییەکان، دەمارگیرییەکی سوننەگەرایی بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵ بووە، بە ڕادەیەك کە سەردەمی حوکمڕانیی سەردەمی ڕاوەدوونانی شیعە و موعتەزیلەکان بووە. بۆیە، سەیر نییە ئەگەر ئەو لە پاڵ ڕاوەدوونانی شیعە و موعتەزیلەکان، پاشماوەی زەردەشتییەکانیشی ڕاو نابێ.

بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا بەرەو مەسەلەیەکی ترمان دەبا، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتی عەباسی پاش ٢٠٠ ساڵ لە بە موسڵمانبوونی کورد، سەرقاڵی لەناوبردنی سمبولەکانی ئایینی زەردەشت بووە. بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەمە بەم واتایە دێت کە دەوڵەت تا ئەو سەردەمە هێشتا لە موسڵمانبوونی کورد دڵنیا نەبووە و ترسی لە کاریگەریی پاشماوەکانی ئایینی زەردەشتی لێ نیشتبوو. لە لایەکی ترەوە، ئەمە شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کە لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا کورد بە ڕێژەوە مامەڵەی لەگەڵ درەختەکەدا کردووە، ئەگەر واوەتریش بڕۆین، دەشێ بیرمان بۆ ئەوە بچێ کە لانیکەم تا سەدەی نۆیەم کوردە زەردەشتییەکان گرووپ گرووپ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی داخراودا ژیاون، خۆیان بە موسڵمان ناساندووە و ژێر بە ژێریش بەردەوام بوون لەسەر پەرستنی جارانی خۆیان و دەشێ لە ئەگەرێکی وادا نەیانتوانیبێ بەردەوام بن لەسەر دروستکردنی پەرستگەکانی ئاگردان، بەڵام توانیویانە بەردەوام بن لەسەر پاراستنی سمبولەکانی دیکەیان، لەوانە پیرۆزڕاگرتنی درەختی هەورس. ئەمەش نیشانی دەدا کە کورد لەو سەردەمانەدا جۆرێك تەقیەی بۆ شاردنەوەی بیروباوەڕی خۆی، بەهەمان شێوەی شیعەکان بەکار هێناوە.

ئەم شرۆڤەیە، کاتێك بەم ڕێچکەیەدا دەڕوا، بەرە بەرە لە تیۆرییەکەی میهرداد ئیزەدی نزیکمان دەکاتەوە. ئیزەدی کە کوردی ئێرانە و پرۆفیسۆرە لە بەشی زمان و شارستانێتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکا، لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی: «کورد» پێیوایە پرۆسەی بە موسڵمانبوونی کورد کە لە سەدەی حەوتەمی زایینی دەستی پێ کردووە، چەند سەدەیەکی خایاندووە لەو ماوەیەدا کورد بە شێوەی کۆمەڵگەی داخراو ژیانی ئایینیی خۆی ڕێکخستووە. بەپێی ئەم بۆچوونە، دەشێ پرۆسەی بە موسڵمانبوونی کورد هەزار ساڵی خایاندبێ و دەشێ دانیشتووانی ناوچە دەشتاییەکان و شارەکان زووتر بەلای ئیسلامدا دایانشکاندبێ، لەکاتێکدا دانیشتووانی ناوچە شاخاوییە سەختەکان زۆر درەنگ موسڵمان بووبن.

ئەگەر بە تێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژییانە کتێبەکەی «ڕشتەی مرواری»ی خوالێخۆشبوو عەلادین سەجادی بخوێندرێتەوە، لە سەرگوزشتە باسکراوەکانی ناو کتێبەکە کە زۆربەی گاڵتە و گەپ بەسەریاندا زاڵە، شتێکی وا هەڵدەکرێندرێ کە کورد لە ناوچە شاخاوییە گۆشەگیرەکاندا ژیانی کۆچەریی بەسەر بردووە و ئابووریی چەتەگەری بەشێکی گرینگی داهاتی پێکهێناوە تا سەدەی نۆزدەهەم زۆربەی گوندەکان بێ مزگەوت و بێ مەلا بوون.

لەسەردەمی موتەوەکلدا دەوڵەت مەسەلەی لەناوبردنی درەختی هەورسی بەهەند وەرگرتبوو، بەڵام دەشێ ئەم کۆششە پاش موتەوەکل بەردەوام نەبووبێ، چونکە موتەوەکل لە پیلانێکدا کە مونتسری کوڕی دەستی تێدا هەبوو، لەسەر دەستی سەربازە تورکەکان کوژرا و دواتریش خەلیفە مونتەسری کوڕی لەلایەن سەربازەکانەوە ژەهرخواردوو کرا و، لێرە بەدواوە سەردەمی پووکانەوەی سام و شەوکەتی دەوڵەتی عەباسی دەست پێدەکا. دیارە ئەمەش دەرفەتێکی گونجاوی بۆ لەناو نەچوونی درەختەکە ڕەخساندووە.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت




# تورکیا

# پاشەکشەی خێرا، کۆمەڵێک پرسیار



سەرۆ قادر

بۆ گوڵانی نووسیوە

### ● ١. ئیسلامی لە تورکیا

ئەزموونی پارتی داد و گەشەپێدان وەك ئیسلامییەتی تورکیا، بە پێشەنگێکی متمانەپێکراو، بۆ ئەو گۆڕانکارییە فکرییە، دادەندرا کە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵات، دەیانویست بیکەنە سەرمەشق، بۆ هەنگاوێکی دیکەی پێشکەوتن و بازدان بەرەو دیموکراتییەتی محافزەکارانە. هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی لە ناو ژیانی سیاسیی تورکیا، مێژووی تایبەت بە خۆیان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە ئیسلامییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان. فکری ئیسلامی سیاسی لە تورکیا، هیچ کاتێك لە توندڕۆیی و تیرۆر نزیك نەکەوتۆتەوە.

ئیسلامییەکانی تورکیا، چەندین جار دەسەڵاتیان وەردەگرت، دوایی بە زەبری سوپا، لە پۆستەکان لادەدران و دەخرانە زیندان. هەڵبەت ئەنجامەکانی پەروەردەی عەلمانی و نزیکیی تورکیا لە ئەوروپا، کارێکی زۆری لە هەڵکەوتی ئیسلامییەتی سیاسی تورکیا کردووە. ڕەجەب تەییب ئۆردوغان، خۆی بەرهەمی ئەو خۆگونجاندنەی ئیسلامییەکانە. خۆگونجاندن بە شێوەیەك بوو کە هیچ لادانێکی یاسای عەلمانییان لێ ڕوونەدات.

### ● ٢. دوانزە ساڵ ئەزموون

لە دوانزە ساڵی ڕابردوودا، پارتی داد و گەشەپێدان(AKP)، دە ساڵی بە پڕۆگرام و لێبووردەیی و دەسکەوتی ئابووری، هێورکردنەوەی کۆمەڵایەتی، ساردکردنەوەی گرژیی نێوان پێکهاتەکان، هێنا. لەو دە ساڵەدا، تورکیا پێشکەوتنێکی ئابووریی سەرنجڕاکێشی بەدەستهێنا. لەگەڵ دراوسێکانی، سیاسەتی نزیکبوونەوە و ئاشتبوونەوەی پەیڕەو دەکرد. وەك هێزێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زیندوبوونەوەدا بوو. بۆ کوردان، دەرفەتێکی مێژوویی درووست بوو تا لەگەڵ وڵاتێکی بەهێز و بە تەفاهوم، کێشەکانی گرێ بدات. کێشەی کورد، دوای ساڵی ١٩٩١، دووەمین هەنگاوی بووژانەوەی بەخۆیەوە دیت.

### ● ٣. دوای بەهاری عەرەبی

لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا، گۆڕانێکی زۆر پێچەوانەیی، بەسەر تورکیا و سەرکردەکانی هاتووە. حزبی داد و گەشەپێدان و سەرۆکەکەی، لە پێگەی هێمنی و گفتوگۆ دەرچوون. هەڕەشە و بانگەواز و هاواری ئایدیۆلۆجی، شوێنی واقیعبینی و کەمکردنەوەی کێشەکانی گرتووە. گەڕانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بنەما ئایدیۆلۆجییە ئیسلامییە سیاسییەکان، بە ئاشکرا بە بەرنامەی سیاسی و کردەوە و ڕوانگەی سەرکردەکانیانەوە دیارە. ئەو ئاکارە فەردی-سیاسییانە، لە مێژووی فکری و سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، غەریب نین. لە سەدەی ڕابردوو، پڕۆژەی نوێبوونەوەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لەسەر دەستی هەندێك سەرکردە و ئایدیۆلۆجیاکانیان، نوشستی هێنا. بە دوای ئەو نوشستیەدا، پڕۆژەی بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و هاوچەرخ، هەرڕفی. ئایدیۆلۆجیای توند، نەك هەر نەیتوانی ئەو تەمایەی خۆی بێنێتەدی کە بریتی بوو لە تواندنەوە و یەکدەست کردنی ئیتنیکی، بەڵکو بووە مایەی سەرلەنوێ هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی خۆشیان. دوای سەد ساڵ فرسەت، ئێستا جیلی ئێمە شاهیدی ئەو دارمانەیە کە لە ئەنجامی باڵادەستیی ئایدیۆلۆجیای دینی- نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی موسڵمان، ڕوودەدات. تەجرەبەی ناسریی لە ناو عەرەبان، یان ئێرانێتیی پەهەلەوی لە ئێران، کەمالیی لە تورکیا، ئەو ڕاستییە تاڵەی سەرنەکەوتنی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان نیشان دەدەن.

ڕەجەب تەییب ئۆردوغان، سەرۆکی کاریزمادار‌ی تورکیا، وەك چاکسازیخوازێکی موحافیزەکاری موسڵمان، چاوەڕوانی پیادەکردنی، ئەو بەڵێنانەی لێدەکرا کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەمیشە دەیگووتنەوە.

کەسایەتی کاریگەری دووەم، لە حزبی داد و گەشەپێداندا، (ئەحمەد داوود ئۆغلۆ)یە. ئەو ئاکادیمییە هێمنخوازەی خاوەنی دکتۆرینی، کەمکردنەوەی گرژییەکانە تا ئاستی سفر، ئێستا خۆی پۆستی سەرۆکی حزبەکە و سەرۆکی وەزیرانی بەدەستەوەیە. لە زەمانی دەسەڵاتی ئەو سەرۆك و تیۆریسیەنەدا، سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی تورکیا، بە خێرایی بەرەو ناکۆکیی و پێچەوانەیی دەڕوات. کێشەی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانی گەرم بووەتەوە، خەریکە دەگاتەوە ئاستی تورکیای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. ئەم وڵاتە لە ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا، بە جۆرێکی دەستێوەردەری ڕاستەوخۆ، دەرکەوتووە. لە سیاسەتی ناوخۆییدا، دەبووا چاکسازییەکان لە سنووری هێور کردنەوە دەرچووبایە و کەوتبایە قۆناغی پیادە کردنی بە کردەوە. کەچی وورده وورده، بەرەنگاربوونەوەی ناوچە کێشەدارەکان، جێی چارەسەرییان گرتووە. کێشەی کوردستان و عەلەوی و ئەرمەنی بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

### ● ٤. پاشەکشە

لەسەر ئاستی چاکسازیی فکری ئیسلامیدا، چاوەڕوانی پەرەپێدانی دیموکراسی، لە ئۆردوغان و حزبەکەی دەکرا. ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵات، چاوەڕوانی تەجرەبەی تورکیا بوون. ئەوان بە خێرایی دەکەوتنە ژێر کاریگەری چاکسازییەکانی، فکری و دینی لە تورکیا. تەجرەبەی تورکیا، دەتوانێت چاکسازی لە فکری دینیدا بکات و بەرەو دەوڵەتی دنیایی، موسڵمانان هان

**ئابووریی تورکیا لەسەر زیانی دەروجیرانەکانی دەگەڕێت، هیچ تێکەڵییەکی بەرهەمداری هاوچەرخی لەگەڵ ئابووریی ناوچەکەدا نییە**
**بۆیە تورکیا ناتوانێت تاسەر لە بووژانەوەدا بێت**

**گەرمبوونی بازاڕی تێپەڕاندنی مافیای مادەی هۆشبەر، دیاردەی گەندەڵیی ناوخۆ، ئاماژە دەدەن کە ئابووریی تورکیا لەسەر بنەمایەکی سەرمایەداریی ساغ بەڕێوەناچێت**



**سەرکردە ئەرێنی و دیموکراتەکان، متمانەیان بە خۆیان و میللەتەکەیان بووە و پێویستیان بە مێگەلی خەڵک نەبووە**

بدات. هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئۆردوغان ئومێدبەخش بوون، بەڵام ئێستا هەنگاوی ئومێدبڕ دەبیندرێن، کاتێك لێکدانەوەی سەلەفییانەی دینی، بۆ سنووردارکردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکرێت. ئۆردوغان لەو بوارەدا، تیۆریسیەنی ئاشکرایە و کەس شانی لە شان نادات. بێدەنگی داوود ئۆغلۆ، بە پەسندکردنی ئەو بیر و ڕایانە دەژمێردرێت. مەیلی ئۆردوغان (خیتاب و یاساکانی)، خەریکە داخیلی جوغزی سەلەفییەتی ئیسلامی دەبێت و پشت لە موحافیزەکارێتی دیموکراسی دەکات. کەمکردنەوەی ئازادییە دیموکراتییەکان، دەستوەردان لە ژیانی هاووڵاتیان، کەمکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین، بە کەمگرتنی ژنان و پاڵنانیان بۆ پلەی دووەم، حەساسییەت بەرامبەر دینە غەیرە موسڵمانەکان، تایفییەت لە مەزهەبی سوننیدا، دژایەتیکردنی یەهوود، دوورکەوتنەوە لە بەها ئەوروپاییەکان، توندکردنی کەشی دژی ڕۆژئاوا (بە تایبەتی ئەمریکا)، نیشانەی مەیلێکی سەلەفییانەی ترسناکە.

### ● ٥. سەرەڕۆیی فکری

ئەگەر بکەوینە لێکۆڵینەوە، لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە سەرکردە پەڕگیرەکان، لێیان دەردەکەوێت، ئەو دیاردانەی بە تەجرەبەی نەرێنیی مێژووی مرۆڤایەتی دادەندرێن، ئەوە بە ئاسانی، سەمتی بادانەوەی فکریی ئۆردوغان دەردەکەوێت. مێژووی مرۆڤایەتی تەجرەبەی جۆراوجۆر و ڕوونی لەسەر تاکپەرستیی سەرکردەکان هەیە. مەیلی تاکپەرستی ڕەجەب تەییپ ئۆردوغان ناشاردریتەوە. ئەو بەرەو ڕوو پەلاماری موخالیفەکانی دەدات (وەك ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی سەندیکای مافپەروەران و کابرای جگەرەکێشی ئەستەمبووڵی کردی. موخالیفە توورەکەی بەردەم کانگا ڕووخاوەکانیشیان، دایە بەر شەق و زللە). حزبی داد، بە پڕۆگرام کار لەسەر میللەت دەکات تا سەرپێچی لە فەرمان و ڕوانگاکانی "سەرۆك" نەکات. داوود ئۆغلو لە خیتابی بەردەم حزبەکەی، ئەوەی درکاند. ئەو گوتی: ؛کەس وانەزانێت، من کە ئێستا سەرۆکایەتی وەردەگرم و سەرۆکی حکوومەتیشم، خوانەخواستە لە ئەمری سەرۆك دەردەچم!

ئەو قسەیەی تئۆرسیەنی چاکسازی، رووی لە کادیرەکانی بوو تا ببنە ڕاهێنەری کارا لەسەر ڕای گشتی، بۆ سەردانواندن لە بەرامبەر "سەرۆك"دا. بەمەش پرۆسەکە دەستیپێکردووە؛ سەرۆك، حزب، میللەت. لەوەشدا، ئەگەر بەردەوام بێت، چارەنووسی سەرۆك ئۆردوغان، لە جەمال عەبدولناسر و عەبدولکەریم قاسم... جیاواز نابێت. دەرهاویشتەکانی لە بێئیرادەکردنی میللەت، دارمانی ئابووری، ڕیسکی سیاسی و سوپایی بێ مەنتق، کوێرکردنەوەی دیموکراسی، خۆیان نیشان دەدەن.

سەرۆك ئۆردوغان، هیچ موخالیف و مونافیسێك قبووڵ ناکات. تا سنووری خوراڕفە بڕوای بە تیۆری پیلانگێڕان هەیە. بۆیە هەمیشە بە دوای سازکردنی سیناریۆ و خوڵقاندنی تەنگژەی سیاسییەوەیە. چەند نموونەیەك لەوەدا دەژمێرم؛ هەڵزۆقینەوە لە شەمعوون پێرس لە داڤووس، هەڵوێستی توند بەرامبەر بە سەرۆکی میسر (سیسی)، ناردنی کەشتی مارمارا بۆ غەززە، دەستێوەردان و عیناد لەسەر بەشار ئەلئەسەد، ڕووداوەکەی پارکی گێزی، لێدانی گولەنییەکان، پەڵپ گرتن بە جۆ بایدن. بەو سیناریۆیانە، سەرۆك ئۆردوغان، خۆی نەبەردەکانی بەرەنگاربوونەوە دەستپێدەکات. داوا دەکات میللەتی بۆ کۆبکەنەوە و بێ پەروا دەست بە خیتابدان دەکات. هەموو ڕاستییەکان لەلای سەرۆکن، بەرژەوەندی دین و دنیا، هەر ئەو دەیزانێت. ناوەڕۆکی خیتابەکانی ئۆردۆغان، زیاتر عاتیفین، کەمتر ئاماژە بە چارەسەریی کێشەکان دەکات. هەمیشە داوای هاوکاریی پەیڕەوانە لە میللەت دەکات، بۆ ئەوەی لە مەسیرەکەدا، لە دواوەی بڕۆن. با کەمێك شی بکەمەوە. تا ئێستا نازانین ئەو دیموکراسییەی ئەو دەیەوێت، چۆنە؟ ئایا کۆمەڵگەی تورکیا لە ژیانی مەدەنیدا دەمێنێتەوە؟ پێشکەوتنی ئابووری، لەسەر ئەم ڕێچکەیە چۆن بەردەوام دەبێت؟ ئایا کورد و عەلەوییەکان (کە دانی بە بوونیان ناوە)، وەك پێکهاتەی سێ کوچکەیی تورکیا (تورك، کورد، عەلەوی)، ئازادییان پێدەدرێت تا خۆیان بەڕێوەبەرن؟ بۆ نموونە؛ لە میتینگە هاوبەشەکەی دیاربەکر کە سەرۆك بارزانی، تێیدا بەشدار بوو، خیتابی ئۆردوغان، زۆر گشتی بوو. هیچ سنووری بۆ عاتیفە جووڵاندن نەهێشتەوە. باسی ئازاردرانی دیاربەکری کرد، شوان پەروەری هێنایە سەر سەکۆ و سروودی "واهاتن پێشمەرگێت مە"ی کردە خێرەمەقدەمی ئەو هونەرمەندە شۆڕشگێڕە. ئۆردوغان لە کۆتاییدا نەیگوت بۆ دیاربەکر ئازار دراوە! پێشنیاری نەکرد چۆن چارەسەری دەکات. کەچی سەرۆك بارزانی بە پێچەوانەی ئەو، باسی کێشەکان و ڕێگەی چارەسەرییەکانی کرد. ئەو ئاماژەی دەدا، سەرکەوتنی پرۆسەکە لە چارەسەریکردندا خۆی دەچەسپێنێت، نەك تەنیا میتینگ دان. زۆر لایەنی شەخسییەتی ئۆردوغان، لە عەبدولکەریم قاسم دەچێت. ئەویش لە دوای کودەتای ١٩٥٨، کورد و سۆسیالیزم و مەدەنییەتی کردبووە شیعاری خۆی، کەچی لەلایەکی دیکە دەیگووت بۆ مانەوەی عێراق، ئامادەم خوێنی خۆم ببەخشم. چۆن عێراقێك؟ دیار نەبوو. بەڵام ئەنجامە کارەساتییەکانی سیاسەتی ئەو، هاتنە دەسەڵاتی، شۆڤێنییەتی عەرەب و کوشتاری کوردان و زاڵبوونی بەدەوییەت بوو لە عێراقی دواییدا. ئەو سیاسەتە پۆپۆلیستییەی عەبدولکەریم قاسم، بەدەوییەت و سەلەفییەتی بە دواخۆیدا هێنا کە کەسایەتی وەك سەدام و ئەبوبەکری بەغدادی، بێنە ناو شانۆی چارەنووسی عێراق.

## ● ٦. نموونەی مێژوویی

ئێمە لە قۆناغێکی پێشکەوتووی ناو مێژووی جیهان دەژین. زۆر بە ئاسانی، بە یەك کلیك، دەتوانین ڕەنگ و دەنگی ئەو سەرکردە سەرکەوتوو، سەرنەکەوتووانە، ببینین کە خێر و شەڕیان بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەتەکانیان، چەند و چۆن بووە. ڕاکێشانی خەڵك بۆ بەردەم تریبوونی سەرۆکەکان، هەمیشە کارەساتی بە دواوە بووە. هەست جووڵاندن، قسەی پان و سەرگێژاندن، کردەوەی ناکۆك، ڕوانگای لێڵ، کڕباندنی ژنان، هاندان لە دژی میللەتانی بیانی، چڕ کردنی ناسیۆنالیزم و پێ داگرتن لەسەر هەڵوێستی دینی، یەك ئامانجی هاوبەشی هەموو سەرکردە پۆپۆلیستییەکان بووە؛ خەڵك نەپرسن و بێنە مەیدان، متمانە تەنیا بە نییەتی ناوەوەی سەرۆك بکرێت!! مێژوو هیچ خێر و بێرێك، بۆ میللەتانی خاوەن سەرکردەی ئاوها، نیشانمان نادات. چونکە خێری نەبووە.

سەرکردە ئەرێنی و دیموکراتەکان، متمانەیان بە خۆیان و میللەتەکەیان بووە و پێویستیان بە مێگەلی خەڵك نەبووە. زۆر ڕێگە و شێوازیان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان بەکارهێناوە. لەم زەمانەدا، کە تکنۆلۆجیا دەتوانێت بیروڕای کەسێك بە هەموو جیهان بگەیێنێت، ئیدی پێویست نییە خەڵك کۆبکرێتەوە. با باسی نیلسۆن ماندێللا بکەم. ئەو تەنیا چەند جارێك(دوای دەرچوونی لە زیندان)، لە بەرامبەر خەڵکێکی زۆر، خیتابی خوێندەوە. دوای ئەوە لە دیدارە مەحدود و میدیاکانیدا، قسەی خۆی دەکرد. ئەو توانی سەرکردایەتی کۆتایی هێنان بە ئاپارتاید بکات، تەساموح لە نێوان هاووڵاتییان بچەسپێنێت، مەدەنییەت بکاتە وەسییەت، ڕێزی دیموکراسی بگرێت.

ئێمە لە قۆناغێکی پێشکەوتووی ناو مێژووی جیهان دەژین. زۆر بە ئاسانی، بە یەک کلیک، دەتوانین ڕەنگ و دەنگی ئەو سەرکردە سەرکەوتوو، سەرنەکەوتووانە، ببینین کە خێر و شەڕیان بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەتەکانیان، چەند و چۆن بووە

ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەردەم تریبوونی سەرۆکەکان، هەمیشە کارەساتی بە دواوە بووە. هەست جووڵاندن، قسەی پان و سەرگێژاندن، کردەوەی ناکۆک، ڕوانگای لێڵ، کڕباندنی ژنان، هاندان لە دژی میللەتانی بیانی، چڕ کردنی ناسیۆنالیزم و پێ داگرتن لەسەر هەڵوێستی دینی، یەک ئامانجی هاوبەشی هەموو سەرکردە پۆپۆلیستییەکان بووە

زۆر لایەنی شەخسییەتی ئۆردوغان، لە عەبدولکەریم قاسم دەچێت. ئەویش لە دوای کودەتای ١٩٥٨، کورد و سۆسیالیزم و مەدەنییەتی کردبووە شیعاری خۆی، کەچی لەلایەکی دیکە دەیگووت بۆ مانەوەی عێراق، ئامادەم خوێنی خۆم ببەخشم. چۆن عێراقێک؟ دیار نەبوو

هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئۆردوغان ئومێدبەخش بوون، بەڵام ئێستا هەنگاوی ئومێدبڕ دەبیندرێن، کاتێک لێکدانەوەی سەلەفییانەی دینی، بۆ سنووردارکردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکرێت

لە سیاسەتی هەرێمایەتی پڕ ناکۆکی تورکیا، مەترسی زەبر وەشاندن لە هەموولایەک هەیە

### ● ٧. سیاسەتێکی پڕ مەترسی

مەیلی سۆزداریتی ئۆردوغان بۆ عوسمانییەت، بەناوی نیوعوسمانیزم، تێکەڵکردنی دین و ناسیۆنالیزمی تورکییە. ئەنجامی ئەو باوەڕە، تەنیا کێشە و شەڕ دەبێت. چونکە هیچ بەدیلێکی ژیانویستی تێدا نییە. کاتێك ناوەڕۆکی ئەم ئایدیۆلۆجیایە شی دەکەینەوە، بۆنی دژایەتیکردنی کورد و عەرەب و ئێران و یۆنانی لێدێت! ئەو کارەی عوسمانییەکان، زۆربەی مێژووی خۆیان تێدا خەسار کرد.

دژایەتیکردنی یەهوود، ئەمریکا، ئەوروپا، ناتۆ، نیشانەی مەیلێکی دژایەتیکردنی ڕۆژهەڵاتییانەیە، دژی هەموو ڕۆژاواییەکان (جیهانی مۆدێرن). ئەمە جگە لە جۆرێك نەژادپەرستی، تێکەڵەیەکی دینیشی تێدایە. کەواتە دەیەوێت، تورك نوێنەرایەتی ئیسلام بکات لە دژی غەیرە دینەکان. سیاسەتی هاوشانی کردن لەگەڵ ئیخوان ئەلموسلمینی توندڕۆ، پێویستە قەناعەتێکی لەم چەشنەی لەدواوە هەبێت. جیا لەم لێکدانەوەیە چیتر هەڵدەگرێت؟!

سیاسەتی هەرێمایەتی تورکیا، لەسەربنەمای دژایەتیکردنی شیعە و سەرخستنی ئیخوان ئەلموسلمین لە ناو وڵاتە سوننییەکان داڕێژراوە. هەر بۆیە لە حاڵی حازردا، تورکیا کێشەی لەگەڵ هەموو وڵاتان هەیە. ئەوە جیا لە کردنەوەی بەرەیەکی توند لە دژی ئەمریکا و ئەوروپا. ئێستا بە ئامانجێکی ستراتیژیی ناوخۆیی، سوپا لە تورکیا هەڵپەسێردراوە. ئەو ئامانجە، بریتییە لە دوورخستنەوەی هەڕەشەی کودەتا، گۆڕینی ناوخۆی سوپاکە و دەست بەسەرداگرتنی. پرسیاری من ئەوەیە؛ تا سوپاکە سەرلەنوێ ئامادە دەکرێتەوە، سەرۆك پێویستی بە میلیشیای گەلی چەکدار نابێت؟! هەموو ئاماژەکان، ئەم ئەگەرە دەخەنە ڕۆژەڤەوە. چونکە سەرۆکێك لەسەرەوەی یاسا و پەرلەمان بێت، پێویستی بە هێزی چەکداری میللەت هەیە. ئەو میللەتەی شەو و ڕۆژ، سەرۆك ئامۆژگاری بکات، پێویستە چەکی لە شان بێت.

### ● ٨. داهاتووی ئابوورییانەی ئەو سیاسەتە

دوا قسەم لەسەر دیاردەی بووژانەوەی ئابووریی تورکیایە. ئایا بەم ڕوانگەیەی باسمکرد، ئەو ئابوورییە هەر بووژاوە دەبێت؟ حزبی داد، چینی ناوەڕاستی موحافیزەکاری ئانادۆڵی بووژاندەوە. بەمەش بازێکی گەورەی بووژاندنەوەی ئابووری هاویشت. ئەو بازە، گرنگترین چەکی دەستی سەرۆك ئۆردوغانە. سیاسەتی کۆکردنەوەی سامان، بە هەموو نرخێك و بەبێ گوێدانە ئەخلاقییەتی سەرمایەداریی ڕاستەقینە، لە پشت لافیتەی بووژانەوەی چینی ناوەڕاست، خۆی مەڵاس داوە. گەرمبوونی بازاڕی تێپەڕاندنی مافیای مادەی هۆشبەر، دیاردەی گەندەڵیی ناوخۆ، ئاماژە دەدەن کە ئابووریی تورکیا لەسەر بنەمایەکی سەرمایەداریی ساغ بەڕێوەناچێت. بۆیە ئەو پرسیارە دێتەپێش؛ ئەو بووژانەوەیە، قەیرانێکی کوشندەی بەدواوە نابێت؟ لە تەجرەبەی عێراقی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، شتێکی سەرنجڕاکێش هەیە. سەددام حوسێن چوار ساڵی (١٩٧٦-١٩٨٠) بووژانەوە و پارەڕژاندنی هەبوو. ئینجا ڕاستەوخۆ چووە ناو ئەو تەنگژە شەڕاوییەی کە هەموومان لەگەڵی ژیاین.

بەکارهێنانی چینی ناوەڕاست، لە ئایدیۆلۆجیای ئۆردوغاندا، بۆ تایبەتمەندیی تورکیا دەگەڕێتەوە. هەروەك سەرکردە موسڵمانەکانی دیکەی ناومان بردن، دەستەواژەی میللەتی موسڵمان، جەماوەری خەڵك، یەکێتی میللەتی عەرەب، خەڵکی ستەمدیدە..یان بەکاردەهێنا. ئابووریی تورکیا لەسەر زیانی دەروجیرانەکانی دەگەڕێت، هیچ تێکەڵییەکی بەرهەمداری هاوچەرخی لەگەڵ ئابووریی ناوچەکەدا نییە. بۆیە تورکیا ناتوانێت تاسەر لە بووژانەوەدا بێت.

ئەگەر ڕای خۆم بە دیققەت داڕێژمەوە، ئێمەی کوردستانی، وەك فرسەتێکی مێژوویی، ئەزموونی ئیسلامییەکانی تورکیامان، شی دەکردەوە. هەستمان دەکرد، وێڕای ئیسلامییەکانی جیهانی موسڵمان، هەڵگرانی باوەڕی ئیسلامی سیاسی کوردستانیش، لێی فێردەبن. ئەو هیوایە ڕسکا، دەکرێ کۆمەڵگەی موسڵمانیش، بەرەو چاکسازی بچێت. کەچی مەیلی شەخسییەت پەرستی سەرۆك ئۆردوغان، دەرگای لەسەر هەڵگەڕانەوەیەکی سەلەفییانە کردەوە. حزبی داد و گەشەپێدان، بەخێرایی بووە ئامرازی مل پێکەچ کردنی کۆمەڵگە. بە هەڕەشە و یاسا گۆڕین، مافی هاووڵاتییان سنووردار دەکرێ، ئازادی ڕادەربڕین، لە پێچرانەوەدایە.

سیاسەتی دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ئیسرائیل، بە هاوشێوەی ئیسلامییەکانی پێشووی جیهانی موسڵمان، بووەتە ڕەخسێنەری زەمینەی پەلاماردانی هەموو پێکهاتەکانی ناوچەکە. لە ناسیۆنالیزم و فکری دینیدا، شۆڤێنێتی نوێ لەو وڵاتە ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە.

کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی ڕزگاریخوازی کورد، پێویستە بە هەستیارییەوە بڕواننە ئەو پاشەکشەیەی ئیسلامی چاکسازیخوازی تورکیا. لە سیاسەتی هەرێمایەتی پڕ ناکۆکی تورکیا، مەترسی زەبر وەشاندن لە هەمولایەك هەیە.

# تیرۆریستانی داعش لە لایەک هەڕەشەن و لەلایەکی دیکە دەرفەتن بۆ کوردستان

**پرۆفیسۆر یۆست هیلتەرمان، چاودێر و بەڕێوەبەری پرۆگرام و چالاکییەکانی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکانە لە جیهاندا، هەروەها سەرپەرشتی ڕێکخستنی پلانی ستراتیژی بۆ ئەو پرۆسەیە دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی هێزی پێشمەرگە، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد، بەڕێزی لە بری وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان، ئەم وتارەی بۆ ناردووین، بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە.**



**پرۆفیسۆر یۆست هیلتەرمان**

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو شـــەڕەی لەگەڵ داعشـــدا دەکرێت دوو ڕەهەندی هەیـــە، ڕەهەندێکی لۆکاڵـــی و ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیش. ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێت ئیحتیوای داعش بکەن و پاشەکشـــەی پێ بکەن و ئەگەر بتوانن تێکی بشـــکێنن، لەبەر ئەوەی ترسیان لە پارچە پارچە بوونی عێراق هەیە، هەروەها ترسیان هەیە لەوەی شـــەڕکەرە جیهادییەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و هێرشـــی تیرۆریستی ئەنجام بدەن. بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێویســـتیان بە کارکردن هەیە لەگـــەڵ کاراکتەرە لۆکاڵییەکاندا، وەك گاردی هەرێمی (پێشمەرگە) ســـەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، میلیشیا شیعەکان، سوننەکان و یەکەکانی پاســـەوانی نیشتمانی، بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن لە شەڕی داعشـــدا، چونکە ئەوان دەزانن کە ناتوانن تەنها لە ڕێی گورزە ئاســـمانییەکانەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم کاراکتەرە مەحەلییانەش لە بەرامبەردا داوای هێزە نێودەوڵەتییەکان دەکەن بۆ:

(١) بەرگریکردن لە ناوچەکانیان.

(٢) برەودان بە ئەجێندای سیاســـی خۆیان، هەروەها ئەو ئەجێندایانـــەی پەیوەندییان بە خاکەوە هەیە. بۆ نموونە هەرێمی کوردســـتان دەیەوێت بە پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردســـتان بپارێزێت و هەروەها کۆنترۆڵی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیش بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کـــە شـــەرعییەتێکی نێودەوڵەتیی درێژخایەنی دەبێت. هەربۆیە لەم چوارچێوەیـــەدا هاتنی داعش، لە کاتێکدا کە هەڕەشەیەکی سەربازی ئاشکرایە، لە هەمان کاتدا دەرفەتیشە بۆ هەرێمی کوردستان.

دەکرێت هەمان شت لەبارەی کاراکتەرە مەحەلییەکانی دیکەی عێراقەوە بگوترێت.

مەزەندەی من ئەوەیە لە کاتێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پەرۆشـــن بۆ پاراســـتنی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەغـــداش هەم لە بەرامبەر پێشـــڕەویی ســـەربازیی زیاتری داعـــش نیگەرانە و هەم لـــە بەهێزکردنی کاراکتەرە مەحەلییەکانیش نیگەرانە، بە چەشـــنی گاردی هەرێمی کوردســـتان، یاخود میلیشیای شیعە، نەبادا دەسەڵاتی خۆیان بۆ دوورتر لە ناوچەکانی خۆیان درێژ بکەنەوە.


بێگومان بەشێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی داعش دەگەڕێتەوە بۆ ناڕازی بوونی سوننەکان، یەکێکیان بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لە دەیەی ڕابردوودا، یەکێکی دیکەیان بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ناوچە ناکۆکی لە ســـەرەکان لە لایەن هەرێمی کوردســـتانەوە کە دانیشـــتووانێکی تێکەڵیان هەیە، لە نێویاندا خێڵە عەرەبییەکان. بۆیە دەبێت ئەم کێشـــەیە لە ڕووی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت، نەك لە ڕووی سەربازییەوە، ئەمە ئەگەر بمانەوێت ئاشتییەکی درێژخایەن لە عێراقدا بێتەئاراوە.

---

*** بەڕێوەبەری گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان**

# سەرکەوتنی ئیرادەی گەل گەڕانەوەی متمانەی تاک

## (خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژی)



یوسف عوسمان حەمەد

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

ژان پۆل سارتەر لە دەقی (دەستە چەپەڵەکان) دەڵێت: «ئازادیی تاك وابەستەی ئازادیی نیشتمانە هەرکاتێك تاك کەرامەتی کەسیی لەدەست دا نیشتمان بەهای نامێنێ». ئەمە لە رووی دەروونییەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە دەستدرێژی کردنە سەر سەروەری و کەرامەتی تاك، نیشتمان دەخاتە بەر هەڕەشەی هەڵوەشانەوە. هەمزاتۆڤ (لە داغستانی من) دەڵێت: هەموو دنیام خۆش دەوێت، لەوەش خۆشەویستر وڵاتەکەم و شارەکەم و ماڵەکەم، بۆیە گەڕانەوەی زێدی باوك و باپیران گەڕانەوەی هیوایە بە ئاییندە، هەموو شتێك لە دەوروبەرمان وێران بوون، وێرانی شار و مرۆڤ، دەزانم دەتوانین لە جاران باشتر شارەکەمان و وڵاتەکەمان ئاوەدان بکەینەوە، بەڵام نازانم چۆن دەتوانین مرۆڤە رووخاوەکان ئاوەدان بکەینەوە.

پرسیار ئەوەیە ئایا لە دوای شەڕی کاولکاری بۆ ئاوەدانکردنەوە لە کامەیانەوە دەست پێبکەین، لە ئاپارتمان و خانوو و پارکەکان، یان لە مرۆڤەکان؟ کامەیان گرنگترە؟ لە رووی دەروونییەوە دەڵێن: مرۆڤە تێکشێندراوەکان و رووخاوەکان لە ناخەوە ناتوانن ئەو هێزە دروست بکەنەوە کە جارێکی دیکە خانوو دروست بکەنەوە و پارکەکان ئاوەدان بکەنەوە و پیاسەی جادەی چۆڵ و سێبەر بکەن، یان بە هزر و دیدی هۆنراوە و رۆمانسیەت بحەسێنەوە.

تا بەرنامەی شیاندن بۆ تاکەکان ئەنجام نەدەین و متمانە لە نێوان تاك و سەرکردە دروست نەکەینەوە، ئەوا ئاوەدانی دەست پێناکات. کاتێك مرۆڤ بە زۆر لە شوێنی حەوانەوە و هەڵبژاردەی خێزانی خۆی هەڵدەکەنن و وەکو دارێکی رەگ داکوتراو لە ناخی زەوی هەڵیدەکێشن، زەحمەتە جارێکی دیکە وەکو خۆی بەرهەم و سێبەری جوانی هەبێت و لە ژێریدا بسرەوێت. چونکە ترس و تۆقاندن بەردەوام هاوەڵیەتی و لەو کاتە لە رووی دەروونییەوە پێویستی بە پاڵپشتی و متمانەی بە دەوروبەری هەیە. بۆیە کارکردن لە سەر تاك ئەرکێکی نیشتمانی هەموومانە بۆ ئەوەی تاك دوای وێرانی و رووخان متمانەی بە خۆی هەبێت، بتوانێت ئاسوودەبێت لە ژێر خانووە رووخاوەکاندا. ئەوەی رووی دا، تەنها تێکچوونی شار و گەڕەك نەبووە، بەڵکو لە بەین بردنی ئیرادە و سەروەری خودی ئینسان بوو، کە تووشی هستریای دەمارگیری هاتووە و ئەوەش هەموو فرێمەکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان هەڵدەوەشێنێتەوەو دژی دەوەستێتەوە. ئەوە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ هەموو چەمکەکان هەیە کە پێشتر هەبووە. بۆیە دەڵێن ئەوەی وێران بێ، بۆ هەتایی وێران بووە.

راستە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆت ئەگەرچی تاڵان و وێرانیش بووە، متمانەت بە سەرکردە و هێزی نیشتمانی و دەوڵەت زیاد دەکات، بەڵام کاتێك کە شەڕ تەواو دەبێت، شەڕێکی دیکە درێژەی هەیە، ئەویش شەڕی دەروونی و لابردنی مۆرکی دەستدرێژی بۆ سەر ئەو شتەیە کە هەتا دوێنێ پیرۆز بوو لە نێوان دێرە پیرۆزەکانی باوەڕ و بەها کۆمەڵایەتییەکان کەچی ئێستا جێگەی گومانە و دەکرێت ناوی بنێین: «خۆکوژی کۆمەڵی».

(ئەدلەر) لە کتێبەی (دارمانی بەهایەکان) لاپەڕە (٣٨٣) باسی ئەوە دەکات هەندێ جار بە نەمانی بەها پیرۆزەکان مرۆڤەکان تەسلیم دەبن و ملکەچی واقع دەبن، بەڵام دەروونزانیی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات کە گەل و ئایین و نەتەوەکان خۆیان ناکوژن و ناتوێنەوە و نابنە سێبەری کەسێکی دیکە و ئەوەی تەسلیم دەبێت، خودی تاکە، هەر شتێك لە سروشت، یان مێژوو رووبدات، ناتوانێت ئیرادەی گەل و نەتەوە بڕووخێنێ، ئەو کاتە سەرکەوتنەکان، یان ئازادکردن و رزگارکردن شوێنە خەسێندراوەکان و داگیرکراوەکان دەبنە تروسکایی متمانە کە دووبارە لە ناخەوە جارێکی دیکە دەست پێبکەنەوە، مێژوویەکی دیکە و بە ستایلێکی دیکەوە بنووسنەوە، چونکە جگە لە تاك کەسێکی دیکە نییە بوونی هەبێت و بڕووخێت لە کاتی دەستدرێژکردنە سەر پیرۆزییەکانی خانەوادە، لە بەر ئەوەی ناسنامە لە تاك دەسێندرێتەوە و دەگۆڕدرێت، بەڵام هەرگیز ناسنامە لە نەتەوە و گەل و ئایین ناسێندرێتەوە. چونکە هەر ئەو متمانەیەی تاك بە سەرکردە دووبارە تاکێکی دیکە بە ناسنامەیەکی نوێوە دروست دەکات. گەلان بچووك و بچووکتر دەبنەوە، بەڵام ناتوێنەوە و ناسنامەیان ون نابێت، بۆیە پێویستیان بە جوگرافیای ژینگەی تایبەتی خۆیان هەیە بە مۆدێلێکی هاونیشتمانی خۆیان کە تایبەتمەندی ئەوان بپارێزێت لە زێدی رەسەنی خۆیان، کە جارێکی دیکە لەوێ دەست پێبکەنەوە. هەر لەسەر ئەو شرۆڤەیە ئازادکردنی گوند و شار و شوێنە پیرۆزەکان بەهایەکی بەرزی هەیە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بە جیاوازی جوگرافیای لەدایکبوون تایبەتمەندن، هەر ئەمەیە ئازادکردنی ئەو شوێنانە ئومێدبەخشی گەورەیە لە ناخی رووخاوی تاکدا کە جارێکی دیکە ئەو بەهایە بەشێوەیەکی جوانتر لە جاران دروست بکەنەوە و متمانە دروست بکەن. ئەو تاکە دەڵێت: متمانەم بە تۆ دا لە رێگەی دەنگدانەوە، تۆش متمانە بۆ من بگەڕێنەوە بە پاراستنی سەروەری و کەرامەت و ژیانم.

مێژوو هیچ کاتێك دەرگا بۆ کەس ناکاتەوە، تەنها ئەوانە دەتوانن بە زانایی و زیرەکی و یەکڕیزی کلیلی ئەو دەرگایە بکەنەوە، بۆیە زیرەکیی سەرکردە کلیلی مێژووە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکان، چەندان شار وێران بوون، بەڵام مرۆڤەکان دووبارە زیندوو بوونەوە، ئەوەی جێگەی خوێندنەوەیە و شرۆڤەکردن بێت، ئەوەیە سەرجەم دیکتاتۆرەکان و توندڕۆکان کار لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاك دەکەن بۆ رووخانی ئیرادەی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ملکەچی داخوازیەکانیان بێت، لە بەرامبەریشدا دەبێت کار لەسەر گەشبینی و رەوینەوەی ترس بکرێت لە ناخی تاکدا، تاوەکو

**کەسی رووخاو ناتوانێت شارێکی وێران ئاوەدان بکاتەوە، شارێکی ئاوەدانیش کەسێکی رووخاو لەخۆی ناگرێت، بەڵام کەسی بەهێز لە خودی خۆیدا سەرکردەی بەهێزە لە بڕیاردا و دەتوانێت نەک ئینسانی رووخاو چاک بکاتەوە، بەڵکو جوگرافیایەکی دیکەی مرۆیی و نوێ دروست بکاتەوە**

**مێژوو هیچ کاتێک دەرگا بۆ کەس ناکاتەوە، تەنها ئەوانە دەتوانن بە زانایی و زیرەکی و یەکڕیزی کلیلی ئەو دەرگایە بکەنەوە، بۆیە زیرەکیی سەرکردە کلیلی مێژووە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکان**



کەسێکی دیکەی بەهێز و خاوەن ئیرادە دروست بکرێت و شارێکی پڕ لە ئاوەدانی دروست بکات. بەڵام کەسی رووخاو ناتوانێت شارێکی وێران ئاوەدان بکاتەوە، شارێکی ئاوەدانیش کەسێکی رووخاو لەخۆی ناگرێت، بەڵام کەسی بەهێز لە خودی خۆیدا سەرکردەی بەهێزە لە بڕیاردا و دەتوانێت نەک ئینسانی رووخاو چاک بکاتەوە، بەڵکو جوگرافیایەکی دیکەی مرۆیی و نوێ دروست بکاتەوە کە لە ترسی رووخاندنەوەی دوور بێت. لەم حاڵەتەدا ستانداری ئاسایشی نەتەوەیی بریتی نییە لە چەندایەتی چەک و تەقەمەنی و هێزێکی زۆر و زەبەلاح و پلانی شەڕ، رەنگە ئەوانە پێداویستیی شەڕ بێت، بەڵام ستانداردەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئاسایشی نەتەوایەتی بریتییە لە دڵنیایی تاک لەو شوێنەی لێی دەژیت و نەهێشتنی فشاری ترس و تۆقاندن لەسەر دەروونی تاک کە یەکێکە لە بنەماکانی ئاسایشی دەروونی.

مەرج نییە شارێک ئازاد دەکەین، ئەگەر عەقڵیەتێکیش ئازاد نەکەین کە بەڕێوەبەری ئەو ئازادکردنە بێت. زۆرجار پەراوێزخستنی گرووپێک، یان نەتەوەیەک ئەگەر لە پلەیەکی بچووکیش بێت، ئەوا زۆر زەحمەتی دەبینێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ حاڵەتە نوێیەکە رەنگە تووشی کۆمەڵێک گرفتی دەروونی و ئایینی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، وەکو هەستکردن بە خەمۆکی و خەمباری و بیرکردنەوەی نەرێنی و بێ بەها بوونی خۆی و رەشبینی، جگە لە تێکچوونی باری تەندروستی و لێکدابڕانی خێزان و ئەندامەکانی کۆمەڵگە و پەرتەوازەیی و لێکپچڕانی وابەستەیی کۆمەڵایەتی.

بەهێزترین سەرکردە ئەوەیە چۆن ئاسایشی تاک بپارێزێت و تایبەتمەندییەکانی تاک لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی هەستی پشتگوێخستن و پەراوێزخستنی دەربچێت و بزانێت ئەویش بەشێکی کاریگەرە لە نەتەوەی گەورە و مافی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە.

بەپێی تیۆرییەکانی دەروونی هەر گرووپێک ئەگەر نەیتوانی لەگەڵ حاڵەتی نوێ و دیفاکتۆی نوێ بگونجێت، ئەوا بە دوای سەرچاوەی دیکەی ئارامگیریدا دەگەڕێت کە بوونی خۆی بسەلمێنێ لەسەر شانۆی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی مەیدانی کۆمەڵایەتی و ژینگەی دڵنیایی.

**ناسنامە لە تاک دەسێندرێتەوە و دەگۆڕدرێت، بەڵام هەرگیز ناسنامە لە نەتەوە و گەل و ئایین ناسێندرێتەوە. چونکە هەر ئەو متمانەیەی تاک بە سەرکردە دووبارە تاکێکی دیکە بە ناسنامەیەکی نوێوە دروست دەکات**

سیگموند فروید، لە دابەشکردنی عەقڵدا باس لە وە دەکات کە کارەساتە ناخۆشەکان لە نەستی مرۆڤدا دەمێنێتەوە وەکو هێزێکی نەرێنی کار لە تاک دەکات لە رێگەی تۆڵەسەندنەوە، یاخود ئاریشەی دەروونی دەجووڵێت و کاری خۆی دەکات. واتە زۆر جار کێشەی دەروونی تاک پەلکێش دەکات بەرەو لادان و قەبووڵنەکردنی ئەوی دیکە لە جیاوازیدا، کە هەر خۆی دەبینێ، یاخود بەرەو لادانی رەفتاری و ئاکاری دەچێت کە ئاکامەکەی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، وەکو تۆڵەسەندنەوە. بەڵام زۆرجاریش هەیە ئەم وزە دەروونییە نەستیە دەتواندرێت رێکبخرێت بە هۆی متمانە بوون بە کەسانی پاڵپشتی. وەکو هێزی رزگارکەر، یاخود گەڕانەوە بۆ شوێنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی خۆی کە هەست بە حەوانەوەی دەروونی دەکات و دەبێتە کەسێکی ئەکتیڤ لە نێوەندی کۆمەڵگەدا، بۆیە ئەم سەرکەوتنە کلیلی بەتاڵکردنەوەی هەموو هێزێکی نەرێنیی دەروونی تاکە، یاخود گۆڕینەوەی بۆ هێزێکی ئەرێنی کە جارێکی دیکە هیوابەخش دەبێت بەرامبەر هەموو کارەساتە ناخۆشەکان.

مرۆڤ لە مردن خۆش دەبێت و قەبووڵی دەکات، بەڵام بەپێی پێوەری کەلتوور و داب و نەریت زۆر زەحمەتە و ناتوانێت قەبووڵی دەستدرێژی بۆ سەر پیرۆزییەکانی خۆی بکات و وەکو گرێیەکی دەروونی لە بیرنەکراو دەمێنێتەوە.

بۆ کارکردن لە سەر خودی تاک و شیاندنی کەسەکان زۆر پێویستە لەم قۆناغەدا بۆ جێگیربوونی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە و پاراستنیان لە رووخان و بێ هیوا بوون لە ژیان کار بکرێت، کە وا هەست بکەن وەکو مرۆڤێکی سەرکەوتوو گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و دووبارە ژیان دەست پێدەکەنەوە .

زۆربەی شرۆڤەکارەکان دەڵێن تاکی رۆژهەڵات لە رووی دەروونی ناکامڵە و بەرگەی هەندێك کارەسات ناگرێت، بەڵام توێژینەوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی ئەوە دەسەلمێنێ کە تاکی کورد زۆر ئامادەیی هەیە بۆ خۆگونجاندن لە رێگەی بەرگریکردن و رێکخراوبوونی نەتەوە، نەک لە رێگەی ملکەچبوون، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تاکی کورد لە هەموو کارەساتێك تێپەڕیوە و وەکو خۆی بەهێز ماوەتەوە و نەیهێشتووە بخزێتە ناو هیچ کەلتوورێکی دیکەی بێگانەوە. رەنگە کارەساتەکان پاڵنەری سەرەکیی یەکگرتن و بەخۆداچوونەوە بێت، بەڵام ئەم کارەساتەی دوایی زیاتر شۆڕبوونەوە بووە بە ناخی نیشتمانگەرایی و پاراستنی هەموو مقەوەماتی نیشتمانی لێکەوتۆتەوە.

***پسپۆڕی دەروونزانی**

## داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە

# لە جیهانی عەرەبیدا.. ئیخوان پلیکانەی یەکەمی سەرکەوتنی داعش بووە



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

**(٨)**

وەك لە بەشی پێشوودا وتمان کە گۆڕینی وێنەی خودا لە نەستی خەڵکیدا کاریگەرییەکی مەزنی دەبێت لەسەر هەستی خەڵکی و بەرەو هوشیاربوونەوەیان دەبات و پاشان رەفتاریشیان دەگۆڕێت. هوشیاربوونەوەی بەردەوام باشترین بەلسەمی دەردەکانی ئێمەیە و بە جار و دووجاریش ئەو پرۆسەیە کۆتایی نایێت و مرۆڤ دەبێ بە بەردەوام بەم پرۆسەیەوە سەرقاڵ بێت. ئەو خودایەی لە نەستی موسڵمانەکاندا جێگەی گرتووە، کراوەتە بتێك، دەبێت بشکێندرێت، تا خودایەکی زیندوو جێگەی بگرێتەوە.

لەم جۆرە ناساندنە بۆ خودا هەروەك ئیخوان لە جیهانی عەرەبیدا پلیکانەی یەکەم بوو تا رێگە خۆشبکات بۆ سەرکەوتنی داعش، بەهەمانشێوەش لە تورکیا نۆستالۆژیای کۆمەڵەی نوور بۆ گێڕانەوەی خەلافەت، لە دژی حکومەتی نەتەوەگەری ئەتاتورك، هەمان خەیاڵی لای موسڵمانانی تورکیا وورووژاند. بۆ نموونە بانگدان لە مزگەوتەکەی نوورسی بە عەرەبی، لە دژی فەرمانی ئەتاتورك بۆ بە تورکیکردنی بانگدانی عەرەبی، ئەو سۆزەی هەر بە پارێزراوی هێشتبۆوە، هەرچەن نورسی و کۆمەڵەکەی دژ بە شەڕی نێوان موسڵمانان بوون، چونکی نورسی و پەیامەکەی بە گشتی لەسەر رزگارکردنی ئیمان، دژ بەو بێ ئیمانییەی کە رۆژئاوا هێناویەتی دامەزرابوو- بە بۆچوونی ئەوان-، وەلێ لە ناو تورکەکانیش بزاڤی سەلەفی جیهادی سەریهەڵدا و بەرگەی گۆڕانی تاك و کۆمەڵیان نەگرت و چاوەڕێی رزگارکردنی ئیمانیان لە رێگەی پەیامەکانی نوورەوە نەدەکرد، پردی ئارامیان لەبەرامبەر ستەمی حکومەتەکانی خۆیان رما. بۆیە هەم ئاڕاستەی ئیسلامی سیاسی و هەمیش جیهادی و سەلەفی لە تورکیاشدا پەرەی خۆی سەند، لە سەرەتای نەوەدەکاندا چاوم کەوت بە چەند کەسێك لەناو سەلەفی جیهادی کە بە رەچەڵەك توورك بوون و پەیوەنییەکی پتەویان بە میسرەوە هەبوو، بەڵام ئەو زانیارییەم لا نییە کە لە چ ساڵێکەوە ئەو فکرەی جیهادییە لەنێو ئەوانیشدا چەکەرەی کردبوو. ئێستەش لەناو ئەواندا داعش نرخی تایبەتی خۆی و لایەنگری زۆر و زەبەندەی خۆی هەیە. هەڵبەتە ئەردۆگانیش لەم جۆرە رەوتە سوودمەند بووە و بۆ مەرامی سیاسی خۆی بەکاریهێناون و سۆزی جیهانی سوننەی ئیسلامی بە داعش و بە پشتگیری لە فەلەستین و حەماس و ئیخوانی میسر، جەماوەر و پێگەی خۆی لە تورکیادا پێ پتەو کردووە. ئەگەرچی لەم ساتە وەختەدا هاوپەیمانی وڵاتانی رۆژئاوا و عەرەبی هەندێ پێگەی ئەردۆگانی لەق کردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئەردۆگان و بەغدادی، وەك سیاسی و جیهادی ئەو رەوتەی هەنووکەیان پێکهێناوە، ئەگین داعش بەتەنها ئەو هێز و توانایەی نییە کە هێندە تەشەنە بکاو خۆی بگرێت. ئەگەر داعش سەری رمێك بێت، ئەوا سوننەگەرایی ناوەڕۆك و قووڵایی ئەو سەرەیە. سەرباری ئەمانەی کە هەموو پێکەوە هێزێکی یەك ئاڕاستەییان وەرگرتووە، خەلافەتیشیان خستە سەری

و ئیدی هەموو ئیسلامی راستەقینەیان لە خۆیاندا کۆکردەوە. ئەمە یەکێکە لەو نهێنییانەی کە بۆ زۆربەی جیهانی ئیسلامی سوننەگەرا، سۆزدارییان بۆ داعش هەیە و دوو بەرەی وەك داعش و ماعشیان خوڵقاندووە.
بەهەرحاڵ ئەمەی سەرەوە وەك نموونەیەك هێنامەوە تا مەبەستی خۆم روون بکەمەوە لەوەی کە وتم سەرەتای کاردانەوەی جیهانی ئیسلامی بە چەن بزاڤێکی ئیسلامی لە چەن وڵاتێکی ئیسلامیدا، ئاخۆ چ پەیوەندییەکی بە ئیمڕۆی داعش و گرووپە توندڕەوەکانیترەوە هەبێ. دەمەوێ خوێنەر لەوەش ئاگادار بکەمەوە کە نامەوێ لێرەدا دادگایی هیچ لایەن و گرووپ و کەسێك بکەم، هێندەی دەمەوێ زانستییانە مێژوویەك بخوێنمەوە کە پەیوەندی بە ئیمڕۆکەی داعشەوە هەیە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە گرنگییەکەی لەوەدایە کە مرۆڤ لە خۆی و لەویتریش هۆشیار دەبێتەوە. داعش کۆمەڵێ مرۆڤن و گیرۆدەی ئایدیۆلۆژیایەك بوون، کە بە ئایدیۆلۆژیایەکیتر نەبێت، هوشیار نابنەوە. رەنگە هەندێ لەو مرۆڤانەی ئیمڕۆکە دژ بە داعش وەستاون، گەر بکەونە ژێر هەمان هەژموون و تەوژمی داعشەوە، ئەوانیش بەرەو خۆی راپێچ بکات.
بەتایبەتی لاو زۆر زوو دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییانەوە، بەتایبەتیتریش لاوان و گەنجانی وڵاتانی ئیسلامی، کە زۆر مافیان لێسەندراوەتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە دەسەڵاتدارانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە، بەشدارییەکی مەزن لەو بێ مافییەی ئەوانەدا دەکەن، پانتایی دەرخستنی بەهرەکانیان زۆر تەسکە، رێگرن لە ئازادی بیروڕا دەربڕیندا، ئەو گەنجانەی کە بێدەرامەت و بێدەسەڵاتن و لە ژێر پەروەردەی ئیسلامیدا بوون، هەموویان تۆوێکیان تیا چێنراوە، کە داعش دەتوانێ ئاوی بدات و چەکەرەی پێبکات. رەنگە پەروەردە ئیسلامییەکە پەروەردەیەکی توندڕەوانە نەبووبێت، بەڵام وەك وتم گەڕانەوەی خەلافەت و پیرۆز راگرتنی پێشینان و بە هەقزانینی رەهای ئیسلام و بە ناوی خوداوە دوان، سەرباری ئەمانە چەوساندنەوەی دەسەڵاتداران و نادادپەروەری فەرمانڕەواکان و بێئومێدیی گەنجان، ژینگەیەکی گونجاو و زەمینەیەکی لە بار بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی داعش ساز دەکەن.
ئێستە بزانە جیهانبینی داعش و ستراتیژیی ئەوان بۆ ئەم ژیانە، چەندە کاریگەرە لە گەیشتن بە ئامانجی ویستراوی خۆیان. لە هەمانکات ناتوانین داعش وەك خەواریج لەیەك جۆرە گرووپدا کۆیان بکەینەوە، وەك لە بەشەکانی پێشەوەدا تیشکمان خستەسەر سەرهەڵدانی خەواریج، چونکی داعش لە لایەکەوە رەنگێکی جیهانی وەرگرتووە و لەلایەکی تریشەوە فرەکارەکتەریی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بەناوی ئیسلام و خەلافەت و سوننەوە بۆتە گلۆباڵ و لەهەموو دنیاوە خەڵکی بۆخۆی کێش دەکات و گەنجێکی زۆریش هەر یەکە بە پاڵنەری جیاواز لە خۆی کۆدەکاتەوە. دەبینرێ گەنجێ ناسنامەی خۆی لەوێدا دەدۆزێتەوە، گەنجیتر ناوبانگ لەوێدا بۆخۆی دروستدەکات، گەنجێکیتر کە لەم دنیایە بێئومێد بووە، بەهەشتێ بۆخۆی مسۆگەر دەکات، رەنگە کۆمەڵە گەنجێکیش بە خەمۆکییەوە بتلێنەوە، لەبری ئەوەی خۆیان بە خۆڕایی بکوژن، بە نرخێکی گران خۆکوژی ئەنجام بدەن. گەنجیتریش هەن لەهیچ حاڵی نین، تەنها ئەوەندە نەبێت ئەوە ئەمری خودایە و ئەمڕۆژە عەلاماتی ئاخرزەمان دەرکەوتووە و بۆ خودا دەژی و دەمرێ. بۆیە ناتوانین یەك پاشخانی کەلتووری بۆ داعش دامەزرێنین وەك چۆن لە خەواریجەکاندا بینیمانەوە، بەڵام یەك پاشخانی ئایینی هەمویان کۆدەکاتەوە. خاڵێکی تریش کە هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە داعش وەك درێژکراوەیەکی بەعس دەبیندرێت. بەعس دوو دیوی نەتەوەیی و ئایینی لە خۆی گرتبوو، لەسەرەتادا دیوە نەتەوەییەکەی دەرخست، کەچی لەم کاتەدا دیوە ئایینییەکەی خۆی دەردەخات. ئەمەیان مەترسیدارترە، چونکە لە دیوی یەکەمدا تەنها دەیتوانی نەتەوەی عەرەب لە خۆیەوە بگلێنێ، بەڵام ئەمجارەیان هەموو موسڵمانی جیهان لەخۆی دەگرێت و ئەوەشی موسڵمان نییە دەربەدەری دەکات، بەڵام بەعس بەمجۆرە لەگەڵ ناموسڵماندا مامەڵەی نەدەکرد، بەپێچەوانەوە وەك هاونیشتمانێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن.
یەکێك لەو کەیسانەی کە چۆن گەنجێك بەرەو رووی داعش دەچێت، ئەوە رووندەکاتەوە کە بانگەشەی داعشییەکان مشتومڕ و بیرکردنەوەی زۆری ناوێ، فەلسەفە و تیۆریزەکردنی بنەماکانی ئیسلامی گەرەك نییە، پێویستی بەو هەموو بیانوو هێنانەوەیەی ئیسلامی سیاسی نییە، تا شەرعییەت بە خۆی بدات، تەنها هێندە بەسە کە ئیتر دەبێت جیهاد بکەن و جیهان لە جەهالەت رزگار بکەن، ئەو جیهانەی کە سەلیبیەتی ئەمریکی و جوولەکە و رۆژئاوا داگیری کردووە، ئەو جیهانەی دەسەڵاتدارە موسڵمانەکان بوونەتە نۆکەریان- ئەمە لە دیدی ئەوانەوە-، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە حاکمییەت بۆ خاوەنەکەی بگێڕنەوە کە ئەویش تەنها خودا خۆیەتی. بۆ نموونە گەنجێکی میسری بە ناوی (إسلام يكن) تەمەن ٢٣ ساڵ، زانکۆی تەواو کردووە،ساڵێ پێش چوونی بۆ ناو داعش، باس لەوە دەکات کە چۆن مردنی هاوڕێکەی دەیکاتە ئیسلامییەك و جیهادی و ژیانی بەهەشت سەرقاڵی دەکات، حەزی لە شوهرەت کردووە،

**سەرەتای دەرکەوتنی کاردانەوەی جیهانی ئیسلامی کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر روویدا، پەیوەندییەکی پتەوی بەو پەرەسەندنەوە هەیە کە ئیمڕۆ بە بزاڤە ئیسلامییە توندڕەو و میانڕەوەکانەوە دەیبینین**

**داعش کۆمەڵێ مرۆڤن و گیرۆدەی ئایدیۆلۆژیایەک بوون، کە بە ئایدیۆلۆژیایەکیتر نەبێت، هوشیار نابنەوە. رەنگە هەندێ لەو مرۆڤانەی ئیمڕۆکە دژ بە داعش وەستاون، گەر بکەونە ژێر هەمان هەژموون و تەوژمی داعشەوە، ئەوانیش بەرەو خۆی راپێچ بکات**

**ئەو گەنجانەی کە بێدەرامەت و بێدەسەڵاتن و لە ژێر پەروەردەی ئیسلامیدا بوون، هەموویان تۆوێکیان تیا چێنراوە، کە داعش دەتوانێ ئاوی بدات و چەکەرەی پێبکات**

رقی لە ئیخوان بووە، وەك خۆی دەڵێت: چونکی ئەوان خەریکی سیاسەتن و ئێمە خەریکی جیهادین. مەبەستم ئەوەیە ئەم فکرە داعشییە، کردەوە دەخوازێ و زۆر وتنی ناوێ، جووڵەی سەرزەوی دەیانورووژێنێت، نەك فکر. مەبستم ئەوە نییە کە فکریان نییە، مەبەست ئەوەیە کە فکر و واقعیان دوور نییە لە یەکتر، باوەڕیان بە چی هەبێت، ئەوە جێبەجێدەکەن، وەك ئیسلامی سیاسی نین، کە باوەڕیان بەخەلافەت هەیە، یان هەبووە، بەڵام درکاندنی بۆ ئەوان هەنووکە قورس بووە. ئیسلامی سیاسی لەگەڵ واقعێکدا تێکەڵ بوون، واقعێك کە باوەڕی بە مەدەنییەت هەیە، ئەمانیش دەیانەوێ بیسەلمێنن کە دیموکراتخوازن، تا وجوودی خۆیان بسەلمێنن. بەڵام داعش کە وەك گشت ڕێبازەکانی سەلەفی جیهادی، باوەڕیان وایە هەر ئیسلام هەیە بۆ حوکم بشێت. لە روویەکەوە لەم جیهانبینییەی ئەمانە بڕوانێت، هەست دەکەیت لە گەڵ باوەرەکەیاندا راستگۆن. ئەگەر ئیسلام دینێك بێت، خوا ناردبێتی، ئەگەر ئیسلام ڕێبازێك بێت، کامڵ بێت، ئەگەر ئیسلام چارەسەری گشت کێشەکانی هەبێت، ئەگەر قورئان کەلامی خودا بێت، ئەگەر ئەمە وابێت، وەك داعش و گشت موسڵمانێك بە ئیسلامی سیاسیشەوە باوەڕیان پێیەتی، ئیتر بۆ پەنا بۆ مەنهەجێکیتر دەبن؟ ئەگەر ئیسلام هێندە جوانە، چ پیویست دەکات باسی دیموکراسی و مەنهەجی بەشەر بکرێت؟ بۆیە لای داعش، گشت پارتە ئیسلامییەکان کە بەشداری سیاسەت دەکەن و باسی دیموکراسی دەکەن، کافرن و بڕایەوە. زۆرن ئەوانەی ئیمڕۆکە دژ بە داعش قسە دەکەن لە ناو ئیسلامی سیاسیدا، یان ئێستەش وەك ئەوان بیر دەکەنەوە، یاخود چەن ساڵێ لەمەوبەر وەك ئەوان بیریان کردۆتەوە، بەڵام واقع و بەرژەوەندیی سیاسی ناچاری کردوون دەستبەرداری ئەو عەقیدەیە ببن. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وتاری ئیسلامییەکانتان نەدیوە کە دیموکراسییان کافر دەکرد، کەچی ئێستە بە رووکەش لە گەڵ داعشدا نین، وتاری گوتراو و نووسراوی ئەو ئیسلامییانەتان نەدیوە کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بەعسی و پارتی و یەکێتیان کافر دەکرد، ئێستەش چۆن لەگەڵیاندا کاردەکەن و شوێنیان کەوتوون و شانازی دەکەن ئەگەر یەکێك لەو سەرکردانەی ئەو پارتانە قسەیان لەگەڵدا بکەن! کەواتە داعش وەك ئەوەی دەبیندرێت، لەگەڵ بیروباوەڕەکەی خۆیان راستگۆن، نەك ئیسلامی سیاسی. کەوابێ، سەرەتای دەرکەوتنی کاردانەوەی جیهانی ئیسلامی کە نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر روویدا، پەیوەندییەکی پتەوی بەو پەرەسەندنەوە هەیە کە ئیمڕۆ بە بزاڤە ئیسلامییە توندڕەو و میانەڕەوەکانەوە دەیبینین.

ئیسلامی سیاسی دیارە خۆی لەگەڵ واقعدا دەگونجێنێ، بێئەوەی بنەما سەرەکییەکانی عەقیدەکەی بگۆڕێ، بە توندڕەوێکەوە دیارە کە دەیەوێ ئەوەی باوەڕی پێیەتی لەسەر زەوی بیرڕوێنێ، بە سەلەفییەکیشەوە دیارە کە هەم لە سیاسەت و هەمیش لە جیهاد خۆی بەدوور دەگرێ، بەڵام هەر هەموویان لە بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام وەك یەك بیر دەکەنەوە، واتە خودا و پەیامبەر و پەیامەکەی، (ألله، محەمەد و قورئان)، سێ بنەمان کە جیهانی ئیسلامی لەسەر بنیاتنراوە، ئەم سێ بنەمایەن ئیمڕۆکە لە بەرژەوەندی جیهادییە توندڕەوەکاندایە، کە لە داعشدا رەنگی تەواوی خۆی داوەتەوە.

با بێینەوە بۆلای داعش لە عێراق. دەبینین لە بەرامبەر ئەواندا (ماعش)ێکیش واتە میلیشیای شیعەی عێراقیش پەیدا بووە. داعش سواری کەشتی سوننە بوو، تا بتوانێ مەزهەبێك بۆ خۆی بەکاربهێنی و سوننەکانی عێراق لە خۆی کۆبکاتەوە، خەلافەتی بەکارهێنا تا لە هەموو دنیا موسڵمان بەرەو لای خۆی بهێنێتەوە. سعودییە و تورکیاش سواری کەشتی داعش بوون تا بەرژەوەندی خۆیان دژ بە ئێران، بپارێزن و ئێرانیش بووە سەرنشینی کەشتی ماعش تا خۆی لە عێراقدا بهێڵێتەوە. تورکیا و سعودییە لەوە دەچێت لەبەرامبەر داعشی سووریا یەك دەنگ بن، بەڵام بەرامبەر داعشی عێراق وەك یەك بەرژەوەندییان نەپارێزن. لەوە دەچێ سوننەی عێراق بەشێکیان لای داعش بێت و تورکیا هاوکاریانە، بەڵام بەشەکەی دیکەیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بێت و سعودییە هاوکاریان بێت. ئەو بەشە سوننەیەی دی کە لای حکومەتی عێراقە، لەچاو بەشەکەیتر کە لای داعشە، وەك جاش دەبیندرێن، واتە بوونەتە جاشی شیعە. تورکیا لەوە دەچێ زەبری پێگەشتبێت لە پشتگیریکردنی داعش، ئەویش بۆ دەرچەیەك دەگەڕێ و دەیەوێت لە عێراقدا جێگەی خۆی بکاتەوە. سیناریۆیەکی سیاسی سەیر و تیکەڵ لە مێژوو و لە هەنووکە، ململانێیەکی سەخت بۆ دەسەڵاتی ئیمڕۆکە، بە شەرعییەتی دوێنێکە، ئەو مرۆڤەی کە دەڵێن ئیسلام زۆر بایەخی پێدەدا، هەر بە ناوی ئیسلامەوە بێ بایەخ دەکرێ، ئەو خودایەی کە دەڵێن دەبێت موسڵمان ملکەچی بن، لەوە دەچێت کەلامی ئەو خودایە هەر موسڵمان خۆی بۆ مەرامەکانی خۆی ملکەچی خۆی کردبێت، تێکەڵە و ئاڵۆزییەکی بێئەندازە دەبیندرێت.

جاری داهاتوو لە دوابەشدا پێتان دەگەمەوە، بە دەرئەنجامێك لەم گەشتەی داعش و سایکۆپۆلیتیك لێتان جیا دەبمەوە، بەو هیوایەی لە بابەتێکیتردا گەشتێکیتر دەستپێبکەینەوە.

**ئەردۆگان و بەغدادی، وەک سیاسی و جیهادی ئەو رەوتەی هەنووکەیان پێکهێناوە، ئەگین داعش بەتەنها ئەو هێز و توانایەی نییە کە هێندە تەشەنە بکاو خۆی بگرێت**

**هەروەک ئیخوان لە جیهانی عەرەبیدا پلیکانەی یەکەم بوو تا رێگە خۆشبکات بۆ سەرکەوتنی داعش، بەهەمانشێوەش لە تورکیا نۆستالۆژیای کۆمەڵەی نوور بۆ گێڕانەوەی خەلافەت، لە دژی حکومەتی نەتەوەگەری ئەتاتورک، هەمان خەیاڵی لای موسڵمانانی تورکیا وروژاند**

**ئەو خودایەی لە نەستی موسڵمانەکاندا جێگەی گرتووە، کراوەتە بتێک، دەبێت بشکێندرێت، تا خودایەکی زیندوو جێگەی بگرێتەوە**







AMNESTY INTERNATIONAL

راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی

# کارەساتی کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی لە نێو دۆزەخی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا




ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٣ی سێپتەمبەر لە راپۆرتێکی ١٨ لاپەڕەیی بە ناوونیشانی: «هەڵاتن لە دۆزەخ .. ترس و تۆقاندن و بە کۆیلەکردنی سێکسی لە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا) بڵاو کردۆتەوە، ئەم راپۆرتە هەر هەمووی تەرخانکراوە بۆ ژان و ئازاری کچان و ژنانی ئێزیدی، دوای ئەوەی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستگیرکراون، یان رفێندراون. میتۆدی راپۆرتەکە لە سەر بنەمایەکی زانستی دارێژراوە و لەسەر بنەمای قسەکردنی ٤٢ کچ و ژنی ئێزیدی نووسراوە کە توانیویانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش هەڵبێن و پاشان لە ناو کەمپی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دیداری لەگەڵدا کردون و قسەکانی تۆمار کردون. لەسەر بنەمای ئەو قسانەی کە تۆماریان کردووە، تیمی رێکخراوەکە دوای پێشەکی و خستنەڕووی میتۆدی راپۆرتەکەیان، لێکۆڵینەوەکەیان دابەشکردووە بۆ چەند بەشێک کە بریتین لە:

١. هەتککردن و بەکۆیلەکردنی سێکسی.

٢. ناچاربوون بە خۆکوشتن.

٣. ئەنجامدەرانی تاوانەکان.

٤. ترس و تۆقاندن وەک چەکێک بۆ حوکمڕانی.

٥. ڕێگەیەکی سەخت و دژوار بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ژیانی ئەوانەی بەکۆیلە کراون.

٦. رەفتاری دەوڵەتی ئیسلامی: تاوانی شەڕ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی.

٧. کۆباس و راسپاردەکان.

لەبەر ئەوەی راپۆرتەکە زۆر بە تێر و تەسەلی نووسراوەتەوە، ئێمە لە گوڵان پوختەیەکی لێ بڵاو دەکەینەوە.

### ● پاکیزەکانی کوردی ئێزیدی:
### لێکیان جیاکردینەوە و هەتکیان کردین

لەبەر ئەوەی رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە، ئەوەی بەرامبەر یەکێك لەو ژن و کچانە کراوە، بەرامبەر ئەوانی دیکەش هەمان رەفتار کراوە، بۆیە راپۆرتەکە لە هەر بەشێکدا لێدوانی چەند کچ و ژنی ئێزیدی بڵاو کردۆتەوە:

ئاروای تەمەن ١٥ ساڵ کە لە سەرەتای مانگی ئاب لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شنگال خۆی و دایکی و خوشکەکانی لەگەڵ ٦٢ کچ و ژن و منداڵی خزم و کەسوکاری و سەدان کچ و ژنی دیکەی ئێزیدی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستگیرکراون، براونەتە سووریا و پاشان وەك کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و بەمجۆرە بۆ رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی قسەی کردووە:

«یەکەمجار ئێمەیان برد بۆ سووریا بۆ شوێنێك لە نزیکی حسەکە، لەوێ لە ناو خانوویەکدا لەگەڵ ژمارەیەك کچی دیکە بەندیان کردین، پاش ١٠ رۆژ، بۆ ماوەی دوو رۆژ گرووپێك لە ئێمەیان گواستەوە بۆ موسڵ لە عێراق، دوای ئەوە من و خوشکەکەم و لەگەڵ ژمارەیەك لە ئامۆزاکانم بردیانین بۆ بێجی، هەروەها چوار خوشکم و دوو لە ئامۆزاکانمیان برد بۆ سووریا، لە بێجی ئێمەیان لە دوو شوێنی جیاواز هێشتەوە و پاش سێ رۆژ من و ئامۆزا تەمەن ١٣ ساڵەکەمیان برد بۆ رامبوسی نزیکی شنگال، دایکم و خوشکێشمیان برد بۆ گوندێکی دیکە کە تا ئێستاش لەگەڵ خزمەکانمان هەر لەوێن. لە رامبوسی لە خانوویەکیان داناین لەگەڵ پێنج کچی دیکە، لەوێ کچەکان لێیان دەپرسیم: چییان لێکردووم؟ ئایا هەتك کراوم؟ ئامۆزاکەم دەیویست لەوێ بمێنێتەوە و هەر لەوێ شوو بکات، بەڵام دواتر وازی لەو بیرکردنەوەیە هێنا و لەگەڵ من بەرنامەمان دارشت رابکەین، یەکێك لە کچەکانی نێو ئەو خانووەی ئێمەی تێدا بوو، دەیگووت: من هەتك نەکراوم، بەڵام گومان هەبوو لەوەی راست بکات، چونکە هەموویان هەتك کرابوون، ئەو پیاوانەی ئێمەیان هەتکرد، هەموویان عەرەبی عێراقی بوون، ئەوان هەرەشەی ئەوەیان لێدەکرین ئەگەر ئێمە خۆمان بکوژین، ئەوان هەموو کەسوکارمان کە لەلایەن کۆیلە بوون، دەیکوژن».

لە راپۆرتەکەدا چیرۆکی رەندەی تەمەن ١٦ساڵیش بڵاو کراوەتەوە، رەندە و دایك و باوکی و خوشك و براکانی لە رۆژی ٣ی ئاب لە گوندێکی خوار شنگال کەوتبوونە دەستی تیرۆریستانی داعش و ئەو یەکێکە لەو سەدان کچە فرۆشراوانە و کراوە بە دیاری بۆ پیاوێك کە ناوی (سەلوان)ە و تەمەنی زۆر لەخۆی گەورەتر بووە. رەندە بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی دەگێرێتەوە:

«منیان برد بۆ موسڵ، بە درێژایی ئەو ماوەیە دەستبەسەر بووم، سەرەتا منیان بردە شوێنێك کە پێیان دەگوت: (مقەر) واتە بارەگایەکی تیرۆریستانی داعش، ئێمە لەو شوێنە نزیکەی ١٥٠ کچ و پێنج ژن بووین، لەو مقەرە پیاوێك کە ناوی سەلوان بوو، من و ئامۆزا تەمەن ١٣ ساڵەکەمی بردە ماڵێکی شپرێو، لەو ماڵە پەلاماری دام، من خۆم بەدەستەوە نەدا، زۆری لێدام و ملم بریندار بوو، بۆیە نەمتوانی لە ژێر دەستی دەرباز بم، بەڵام نەیتوانی هیچ لە ئامۆزاکەم بکات و نەیوست بە زۆر ئەویش هەتك بکات، دوای ئەوە بەرنامەمان دانا و رامانکرد، دوای ئەوە سەردانی دکتۆرم کرد، دکتۆر گوتی دووگیان نەبوویت و هیچ نەخۆشیەکت نییە، بەڵام ناتوانم قەت ئەوەم لەبیر بچێتەوە کە تیرۆریستانی داعش بەسەریان هێنام، ئەوەی بەسەر من و خێزانەکەمیان هێناوە زۆر ئازاربەخشە، داعش هەموو ژیانی ئێمەی تێکدا، دایکم لەو کاتە منداڵی بوو کە کۆیلە بوو لەبەر دەستی داعش لە تەلەعفەر، ئێستا لە موسڵ کۆیلەکراوە لەگەڵ خوشکە بچووکەم و کۆرپە تازە لە دایکبووەکەی، براکەم کە تەمەنی ١٠ ساڵە لە دایکمیان جیاکردۆتەوە ئێستا لای پوورمە لە تەلەعفەر، من نازانم ئەوان چییان بەسەرهاتووە، نازانم جارێکی دیکە دەیانبینمەوە، یان نە؟»


چیرۆکی ئەو دوو پاکیزەیە (ئاروا و رەندە)، دووسەد چیرۆکی هاوشێوەی دیکەیە کە تیمی رێکخراوی نێودەوڵەتی لە ٢٠٠ ئافرەتی دیکەی بیستووە، ئەویش چیرۆکی وەحشیگەری و رەفتاری نامەردانەی تیرۆریستانی داعشە کە لەگەڵ کچ و ژنە کۆیلەکانی کورد کردوویانە. ئەو دوو سەد چیرۆکە هەر یەکەیان، چیرۆکی سەدان و هەزاران کچی کوردی ئێزیدییە کە ئێستا لە جوگرافیای دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریا و عێراق پەرتکراون و هەر رۆژەی بە جۆرێك کەرامەتیان پێشێل و هەتك دەکرێت.

خاتوو ئەلیسا کە لەگەڵ منداڵەکانی توانیویەتی هەڵبێت و لەچنگی تیرۆریستانی داعش رزگاریان بێت، ئێستا لە هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەشێکی زۆر لە خزم و نزیکەکانی ئێستا لە بەردەستی داعش بوونەتە کۆیلە. ئەلیسا لە مانگی نۆڤەمبەر بە تیمەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی راگەیاندووە، بەمدواییە هەواڵی کچە برازاکەی کە تەمەنی ١٦ ساڵە زانیوە و باسی ئەوەی کردووە کە هەموویان کراون بە کۆیلە و بە پووری

**تیرۆریستانی داعش بەرهەمی کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیەن کە قەومییەتی شۆڤێنی بەرامبەر نەتەوەی کورد بەرهەم هێناوە**

**ئەوانەی بە وەحشیگەریی داعش لە دژی کورد سەرسامن، زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە بتوانین لەگەڵیاندا بژین**

**دانیشتووانی موسڵ و تەلەعفەر و تکریت ئەم دیاردەیە قبووڵ دەکەن و رێز لەو پیاوانە دەگرن کە بازرگانن و کچان و ژنانی ئێزیدییان کریوەتەوە**



هەندێک لەو کچانەی لە ماوەی کۆیلەبوونیان لای تیرۆریستانی داعش دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر، باسی ناکەن، هۆکاری شاردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری ئایینی ئێزیدی کە شووکردن بە کەسێک لەدەرەوەی ئایینی ئێزیدی و سێکس لە دەرەوەی هاوسەرگیری قبووڵ ناکرێت

ئەو تیرۆریستە بەمنی گوت: کە گەڕاینەوە بە دیاری دەتبەم بۆ ئەمیر، لەوێش کۆمەڵێک کچی دیکەی لێبوو کە بەدیاری برابوون بۆ ئەمیر، بۆیە بەرنامەمان داناو توانیمان هەڵبێین

ئەو پیاوانەی ئێمەیان هەتکرد، هەموویان عەرەبی عێراقی بوون، ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرین ئەگەر ئێمە خۆمان بکوژین ئەوان هەموو کەسوکارمان کە لەلایان کۆیلە بوون دەیکوژن

گوتـــووە: هەموو کچ و ژنەکان یان بە زۆر مارە کراون، یان هەتك کراون.

ئەگەر بە تەنیا ســـەرنج لە قســـەکانی ئاروا بدەین، ئەوا بە راشـــکاوانە ئەو پەیامە دەخوێنینەوە هەموو ئەو عەرەبە ســـوننانەی دوای داعش کەتوون و خیانەتیان لـــەو پێکەوەژیانەی نێـــوان کورد و عـــەرەب کردووە، ئەوانەن کە بەو جۆرە کەرامەتی نەتەوەییمان دەشکێنن، ئاروا راشـــکاوانە بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕاگەیاندووە، هەموویان عەرەبـــی عێراقی بوون، دیارە ئاروا کە خەڵکی شـــنگالە زمانی عەرەبی بە ئاستێك دەزانێت کە بە ئاسانی شێوازەکانی نەك نێوانی عەرەبی عێراق و سووریا، بەڵکو شـــێوە زارەکانی نێو عێراقیش جیادەکاتەوە.

**● جیلان خۆی کوشت پێش ئەوەی سەمای پێبکەن و هەتکی بکەن**

باوکـــی جیلان لەمانگـــی ئەیلوول بـــە ڕێکخراوی لێبوردنـــی نێودەوڵەتی ڕاگەیاندووە کە پێش دوو هەفتە هەواڵی ئەوەی بۆ هاتووە جیلانی کچی خۆی کوشتووە، ئـــەم هەواڵە لە مانگی نۆڤەمبەر ئـــەو کۆمەڵە کچە پشتڕاستیان کردۆتەوە کە توانیویانە پاشتر رابکەن، یەکێك لـــەو کچانە کە ناوی لونایە بەمجۆرە ئەم ڕووداوەی بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی پشتڕاست کردۆتەوە:

« ئێمـــە ٢١ کچ بووین، دووان لە کچەکان تەمەنیان لە نێوان ١٠-١٢ ســـاڵاندا بوو، ڕۆژێکیان هاتن جلیان داینێ وەك جلی ڕاقیسە وابوو، پێیانوتین: بچن خۆتان بشـــۆن و ئەو جلانە لەبەر بکەن، جیلان کچێکی جوان بوو، ئەو دەیزانی کە دوای خۆشووشـــتن و لەبەرکردنی ئەو جلانە هەتکی دەکەن، بۆیە کە چووە ناو حەمامەکە لـــەوێ وایەری دیواری حەمامەکـــەی لێکردبووە و بە وایەرەکە خۆی کوشت».

هەر لەســـەر ئەم بەسەرهاتە دوو کچی دیکەش کە شـــاهیدحاڵی ئەو ڕووداوە بوون، یەکێکیان تەمەنی ١٧ و ئەوی دیکەشـــیان تەمەن ١٠ ســـاڵە زانیارییەکانی لونایان پشتڕاســـت کردۆتەوە. لەمەش زیاتر ڕاپۆرتەکە چیرۆکـــی کچێکی دیکەی کـــوردی ئێزیدی تۆمار کردووە، چیرۆکی ئەوەیان چیرۆکی بڕیارداني هەڵاتن، یان خۆکوشـــتن بووە و بەمجۆرە گێڕاویەتەوە: «لەبەر چاوی خۆم هەر ســـێ خوشـــکەکەم کە تەمەنیان ١٣ و ١٥ و ١٨ ســـاڵ بـــوون، بردیانـــن و هەتکیان کردن، بۆیە بیرم کردەوە خۆم بکـــوژم، لەبەر ئەوەی بەرگەی ئەوەم نەدەگرت کە دەمبینی، دەترسام منیش وەك ئەوان هەتك بکەن، ئامۆزاکەم تەمەنی ١٠ ساڵ بوو، ئەویش لەگەڵ من بوو، بۆیە بەرنامەمان دانا و هەڵاتین، دوو خوشـــکە هەرزەکارەکەم کە تەمەنیان ١٣ و ١٥ ســـاڵە، جارێـــك تەلەفۆنیان بۆ باوکم کردووە و پێیانوتووە ئەوان لە موســـڵن و بەزۆر مارەکراون، بەڵام هیچ هەواڵێکی خوشکە تەمەن ١٨ ساڵییەکەم نییە، بۆیە نازانین ماوە، یان مردووە».

**● تاوانبارانی ئەم تاوانە تەنها داعش نین**

ئەو دیمەنانەی لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی زیاتر ئازاری هەر تاکێکی کوردستان دەدات، ئەوەیە کە ئەو تاوانە نامرۆڤانە و نامەردانەیەی بەرامبەر کەرامەتی نەتەوەیمان کراوە، تەنها تیرۆریستانی داعش تێیدا بەشدار نەبوون، بەڵکو وەك ئەو ڕاپۆرتە ڕاستگۆیانە دیمەنەکانی تۆمار کردووە، کەسوکاری تیرۆریستانی داعشیش لەو تاوانانە بەشدار بوون، لەبەر ئەوەی ئەو عەرەبانەی سەدان ساڵە لەگەڵ کوردانی ئێزیدی پێکەوە دەژین و ئاگاداری مێژووی پێکەوەژیانی کـــورد و عەرەبن، بەوە ڕازیبوون کە دەیان هەزار کچ و ژنـــی ئێزیدی بکرێنە گرووپی ٤-٦ کەسی و لە نێو خەلافەتەکەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش هاتوچۆیان پێبکرێت، ڕازیبوون کچەکانمان بکڕن و بیانکەنـــە ژنی خۆیان و بۆ ئەم کارەشـــیان ئایەتی قورئـــان و فەرموودەکانی پێغەمبـــەر (د.خ) بکەن بە پاکانە بۆیان، لەمەش خراپتر دانیشـــتووانی موسڵ و تەلعەفەر و تکریت ئەم دیاردەیە قبووڵ دەکەن و ڕێز لەو پیاوانە دەگرن کە بازرگانن و کچان و ژنانی ئێزیدییان کڕیوەتەوە.

ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەپێی ئەو ڕاستییانەی ئەو کچ و ژنانەی لە دۆزەخی داعش هەڵاتوون، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، ئەو پیاوانەی بەشداربوون لە هەتکردن و سووکایەتی پێکردن بە ژنان و کچانی ئێزیدی، عەرەبە سوننەکانی سووریا و عێراقن و لەگەڵ هەندێك لەو کڕیارانەی کچ و ژنەکانیان کڕیوە. ڕاپۆرتەکە بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی قسەی ئەو پاکیزانە قسەی لەگەڵ دانیشتووانی تەلەعفەر و موسڵ کردووە، ئەوان زۆر بێباکانە بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییان ڕاگەیاندووە: بەڵێ لە تەلەعفەر و موســـڵ ئەو حاڵەتە هەیە کە عەرەبـــەکان کچان و ژنانی ئێزیدییان کڕیبێت و پاش ئەوەی ئایینەکەیان پێگۆڕیون و لەسەر شەرعی خوا مارەیان کردوون و ئێستا ژنی ئەو پیاوانەن، لەمەش زیاتر ئەو پیاوانە بەخێویان دەکەن و مامەڵەشـــیان زۆر باشـــە لەگەڵ ئەو کچ و ژنانـــە و پیاوەکانیش پیاوی بەڕێز و ماقووڵن لە ناو کۆمەڵگە!

ئەگەر سەرنج لە قسەی خەڵکی ئاسایی تەلەعفەر و موسڵ بدەین، ئەوان خۆیان بە شانازییەوە شەرعییەتی ئەو کارە نەك هەر بە تیرۆریستانی داعش دەدەن، بەڵکو

**دوو خوشکە هەرزەکارەکەم کە تەمەنیان ١٣ و ١٥ ساڵە، جارێک تەلەفۆنیان بۆ باوکم کردووە و پێیانوتووە ئەوان لە موسڵن و بەزۆر مارەکراون، بەڵام هیچ هەواڵێکی خوشکە تەمەن ١٨ ساڵییەکەم نییە، بۆیە نازانین ماوە، یان مردووە**

**دایکم لەو کاتە منداڵی بوو کە کۆیلە بوو لەبەر دەستی داعش لە تەلەعفەر، ئێستا لەگەڵ خوشکە بچووکەکەم و کۆرپە تازە لەدایکبووەکەی لە موسڵ بەکۆیلە کراون**

خۆشیان کچان و ژنانی ئێزیدی وەك شمەك دەکڕن و لە خۆیانی مارە دەکەن و لەمەش زیاتر بە قوڕئان و فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د.خ) شەرعییەتی پێدەدەن! لەسەر ئەم پرسە ڕاپۆرتەکە وتەی یەکێك لە پاکیزەکانی دیکەی کوردی ئێزیدی بە ناوی (فەوزیە)ی تەمەن ١٨ ساڵ بڵاوکردۆتەوە کە بەمجۆرە باسی کردووە:

«لە ١٠ ڕۆژی یەکەمدا ئێمەیان لە خانوویەکدا دەستبەسەر کردو لەو ماوەیە گێچەڵی سێکسییان پێنەدەگێڕاین، خواردنیان بۆ دەهێناین و بە تەنیا بووین، دواتر پێیانوتین هەر یەك لە ئێوە یەکێك لە تیرۆریستانی داعش هەڵبژێرن و مێردیان پێبکەن، هەتا ئەو کاتە ئێمە کە زیاتر لە ١٠٠ کچ بووین، هەموو پێکەوە بووین، دوای ئەو ١٠ ڕۆژە ئینجا ئێمەیان دابەشکرد بۆ گرووپ، هەر گروپێك شەش کچ و هەر گرووپێکیان بردە ماڵێك لە ڕامبوسی، لەو خانووەی من لێی بووم هەر کچێکیان دایە تیرۆریستێکی داعش، تیرۆریستەکانی داعش تەمەنیان لە نێوان ٣٠-٤٠ ساڵ بوو، کچەکانیش تەمەنیان لە نێوان ١٥-٢٠ ساڵ بوو، ئەو پیاوەی وەك ژنی خۆی منی برد، تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، هەر وەك ژنی خۆیشی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەگەڵم نووست، پاشان منی بردە موسڵ بۆ ماڵەکەی خۆی و منی بردە ژوورێك بۆ لای ژنەکەی پێشتری، دایك و باوکی ئەم تیرۆریستەش هەر لە ماڵەکەدا بوون، ئەوان هەقیان بەسەر کوڕەکەیانەوە نەبوو، بەڵام پێیانگوتم: ئەگەر ئایینەکەت نەگۆڕی بۆ ئیسلام، ئەوە تۆ ناتوانی ژنی کوڕەکەمان بیت و دەبێت بتفرۆشێت. پاشان من و ژنەکەی و منداڵەکانی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ڕامبووسی و ئەو تیرۆریستە بەمنی گوت: کە گەڕاینەوە بە دیاری دەتبەم بۆ ئەمیر، لەوێش کۆمەڵێك کچی دیکەی لێبوو کە بەدیاری برابوون بۆ ئەمیر، بۆیە بەرنامەمان داناو توانیمان هەڵبێین».

ئەم قسانە پێمان دەڵێت، تیرۆریستانی داعش بەرهەمی کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیەن کە قەومییەتی شۆڤێنی بەرامبەر نەتەوەی کورد بەرهەم هێناوە، بۆیە ئەوانەی بە وەحشیگەریی داعش لە دژی کورد سەرسامن، زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە بتوانین لەگەڵیاندا بژین.

## ● ترس و تۆقاندن وەك چەکێك

لە ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ ئامۆژگای برۆکینگز لقی دۆحە کۆڕێکی بۆ چوار پسپۆڕ و ئەکادیمی بە ناونیشانی: (سووریا و عێراق: ئاسۆی ئایندەی جیهادیزم Syria and Iraq: The Future Prospects of Jihadism) گرێدا، کۆڕەکەش بە عەرەبی و ئینگلیزی بەم ناوونیشانە لە یوتوب دانراوە، هەروەها ئەوانەی لەم کۆڕەشدا بەشداربوون بەشی هەرە زۆریان ئەو ئەکادیمییانەی عەرەب بوون، ئەم کۆڕە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ لە کەناڵی ئەلجەزیرە بۆ هەموو جیهان پەخشکراوە، لە خولەکی ٦٨ یەکێك لە ئەکادیمییەکانی عەرەب باسی لەوە کرد کە چەند ڕۆژێکە لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە و ڕەخنەی لەوەش گرت کە پرسی تیرۆریستانی داعش و خەلافەتە ئیسلامییەکەی زۆر گەورە کراوە و داعش لایەنی خراپی نییە، بەڵکو کاری زۆر باشیشی کردووە، ئەو کارە باشانەشی بریتین لە:

١. داعش توانی پڕۆژەی دەوڵەتی کوردستان تێکبدات.

٢. داعش توانی پڕۆژەی هیلالی شیعی ڕابگرێت.

٣. داعش لە ڕۆژی ١٢ی ئاب ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکەی سەربڕی، ئەوەش وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەمریکا بووە کە لە ٨ی ئاب هێرشە ئاسمانییەکانی دەستپێکردووە.

٤. هەتا ئێستاش داعش هێندەی عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر خەڵکی نەکوشتووە.

دیارە ئەم کۆڕە ئەکادیمییە ئاست بەرزە کە ئامۆژگای برۆکینگز سەرپەرشتی دەکات، هێمایە نەك بۆ بیرکردنەوەی خەڵکی ئاسایی عەرەب، بەڵکو هیمایە بۆ ڕەگ و ڕیشەی شۆڤێنی عەرەبی و ئەو ژینگەیەی ئەو گوتارە شۆڤێنییەی بەرهەم هێناوە. تیرۆریستانی داعش لە خۆڕا نییە شانازی بە سەربڕین و بەکۆیلەکردن و هەتکردن و کڕین و فرۆشتنی کچانی کوردی ئێزیدییەوە دەکەن، سەدامیش بەبێ بنەما کچانی ئەنفالکراوی کوردی نەفرۆشتووە، بۆیە وەك لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەوڵدراوە ئەم لایەنە شیکار بکرێت، ڕاپۆرتەکە موناقەشەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لەسەر ئەم پرسە کراوە، هەست دەکەین عەرەبە ئەکادیمیستەکان لە کۆڕەکەی دۆحە چۆن قسەیان کردووە، تیرۆریستانی داعشیش هەمان قسەیان لە بڵاوکراوەکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، داعش بەمجۆرە تەفسیری مامەڵەی وەحشییانەی لەگەڵ کوردی ئێزیدی کردووە:

«جیاواز لە جوولەکە و کریستیان، لە ئیسلامدا جزیە ئێزدی ناگرێتەوە، (واتە جزیە بدەن و لەسەر ئایینی خۆیان بن)، هەروەها دەبێت ژنەکانیشیان بکرێن بە کۆیلە دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێن، بۆیە بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەو ژنان و کچانەی ئێزیدییەکان دوای ئەوەی پێنجیەکی لێ جیادەکرێتەوە بۆ خەلیفەی موسڵمانان،



ئەوا ئەوانی دیکە بەسەر ئەو چەکدارانە دابەش دەکرێن کە بەشدارییان کردووە لە گرتنی شنگال و ئەو شوێنانە، لەمەش زیاتر بەکۆیلەکردنی ژنی کافرەکان مامەڵە لەگەڵ کردنیان وەك سەبایە، ئەمە تەئکید کردنەوەیە لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام.»

ئەگەر سەرنج بدەین و قسەکانی بڵاوکراوەکەی داعش بەراورد بکەین بەو قسەیەی ئەکادیمیستێکی عەرەب کە چەند هەفتەیەك پێش ئێستا بە ئینگلیزی و عەرەبی بۆ هەموو جیهان بڵاوکراوە، هێشتا قسەکەی داعش ماقووڵترە بەرامبەر بە کورد وەك لە قسەی ئەو ئەکادیمستە عەرەبە، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە لەو کۆڕەدا کە زیاتر لە ١٠٠ ئەکادیمی عەرەب بەشداری بوون، یەکێکیان رەخنەیان لە قسەکەی ئەو دکتۆرە عەرەبە نەگرت.

**● چۆن ئەو کچ و ژنە دیلانە دووبارە قەرەبوو دەکرێنەوە؟**

لایەنێکی دیکەی راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، باسکردنە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئەو کچ و ژنانەی کە لە دوای راکردنیان لە دۆزەخی داعش، دووچاری کۆمەڵێك گرفت بوونەتەوە و ئەگەر هاوکاری نەکرێن، زەحمەتە بەرگەی بگرن. سەبارەت بەم لایەنە راپۆرتەکە بەمجۆرە باسی لەو کارەساتە کردووە کە بەسەر کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی هاتووە:

١. ئەو کچ و ژنانەی هەڵاتوون، دیارە پێشتر کەسوکاریشیان دەست داعش کەتوون، بۆیە ئەوان کە هاتوون، دایك و خوشك و کەس و کارەکانیان هەر لەبەر دەستی داعش کۆیلەن.

٢. راپۆرتەکە لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بە لێدوانێکی بابەشێخ (میری ئێزیدییان) داوە بەوەی لە ئابی ٢٠١٤ گوتوویەتی ئەوانەی بەزۆر کراون بە ئیسلام و ئەو کچ و ژنانەی بە کۆیلەکراون و دەستدرێژیی سێکسییان لەگەڵ کراوە، ئەوانە هەموویان پێشوازییان لێدەکەین و دێنەوە ناو کۆمەڵگەی خۆمان و چاودێرییان دەکەین، هەروەها ئەو پیاوانەی ئێزیدیش کە کچان و ژنانی خزم و کەسوکاریان بە کۆیلەکراون لەلایەن داعشەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ میدیاکان کردووە، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، وێڕای ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجانەی کە لە ماوەی کۆیلە بوونیان چەشتوویانە، بەڵام پاشەڕۆژی ئەو کچ و ژنانەیان فەوتاند، لەبەر ئەوەی ئەوان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە هەتك کراون و ناتوانن هاوسەرگیری بکەن.

**بەرنامەمان دانا و رامانکرد، دوای ئەوە سەردانی دکتۆرم کرد، دکتۆر گوتی دووگیان نەبوویت و هیچ نەخۆشیەکت نییە، بەڵام ناتوانم قەت ئەوەم لەبیر بچێتەوە کە تیرۆریستانی داعش بەسەریان هێنام**



**٣.** هەندێـــك لەو كچانەی لە ماوەی كۆیلەبوونیان لای تیرۆریســـتانی داعش دەستدرێژی سێكسیان كراوەتە سەر، بەڵام باسی ناكەن و دەڵێن دەستدرێژی نەكراوەتە سەرمان، هۆكاری شـــاردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ كەلتووری ئایینی ئێزیدی كە شووكردن بە كەسێك لەدەرەوەی ئایینی ئێزیدی و ســـێكس لە دەرەوەی هاوســـەرگیری قبـــووڵ ناكرێت، لەلایەكی دیكە ئەو كچانە كەســـوكارە نزیكەكانیان ئێستا لای داعش كۆیلەن، بۆیە كەسێكی نزیك شك نابەن، هەتا بۆی باس بكەن.

**٤.** راپۆرتەكە بۆ پیشانـــــدانی ئەو كارەساتەی بەسەر ژنـــــان و كچانی ئێزیدی هاتووە، ئاماژەی بەوە كردووە بارودۆخی ئەوان ئێســـتا (بارودۆخی Catch-22 Situation)ـە، كە ئەم حاڵەتەش ناونیشانی رۆمانێكی جۆزیف هیلەرە كە لە ســـاڵی ١٩٥٢ لەســـەر بارودۆخی ساڵانی ١٩٤٢- ١٩٤٤ی جەنگـــی دووەمی جیهانی نووســـراوە. نووســـەرانی ئەم راپۆراتە بۆ ئـــەوەی گەورەیی قەبارەی ئەم كارەســـاتە بۆ جیهان بخەنەڕوو، ئەو ناونیشـــانەیان بۆ هەڵبـــژاردووە و خەڵكی رۆژئـــاواش بێگومان بەو رۆمانە ئاشـــنان، یان دەتوانن ئەو رۆمانـــە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن ئەوەی ١٩٤٢-١٩٤٤ بەســـەر هەمـــوو مرۆڤایەتی هات، ئێستا ئەو كارەساتە گەورەیە بەسەر كوردی ئێزیدی دووبارە بۆتەوە.

### ● داعش بەردەوامە لە ئەنجامدانی تاوانی شەڕ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی

رەفتارە وەحشـــیگەرییەكانی تیرۆریستانی داعش تەنها تاوانی شـــەڕ نین، بەڵكو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیشـــن، هەربۆیە ئەگەر داعش بە یاســـای شـــەڕ قسەی لەگەڵ بكرێت، ئەوا هەموو تاوانەكانی جەنگی ئەنجامداوە، بەپێی ئەو یاسایەش دەبێت هەر كەسێك ئەو تاوانەی ئەنجامدابێت، دەبێت دادگایی بكرێت، بە یاســـای مرۆڤایەتیش (IHL) مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، ئـــەوا هەموو تاوانەكانی دژە مرۆڤایەتی وەك هەتكـــردن، بەكارهێنانـــی توندوتیژیی

**جیلان كچێكی جوان بوو، ئەو دەیزانی كە دوای خۆشووشتن و لەبەركردنی ئەو جلانە هەتكی دەكەن، بۆیە كە چووە ناو حەمامەكە لەوێ وایەری دیواری حەمامەكەی لێكردبووەوەو بە وایەرەكە خۆی كوشت**



سێکسی وەك چەكێك لە شـــەڕەكەدا بەكارهێناوە، ئەمانە جگـــە لەوەی وەك تاوانی جەنـــگ و تاوانی مرۆڤایەتی حیساب دەكرێت، لە هەمانكاتدا وەك كارێكی سیستماتیك بۆ ئەنجامدانی جینۆساید لە قەڵەم دەدرێت.

● **كۆباس و راسپاردەكان**

لـــە كۆتاییدا راپۆرتەكە ئاماژەی بـــەوە كردووە وێڕای ئەوەی رەفتارەكانی داعش لەســـەر ئاستی جیهان زۆر بە فراوانی ســـەركۆنە دەكرێت، بەڵام وەك دیارە تیرۆریستان نییەتی ئەوەیان نییە كۆتایی بە تاوانكاری بهێنن و لەسەر تاوانی مرۆیی و تاوانی شەڕ بەردەوامن.

ئـــەو ئافرەتە قوربانییانەی كە لە ژێر دەســـتی داعش هەڵاتوون و هەموویان دەستدرێژی سێكسییان كراوەتە سەر، بە ئاســـتێك رەفتاری دڕندانەیان بەرامبەر كراوە كە زمان ناتوانێت باســـی بكات، لەمەش زیاتر ئەم راســـپاردانەی لەسەر ئەو ژن و كچە ئێزیدییانە بڵاو كردۆتەوە:

١. حكومەتی هەرێمی كوردســـتان و ئاژانسی نەتەوە یەكگرتـــووەكان و رێكخـــراوە مرۆییەكان بـــە تەنگیانەوە چوون و لە شـــوێنێكدا دایناون، بەڵام دەبێت دابینكردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو قوربانییانە بە ئاســـتی پێویســـت بێت، هەروەها شوێنەكەشـــیان دەبێت لە رووی جوگرافی و داراییەوە ماقووڵ بێت.

٢. ئەو قوربانییانە پێویســـتیان بـــە كات و بە دووبارە ئامادەكردنـــەوە هەیە، دەبێت هەتا دەگەنەوە ئەو ئاســـتە بەردەوام بە زانیاری تازە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت .

٣. دەبێـــت خزمەتگـــوزاری تەندروســـتی و دەروونی و كۆمەڵایەتییـــان بۆ دابین بكرێـــت، هەروەها دەبێت بەو زمانە بەردەوام قسەیان لەگەڵ بكرێت كە خۆیان بە باشی تێیدەگەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی باری ئاڵۆزی دەروونیان بەرەو ئارامی بچێت. هەروەها پێویســـتە ئەو قوربانییانە و ئەوانەی دیكەش كە لە دۆزەخی داعش هەڵدێن و دەگەنە ئەو ناوچانە پشـــكنینی تەواوی تەندروستییان بۆ بكرێت، بەتایبەتی پشكنینی ڤایرۆسی ئایدز(HIV).

**ئەو عەرەبانەی سەدان ساڵە لەگەڵ كوردانی ئێزیدی پێكەوە دەژین و ئاگاداری مێژووی پێكەوەژیانی كورد و عەرەبن، بەوە رازیبوون كە دەیان هەزار كچ و ژنی ئێزیدی بكرێنە گرووپی ٤-٦ كەسی و لە نێو خەلافەتەكەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش هاتوچۆیان پێبكرێت**





# کوردی ئێزدی و کریستیانەکان سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شنگال و دەوروبەری بەگەڕانەوەی خاک و کەرامەت دادەنێن

**ئێزدییەکان داوا لە سەرۆک بارزانی دەکەن ئەوانەی دەستیان لە قەتلوعامکردنی کوردی ئێزدی هەبووە، بەسزای خۆیان بگەیەنێت**

**کریستیانەکان نوێژو نزا بۆ پاراستنی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە دەکەن**

گوڵان- شێخان

دوای ئەوەی لەماوەیەکی زۆر کەمدا هێزی پێشمەرگە توانی گەمارۆی سەر چیای شـــنگال بشکێنێت و رەبیعەو زومارو ســـنوونێ و بەشی هەرە زۆری شاری شنگال لەدەست داعش رزگار کرا؛ کوردی ئێزدی بە ڕێزەوە دەڕواننە ئەو سەرکەوتنانەو پێیان وایە ئەو دەستکەوتانەی لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە بەدیهـــات جوانتریـــن، دیاریی بوو کە لـــە رۆژانی جەژنی ئێزدی لەلایەن سەرۆك بارزانی یەوە پێشکەشیان کرا، هەربۆیە ئێزدییەکان سوپاسگوزاری خۆیان ئاڕاستەی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە کرد. کریستیانەکانیش هاوشێوەی ئێزدییەکان دوای ئەوەی ســـەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ستراتیژییەتی شەڕەکەی گۆڕی، چاوەڕوانن لە جەژنی کریســـمس و هاتنی یادەکانی ســـەری ســـاڵی نوێ ناوچەکانی ئەوانیش لەدەشتی نەینەوا رزگاری بێت، ئەوان لە کەنیســـەکان دوعـــاو نزا دەکەن و لە خودا دەپاڕێنەوە سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی کوردستان بپارێزێت و خودا سەبووری بەکەسوکاری شەهیدانیش بدات.

تیمـــی گۆڤاری گـــوڵان ســـەردانی قەزای شـــێخان و پەرستگای لالشـــی کردوو لەنزیکەوە گوێبستی ئێزدییەکان بوون کە هەموویان خۆیانیان بە پێشـــمەرگە دادەناو سوپاسی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەیان کرد کە لەسەر دەستی ئەوان زۆربـــەی زۆری ناوچەکانیان ئازاد کرا، زەینۆ ئیســـماعیل ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ســـاڵی خەڵکی شـــنگالە کە بەهۆی هێرشـــەکانی داعش و قەتڵوعامکردنی شـــنگالیەکان رووی لە شـــێخان کردووەو لەناو بینایەکـــی تەواو نەکراودا، خۆی و خێزانەکەی نیشـــتەجێن بەمشێوەیە باســـی لەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگە کرد (سەرکەوتنی پێشمەرگە بۆ ئێمە گەڕانەوەی کەرامەت و مافی ئێزدییەکان و سزادانی ئەو تاوانبارانەیە کە کچ و ئافرەتەکانیان ڕفاندوین، ئێمە بە رزگارکردنی شـــنگال و سنوونێ زۆر دڵخۆشـــین هەرچەندە بەهۆی شەهیدبوونی پێشـــمەرگەوە نەمانتوانی شـــایی و جەژن بکەین، بەڵام لە ناخماندا بە هۆی ڕزگارکردنی ناوچەکانمانەوە، جەژنەکەمان بـــوو بـــە دوو جەژن)هەروەها ســـەبارەت بـــە قوربانیەکانی پێشـــمەرگەو هەوڵەکانی ســـەرۆك بارزانی بۆ رزگارکردنی تەواویـــی ناوچەکانی ئێزدی خەلەف خێـــرۆ وتی (پاش دوو رۆژ لەرزگارکردنـــی شـــنگال خۆم پـــێ رانەگیراو چوومە چیای شـــنگال و مەزاری شەرەفەدین، لەنزیکەوە قارەمانێتی پێشـــمەرگەکانی کوردستانم بینی دەستی یەکە یەکەیان ماچ دەکەم، چوونی جەنابی ســـەرۆك بارزانی بۆ چیای شنگال و رزگارکردنـــی زیاتر لە ١١ هەزار هاووڵاتی ئێزدی مانایەکی زۆر گەورەی لەلای ئێمەی ئێزدیـــی هەیە) ئەم هاووڵاتییە داوای لە ســـەرۆك بارزانی کرد بە هاوشێوەی نەبەردیەکانی ئازادکردنی دەڤەری شنگال، بەڕێزیان داوا لەو شێخە عەرەبانە بکات کە خەڵکەکانیان دەســـتیان لە قەتڵوعامکردنی کوردی ئێزدی هەبـــووە تاوەکو بێسەروشـــوێنەکانیان بۆ بگەڕێننەوە، ســـەبارەت بەقەتڵوعامکردنی ئێزدی و فڕاندنی کچەکانیان، کرێت بادۆ کە پیاوێکی کوردی ئێزدی بە تەمەنە، بەدەنگێکی بەرزەوە هـــاواری کردو وتی:(ئێمە هەموومان پێشـــمەرگەین و بە رزگارکردنی شـــنگال کەرامەتمان بـــۆ گەڕایەوەو داوا لـــە جەنابی بارزانـــی دەکەم لە فڕاندنی کـــچ و ژنە کوردە ئێزدییەکان و دەستدرێژیکردنە سەر ناموسمان خۆش نەبێت و ئەوانەی دەســـتیان لەم قەتڵوعامەکەدا هەبووە سزا بدرێن) ئەم هاووڵاتیە ئێزدییە ئەو زانیاریانەی پشتڕاســـت کردەوە کە باس لە فڕاندنی ژمارەیەکی زۆری کچ و ئافرەتانی ئێزدی دەکات لەلایەن چەکدارە توندڕەوە ئیسلامیەکانی عەرەبی سونەوە، لەم رووەوە وتی:( پێش ئەوەی لە شنگال لەسەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکان داعش بشکێت، ژمارەیەکی زۆری کچ و ئافرەت و منداڵی ئێزدی گواستراونەتەوە ناو شاری موسڵ و ناحیەکانی تەلعەفەرو شاری رەقەی سوریا، لەنزیکەوە هەواڵمان بەدەست گەیشـــتووە کە مامەڵەی زۆر خراپ و نامرۆڤانەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوە ئەرکی هۆزە عەرەبە سوننەکانە، کە کچ و ژن و منداڵە دیلەکانمان بۆ بگەڕێننەوە).

بەمشـــێوەیە ژمارەیەکی زۆری کـــوردی ئێزدی داوایان لەســـەرۆك بارزانی کرد، هەروەکو چۆن شـــکاندنی داعشی لەدەڤەری شـــنگال بەدیاری بۆ هێنان، هەرواش داوا لەهۆزە عەرەبەکان بکات دیلەکانیان لەلای داعش ئازاد بکەن، هەروەها ئیســـماعیل سلێمان و فەرمان حوســـێن کە خەڵکی گوندی ئەلقەســـفنە ئومێدیان خواســـت گوندەکەیانیش بەهاوشێوەی ناوچەکانی تر رزگار بکرێت و هێزی پێشـــمەرگە لەو سنوورە دابنرێت.

لەمیانـــەی بەســـەرکردنەوەکەماندا لە شـــێخان و ناحیەی عەنـــکاوە ســـەردانی کریســـتیانەکانمان کـــرد، کـــە دوای داگیرکردنی شـــاری موسڵ و ناوچەکانیان لەدەشتی نەینەوا روویان لەهەرێمی کوردســـتان کـــردووەو ژمارەیەکی زۆریان لە ناحیەی شـــێخان و عەنکاوە نیشـــتەجێبوون، ئەوان وێڕای دڵخۆشییان بەســـەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەخودا دەپاڕێنەوە ئەو ســـەرکەوتنانە پیـــرۆز بکات و لەجەژنـــی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و کریسمس و یادەکانی سەری ساڵی نوێدا، نوێژو دوعاشـــیان بۆ شەهیدان و قوربانیەکان کرد، لەم رووەوە خاتوو لەیلا کە کریســـتیانێکی خەڵکی موســـڵە وتی( ئێمە زۆر دڵخۆشین بە تێکشکاندنی ئەو دڕندانە، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ئومێدکی بەخشییە تەواوی پێکهاتەی کریستیانەکان دوای ئەوەی جگە لەکوردســـتان لەتەواوی شـــاری موسڵ و دەشـــتی نەینەوا لە لایەن گرووپە تونـــدڕەوە تەکفیریەکانەوە دەربەدەر کراین) جۆرج وەردەش پیرۆزبایی ســـەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی کردوو هیوای خواست مەینەتیەکانی کریستیانەکان و تەواوی ئایین و ئاینزاکانـــی عێراق کۆتایی بێ بهێنرێت، ئەو کریســـتیانە پاراستنی کریســـتیانەکانی لەلایەن سەرۆك بارزانی و پێشـــمەرگەوە بەشـــانازییەکی گەورە وەسف کرد. ژمارەیەکی زۆری کریســـتیانەکانی ناو بینایەکی تەواونەکراو لەبەرامبەر کەنیســـەی عەنکاوە کە بە گرنگیەوە دەیانڕوانیە سەرکەوتنەکانی پێشـــمەرگەو لەدەستپێکی قسەکانیان داوایان لە ڤاتیکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ســـوپای عێراق کرد، هاوکاری پێشمەرگە بکەن تاوەکو بتوانێت بەهاوشێوەی شنگال ناحیەکانی باشـــیك و قەرەقۆش و تەلکێف و شـــاری موسڵ رزگار بکەن.

**ئافرەتێکی ئێزدی لەشێخان: رزگارکردنی شنگال و سنوونێ زۆر دڵخۆشی کردین، هەرچەندە بەهۆی شەهیدبوونی پۆلێ پێشمەرگەوە نەمانتوانی شایی و جەژن بکەین، بەڵام لە ناخماندا بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانمان جەژنەکەمان بووە بە دوو جەژن**



**بابە شێخ خرتۆ مەرجەعی ئاینی گشتی ئێزیدی بۆ (گوڵان):**

# سەرۆکی کوردستان بەڵێنەکەی بۆ ئێزیدیان بەجێ هێناو هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرا

**سەبارەت بەرزگارکردنی شنگال و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو گیانفیدایی ڕۆڵەکانی کوردستان لەبەرگریکردن لە کوردو ئاین و ئاینزاکان بابە شێخ خرتۆ مەرجەعی ئاینی گشتیی ئێزدی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان وتی:** (ئێمە وەکو کوردی ئێزدی بەو پلان و هەوڵانەی سەرۆك بارزانی سەرۆکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر دڵخۆشین کە شنگال و سنوورەکەی لە دەست تیرۆرستانی داعش رزگار کرد، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد بەم نزیکانە شوێنەکانی ئێزیدی ئازاد بکرێت و لەدەست چەکدارانی داعش پاکبکرێتەوە، بەتایبەتی شنگال کە بۆ ئێزدیەکان پیرۆزەو شوێنی دێرینی مێژووییمانە، جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان سۆزیدابوو کە شەخسی خۆی بەشداری لە رزگارکردنی شنگال دەکات و دەچێتە سەر چیای شنگال، ئەوەبوو بە پلانێکی تۆکمەو وردو زانستی بە کەمترین قوربانی بە پاڵپشتی تەنیا هێزی پێشمەرگە شنگال و زۆربەی سنوورەکە پاککرایەوە، بەڵێنەکەی بۆ ئێزیدیان جێبەجێ کردو چووە سەر چیای شنگال و سەردانی مەزاری شەرەفەدینیشی کرد، کە لەلای ئێمە زیاتر خۆشەویستی کرد، ئەمەش هەڵوێستێکی بوێرانەو جوامێرانەی بەردەوامی بارزانییەو، مێژوو ئەم سەرکەوتنە بۆ سەرکردەیەکی سەرکەوتوو و پێشمەرگە ئازاکانی دەنووسێتەوە، هەر ئەمەشم لە سەرۆکی کوردستان چاوەڕوان دەکرد، من وەکو مەرجەعی گشتیی ئێزیدی رێزو خۆشەویستیم بۆ سەرۆکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هەیە، ئەمڕۆ هەموو ئێزیدیەك پێشمەرگەیەو رێزی بۆ فیداکاریی و شەهیدبوونی رۆڵەکانی کوردستان هەیە، سەرۆکی کوردستان هەموو کات خۆی بە پێشمەرگە زانیوە بۆ پاراستنی خاك و خەڵکی کوردستان تەنانەت پێشمەرگایەتی لەلای ئەو لەهەموو پۆست و پلەو پایەیەك پیرۆزتر بووە. داواکاریشم لەجەنابی بارزانی بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە جارێکی تر کارەساتی وا دڵتەزێن بەخۆیەوە نەبینێت و دوژمنان چاوی تەماعی تێنەبڕن هێزێکی پێشمەرگەی بەتواناو پڕ چەك لەسنوورەکە جێگیر بکات و سەنگەرو سنوورەکان تووند بکرێت، هەروەها داوا لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم قەرەبووی ئەو زیانە زۆرەی ئێزیدی و ناوچەکەیان بکرێتەوە، پێمان خۆشە لەدوای رزگارکردنی تەواوی سنوورەکە و گەڕانەوەی خەڵکەکەی شنگال و تەواوی دەڤەری ئێزدیەکان ئاوەدان بکرێتەوە و ئیدارەیەکی سەربەخۆی سەر بەکوردستان بۆ شنگال دانرێت. لەم کارەساتەدا بۆمان دەرکەوت کە خەڵکی کوردستان و سەرۆك و پێشمەرگەکانیان چەند دڵسۆزی ئێزدین، کە سەرەڕای نەهامەتی و بێ توانایی و خراپی بژێوی ژیانیان توانیان پێشوازی لەو ژمارە زۆرەی ئاوارە بکەن، ئەم هەڵوێستەش بە بەرزو گرنگ دەزانین).




**ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما** سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمز لە ئەلقوش بۆ ( گوڵان):

# نوێژو نزا دەکەین بۆ پاراستنی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە، ئەوان بەرگرییان لەهەموو مرۆڤایەتی کرد

**سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی بەشی هەرە زۆری شنگال و چاوەڕوانی کریستیانەکان بۆ رزگارکردنی قەرەقۆش و بەرتللەو تلکێف و گوندەکانی دەشتی نەینەوا؛ ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمز لە ئەلقوش لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان وتی:** (کریستیانەکان کاتێك جەژنەکانی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح و سەری ساڵی نوێ دەکەنەوە زۆر دڵخۆشن بە رزگارکردنی شنگال و زومارو رەبیعە لە ژێر دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، ئەمە بەهەنگاوێکی بوێری هێزی پێشمەرگە دادەنێن کە سەرۆك بارزانی سەرکردایەتی دەکات، هەربۆیە لەسەری ساڵی نوێ، نوێژو نزا دەکەین بۆ سەرکەوتنی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە بەسەر دڕندەترین هێزی شەڕانگێز کە بەهەموو توندڕەویی و دڵڕەقیەکەوە پەلاماری کوردستان و ئاین و ئاینزاکانی دا و کریستیانەکانیان لەشاری موسڵ و دەشتی نەینەوا دەربەدەر کردوو ئێستا لەناو کەمپ و ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ئاوارە بوون، خەڵکی کوردستان و سەرۆکەکەی دووبارە سەلماندیانەوە کە ئەوان بەقەد بەرزی چیاکان خاوەن هەڵوێست و مرۆڤدۆستن و رێز لە کریستیان و کوردستانیەکان دەگرن، لەهەرێمی کوردستان جیاوازی لەنێوان کریستیان و موسڵمان و ئێزدییەك ناکرێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو هێرش و دەربەدەرەی و تاوانە قێزەونانەیە کە کریستیانەکان لەناوەڕاست و خواروی عێراق و پارێزگای نەینەوا رووبەڕووی دەبنەوە. ئێمە دڵمان لەگەڵ مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و پێشمەرگەدایە و دڵخۆشین پێیان هەربۆیە ئینشائەڵڵا خودا دەیانپارێزێت، چونکە ئەوان نەك تەنیا بەرگری لە کوردو کوردستان دەکەن بەڵکو بەرگریی لەهەموو مرۆڤایەتی و جیهان دەکەن. کاتێك گوێبیستی سەرکەوتنەکانی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە بووم لە شنگال ئەو بەڵێنەی مسعود بارزانیم بیر کەوتەوە کاتێك لە دهۆك پێش مانگێك لەمەوبەر چاوی بەژمارەیەك لە پیاوانی ئایینی کریستیان کەوت، منیش ئەو شەرەفەم پێدرا کە لەنزیکەوە لەوێ ئامادەبم و گوێم لەبەڵێنی سەرۆکی کوردستان بوو کاتێك فەرمووی ((شنگال ئازاد دەکەین و هاوبەشی خەم و مەینەتیەکانی کوردی ئێزدی و کریستیان و هەموو نەتەوەو ئاینزاکانی ترم کە لەسەر دەستی چەکدارانی داعش رووبەڕووی قەتڵوعام و دەربەدەری هاتوون..)) ئەوەبوو بەڕێزیان بەڵێنەکەی جێبەجێ کردو بە پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەوە دڕندەترین هێزی وەحشیگەریی ئەم سەردەمەی تێکشکاند، لەکاتێکدا داعشەکان بە تازەترین چەکی ئەمەریکی کە دەستیان کەوتووە لەفیرقەکانی عێراق شەڕ دەکەن و تیرۆریستی هەموو جیهان هاوکارییان دەکات، بەڵام ورەو گیانفیدایی رۆڵەکانی کوردستان و خوێنی شەهیدان هێزی تاریکی تێکشکاند، لەخودا دەپاڕێینەوە ساڵی نوێ بکاتە ساڵی خێرو بەرەکەت بەسەر کوردستانداو سەرۆك و خەڵکەکەی بپارێزێت و شەهیدانیش پاداشت بکات و سەبووری بەخێزانی شەهیدان بدات).

# ڕۆشنبیری جیهانیی و ڕۆشنبیری جیهانگیریی



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەو جیاوازییەی هەندێك كەس لە نێوان ئەم دوو چەمكەی جیهانیی و جیهانگیریی پێی گەیشتون، ڕەنگە لێرەدا دادمان نەدات، چونكە جیهانگیریی بە خۆی دەمانپێكێت و بە ئامانجمان دەكات، بەڵام سەبارەت بە جیهانیی ئەوە خۆمانین مەبەستمانە لێی تا بە ئامانجی بكەین، وەك ئاشكرایە پێویستە هەر لە دەسپێكەوە بڕیاربدەین لەسەر زەحمەتیەكانی پەیوەست بە دۆزی جیهانیی mo-dialite، سەرچاوەی ئەمەشمان لەم بارەیەوە بریتیە لە فرەیی چەمكە كارپێكراوەكان، وێڕای ئەو دوو زاراوەیەی لە ناونیشانەكەدا ئاماژەی پێدراوە، دوو چەمكی تری وەك گەردوونی universal،و هەسارەیی planetaireهەن، وێڕای خودی چەمكی جیهان..

بە پێچەوانەی دیدو ڕوانینی میتا فیزیكییەوە كە فیكرێكی هەمووەكی سەرتاسەری بەسەر ماوە مێژووییەكان و جیاوازییە كەلتووریەكاندا دەسەپێنێت، لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی كە گەردوونیی، مێژوویەكی درێژی هەیە، بۆ یەكەمین جار لە مێژوودا فیكریش بەهۆی سەروەرێتی تەكنیكەوە بۆتە فیكرێكی هەسارەیی، ئەمەش نەك بە پێی گریمانەی گەردوونییانەی میتا فیزیكی، بەڵكو بەهۆی ئەو گۆڕانكارییەی كە مۆرك و چەمكی ئەنتۆلۆژیای گۆڕیوە، دواتر ئەویش بە هۆی گشتگیری و سەرتاپاگیریی تەكنیكەوەیە، ئیتر بەو شێوەیەو بە پێی ئەمە چەمكی جیهان پێكاوە.


ئەوەی وای لە جیهانی ئەمڕۆ كردووە ببێتە گوندێكی بچكۆلە، هەر ئەوەشە مۆدێلەكانی پەرەپێدان و دیزاینەكان و پلانەكانی بڵاوكردۆتەوەو كەرەسەكانی پێكەوەڕۆیی و بەسەركردنەوەی هەموو كایەو كێڵگەكان لە لایەن ڕاگەیاندنەكانەوەو چەسپاندنی تێگەیشتنێكی تازەی دەربارەی زەمەن خستۆتەكار، هەموو ئەمانە تایبەتمەند نییە بە تەنیا بۆ ناوچەیەك لە ناوچەكانی دنیادا،هەسارەییبوون یان كەوكەبی ناسنامەیەكی دیاریكراوی نییە، بەڵكو ئەمڕۆ ئەو خۆی هەموو ناسنامەیەك دەستنیشان دەكاتەوە، لەم ڕووەوە چوونە بن هەنگڵی هەسارەیی بوون، لەدایك بوونی بڕیارێكی ئیرادەگەریی وا نییە كە زاتێكی سایكۆلۆژی یان ڕۆشنبیری بڕیاردەربێت لەسەری، بەڵكو قەدەرێكی مێژووییە، مرۆڤی ئەم سەردەمە فڕێدەداتە ناو گەردوونەوە، بە ڕۆشنبیری ناو گەردوونیەت خۆیەوە..

ئایا چ شتێك دەمێنێتەوە، بەم حاڵەتەوە مانایەك بۆ چەمكی جیهانیی كە لە چەمكی گەردوونیی جودای بكاتەوە؟ دەسپێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوەیە وتەزایەكی كارپێكراو بۆ ئەم چەمكە لە لای گۆتە بخوازین، كە بریتیە لە كۆمەڵێك ژانری ئەدەبیاتی ڕابردوو لەگەڵ ژانری ئەدەبیاتی هەنوكەیی، كە لە ڕێی ڕوانینێكی ئینكلسكۆپیدیاییەوە دەتوانرێت بهێنرێنەوە بەر باس، بەوە دڵی ئاو ناخواتەوە جەخت بكاتەوە لەسەر ئەوەی بڵێت (ئەدەبی نەتەوەیی) هێندە ئامێزی كراوەیە دەتوانێت (ئەدەبە بێگانەكان) لە ئامێز بگرێت، هەروەها بەو واتایەش نایەتەوە كە مەبەستی لە ئەو شاكارە كۆسمۆپۆلۆژیا مەزنانە بێت كە توانیویانە باڵانمابن بۆ ئاستی پلۆرالیزەیی و هەمووەكی و بوویێتنە كەلەپوورێكی هاوچەرخانەی مرۆڤایەتی، ئەدەبی جیهانی لێتێگەیشتنێكی مێژوویی هەیە كە گرنگی بە باری وێستای سەردەمەكە دەدات، بە شێوەیەك كە دیالەكتیكەكەی وەهایە هەموو چەشنە ئەدەبیاتە نەتەوەییەكان لە خۆ بگرێت، سەردەمی ئەدەبی جیهانی تەنیا بەوەوە ناوەستێت كە ئەدەبیاتەكان كاریگەرییان بۆ سەر یەكتر هەبێت و بەس، بەڵكو هەبوونی خۆیان بە

**جیهانیی سەرپەرشتی فرەییبوون دەكات، جیهانگیری تایبەتمەندێتی ناهێڵێت و لە ناوی دەبات، لە كاتێكدا تایبەتمەندێتی لە ناو ڕۆشنبیری جیهانیدا بە شێوەیەك درك پێدەكرێت بەوەی تێكەڵاویەكی بێ كۆتاییە**

شـــێوەیەك درك پێ دەكەن لـــەو چوارچێوەیەدا كە وەك پرســـێك بۆ خەریك بوون بـــە زیادكردنـــەوە، ئەمە ئەو سەردەمەیە كە تایبەتمەندی بەو شێوەیە هەست پێدەكرێت وەك ئەوەی بریتی بێت لە دەرچوون و كرانەوە.
كەواتە ئەم تێگەیشـــتنە قورسایی چەمكەكانی تایبەت بە زات و ئەویدی لە خۆیدا دەگرێت، هەروەها بیردۆزی ناسنامەو جیاوازیش، كە بە هۆیانەوە دەرچوونی ناسنامە لە زاتی خۆی دەبێتە پێكهاتەیەكی بنەڕەتی بۆ ناسنامە، دركپێكردنـــی بە زاتی خـــۆی دەبێتـــە درككردنێكی وەرچەرخاوانـــەی بە هەلومەرج، بە پێی كاریگەرییە بێ سنوورەكەی بەویدیەوە.
لەم ئاڕاستەیەوە سەردەمی جیهانیی ئەو سەردەمەیە كە تەنیـــا بەوە تێر نابێت كە ڕۆشـــنبیرییەكان كاریگەرییان لەســـەر یەكتر هەبێت، بەڵكو درك بە هەبوون و ئاگایی خۆیـــان دەكـــەن لە چوارچێـــوەی دەوڵەمەنـــد كردن و خەریكبوونیان و زیادبوونیان بە سەریەكترەوە، سەردەمێكە ڕۆشنبیری هەست بە خۆی دەكات بەوەی بریتی بێت لە دەرچوون لە زاتی خۆی.
ئەم دەرچوونە ناوازەیە بەوە دەناسرێتەوە كە ئەویدی بهێنێتە دەرەوە، ئەویدیەك كە ڕۆشنبیری لەبەردەمیدا دەسەوسانە، ئینجا وەك تایبەتمەندییەك دەتوێتەوەو شـــیدەبێتەوە بەو شێوەیەی كە لە ناو لەپی هۆیەكانی ڕاگەیاندن بێت، لەم بارەیەوە كۆندێرا دەنووسێت ((مادام هۆیەكانی ڕاگەیاندن بوونەتە هۆكارێك بۆ یەكخستنی مێژووی گۆی زەوی، كرداری پرۆســـەی چڕكردنەوەو تەكنیكەكانی گەورەتر دەكەنـــەوە، لـــە جیهانێكدا پەخـــش و بڵاودەكەنەوە، كە هەمووی سادەكردنەوەیە بەســـەر خۆیدا، ئەو دەستەواژە ئامادانە بڵاودەكەنەوە كە لە لایەن زۆرترین خەڵكەوە قبوڵ دەكرێن، یان لە لایەن هەمووانەوە، لە لایەن جەمســـەری هەموو مرۆڤایەتیەوە، بە پێی ئەمە زۆر گرنگ نابێت جیاوازیی لـــە بەرژەوەندییە سیاســـیەكانی ناو هەموو هۆیەكانی ڕاگەیاندن بەرجەستە ببنەوە، لە پشتەوەی ئەم جیاوازییە سادەو ساكارو ڕووكەشانەوە ڕۆحی هاوبەشیكردن باڵ دەكێشـــێت بەســـەریدا، بۆ وەرگر بەسە كە ڕۆژانە چاوبخشێنێت بە ڕۆژنامە ئەمەریكی و ئەورووپیەكان، لە چەپەكانیەوە تا ڕاســـترەوەكانیان، لە ڕۆژنامەی تایمەوە تا ڕۆژنامەی شـــپیگڵ، تا ئەو وەرگرە خۆی ببینێتەوە لە ناو ئەو ڕوانینەی كە ئەمیش هەمان دیدی هەیە بۆ ئەو ژیانەی ڕەنگدەداتەوە لە ڕێكخســـتنەوەی خۆیدا بە پێی هەمان پێڕست، لە هەمان گۆشەی گۆڤارەكەوە، لە هەمان ستایلی ڕۆژنامەنووسیەوە، لە هەمان فەرهەنگی زمانەوانیەوە، لە هەمان شـــێوازو چێژی هونەرییەوە، لە هەمان ڕیزبەندییەكەوە كە پێی گرنگ بێت یان پێی بێ بایەخ بێت، ئەم ڕۆحیەتە هاوبەشـــە لە نێوان هۆیەكانی ڕاگەیاندنی لاوەكی لە پشت هەمەجۆرێتی سیاسییەوە، بریتیە لە ڕۆحی سەردەمەكەمان)).
كەواتە ســـەردەمەكەمان دوو ڕۆشـــنبیری ڕایدەكێشن:
ڕۆشنبیرییەك كە بەرەو یەكبوونی دەبەن و هانمان دەدات هەمان خۆراكی ئـــەو دەرخواردی خۆمان بدەین، هەمان وێنەی تێدا ببینینەوە، بە هەمان هەســـتەوە كاریگەربین پێیەوە، ڕۆشـــنبیرییەكە دیاردەی هاوشـــێوە دەخاتەڕوو، چێژی هاوكوف، هەســـت و هەڵچوونـــی هاوجۆر، لە بەرانبەریشـــدا ڕۆشـــنبیریەكی تر هەیە كـــە بەهۆی هاوبارگەبوون و تێكەڵاوی نێـــوان تایبەتمەندییەكانەوە ئۆرگینالێـــی بوون وەدیدێنێت، بۆ ئەوەی پشـــكدارێتی جیهانیـــی بكات، وا لە تایبەتمەندیـــەكان دەكات ببێتە فرەیی.
لە كاتێكدا ڕۆشنبیری جیهانگیریی بە شێوەیەك دیاری دەكرێت كە پێوەندییەكانی هێـــز تێیدا جڵەوی مۆدێلێك بگرن كە بەهاو شێوازو زمانی خۆی فەرز بكات، بەهاو نرخی ڕەوایەتـــی بوونی تەنیا لە ڕێـــی ئەم مۆدێلەوە وەربگرێت، كەچی ڕۆشـــنبیری جیهانیی وا لە هەموو ڕۆشنبیرییەك دەكات كە لە چوارچێوەی خەریك بوون بە زیادكردنەوە كاریگەرێتی هەبێت، جیهانگیری دەكەوێتە بن كلێشـــەی میكانیزمێكی یەكخســـتووی دیاریكراو، بەڵام جیهانیی سەرپەرشـــتی فرەییبـــوون دەكات، جیهانگیـــری تایبەتمەندێتی ناهێڵێت و لە ناوی دەبات، لە كاتێكدا تایبەتمەندێتی لە نـــاو ڕۆشـــنبیری جیهانیدا بـــە شـــێوەیەك درك پێدەكرێت بـــەوەی تێكەڵاوەیەكـــی بـــێ كۆتاییە، ئەمە وا ناگەیەنێت كە ڕۆشنبیری جیهانیی ناژی گەر لە باوەشی پێوەندییەكانی هێزدا نەبێـــت، بەڵام لـــە هەردووكیاندا هەمان جیـــاوازی و هاوگونجان لە پێوەندیدا تێیاندا كارگوزارن، هەروەها بە شێوەیەكی تریش لە كاردان كاتێ دەكەونە بن كلێشـــەی چەشنایەتیەكەوە كە قابیل بە یەكلاكردنەوەن Nivellement، هاوكات هەموو جۆرە جیاوازییەكیش لە خۆ بەدوور دەگرن..

ئەدەبی جیهانی لێتێگەیشتنێكی مێژوویی هەیە كە گرنگی بە باری وێستای سەردەمەكە دەدات، بە شێوەیەک كە دیالەكتیكەكەی وەهایە هەموو چەشنە ئەدەبیاتە نەتەوەییەكان لە خۆ بگرێت



* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانكۆی ڕیبات